# بڕەو

گۆڤارێکی بواری پەرەپێدانی مرۆیی گشتییە
ژمارە (6) تەمووزی 2012





٢


٥


١٠


١٤


١٦



٢٣


٣٢


٤٢


٤٨



**ڕاوێژکاران**
شـەماڵ مـوفـتـی    د.کەریم ئەحمەد
د.سادق عەزیز خۆشناو    د. ئەحمەد وەرتی

**خاوەنی ئیمتیاز**
نەوزاد سەلام خۆشناو
٠٧٥٠٤٥٣٢٢٢٤
khoshnaw_n@yahoo.com

**سەرنوسەر**
یاسین ئەحمەد زەنگەنە
٠٧٥٠٤٣٣٨٥٨٧ - ٠٧٧٠١٤٨٨٩٦٢
yaseenzangana@yahoo.com

**بەڕێوەبەری نوسین**
عەلی ئیبراهیم حەسەن
٠٧٥٠٤٦٥٩١٧٢
alizhin@yahoo.com

**دەستەی نوسەران**
ئومێد مستەفا
ئیحسان برهان الدین
ئەمیر ئەحمەد کۆیی
amir_koy@yahoo.com

**بەشی ریکلام**
٠٧٥٠٤٢٠٠٦٥٦

**تایپیست**
هاوڕێ یاسین

دیزاین گۆڤاری بڕیار


ناردنی بابەت و پەیوەندییەکان لەرێگای سەرنوسەرەوە دەبێت .

نرخی 2500 دینارە


هەولێر- شەقامی ئیسکان
بەرامبەر ڕاین مۆڵ



## دەستپێك

سەرنووسەر

# برەو و هەنگاوی نوێ!

گۆڤاری برەو وەك پێداویستیەكی بابەتی هاتە مەیدانەوە تا بتوانێت كەلێنێك پڕبكاتەوە لە بواری گەشەپێدانی مرۆیی بە زمانی شیرینی دایك، خزمەتێك بەهەوادارانی ئەم بوارە بكات و رۆشنبیری گەشەپێدانی مرۆیی بڵاوكاتەوەو خوێنەرانی پێ ئاشنابكات.

برەو هەر جارەی بە چەپێكێك بابەتی رەنگاو رەنگ لە بواری كارگێڕی وئابوری، پلاندانان، پەروەردەی تاك و خێزان، چیرۆكی سەركەوتوان، تواناسازی، سەركەوتن، بەختەوەری ....هتد.

هاتۆتە خزمەتی خوێنەرانی، ئەمەو هەوڵمانداوە جۆرێك لە هاوسەنگی رابگرین لە نێوان بابەت وتەوەرەكاندا، تا گۆڤارەكە بەشی هەموو كەسێكی تێدا بێت گەر بەئەندازەیەكی كەمیش بێت.

هەر لە م سۆنگەوە و لە دەرچوونی ژمارە (٠) ی ئەزموونیەوە تا ئەم ژمارەیە بەردەوام دڵسۆزان و خوێنەران و هاوڕێیانی برەو بە هەردوو رەگەزەوە هاندەر و پاڵپشتی باشمان بوون، پەیتا پەیتا هانیان داوین ودەستخۆشیان لێ كردووین بەنامە، بە تەلەفون، بە ئیمەیڵ، ... هتد، هەستی خۆیان دەربڕیوە و پێشنیاز و تێبینی جوان و شایستەیان بۆ ناردووین و ئێمەش لێی بەهرەمەند بووین.

هەر لەسەرەتاوە ویستومانە بایەخ بەقەڵەمی تازەی لاوان بدەین و هانیان بدەین و هاوكاریان بین لە بواری نوسین و وەرگێڕان بۆ ئەم مەبەستە لە هەر ژمارەیەكدا نوسین و بەرهەمی چەند گەنجێكی خوێن گەرم بەهەردوو ڕەگەزەوە بەدی دەكرێت برەویش وەك مینبەرێك ئامێزی بە كردونەتەوە.

لە برەودا بەردەوام خولیای نوێبونەوەو تازەگەرین لەرووی شێوەو ناوەڕۆكەوە، دەمانەوێت هەنگاوی نوێمان بەپێشنیازی دڵسۆزان دەوڵەمەندكەین تاگۆڤارەكە لەئاست خەون وحەزوو پێداویستییەكاندا بێت.

خوێنەرانی زێدە ئازیز هەر وەك دەزانن گۆڤاری برەو لە خۆتانە و بۆ خۆتانە، خواست و داواو وپێشنیازەكانتان سەبارەت بە برگە و بابەت و بەشەكانی گۆڤارەكە بەهەند وەردەگیرێت، بۆیە جارێكی تریش داوا لە بەرێزتان و شارەزایانی بواری گەشەپێدانی مرۆیی دەكەین هەر پێشنیاز و تێبینی و سەرەنجێكیان هەیە، سەبارەت بە هەرتەوەرو بەشێك كە بە پێویستی دەزانن بایەخی پێ بدرێت، یان لەرووی هونەری و دیزاین، ئەوابۆمانی رەوانە بكەن، ئەمە و خوازیارین بەشێوەیەكی بابەتی و زانستی، بۆچونەكانتانمان بۆ بنێرن تا بەهەموانەوە خزمەتی زیاتری ئەم كاروانە پیرۆزە بكەین.

ئەمەو لەم دەستپێكەداحەقی خۆیەتی جارێكی ترسوپاسی هەموو ئەو خوشك و برا نوسەرانە بكەین كە هەر لە سەرەتاوە دڵسۆزانە و خۆبەخشانە بە قەڵەمە رەنگینەكانیان روپەڕی گۆڤارەكەیان نەخشاندوە و هیوای بەردەوام بوونیان بۆ دەخوازین.

هەر شاد و سەركەوتوو بن.



# چۆن توانای پەیوەندییەکانمان پتەوبکەین؟

**وەرگێڕانی بەدەستکارییەوە: شەماڵ موفتی**

باسەکەمان وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

من کێم؟ کەسایەتییەکەم چییە و چۆنە؟ کێ دەمبات بەرێوە؟

کێ بڕیارەکانم دروست ئەکا؟ بۆچی پەیوەندی ئەکەم؟

پەیوەندی چییە؟

ئایا پەیوەندیکردن تەنها قسەکردن و گوێگرتنە؟

بۆ خەڵك پەیوەندی ئەکەن؟

پێنج پێداویستییەکانی پەیوەندیکردن کامانەن؟

کامانەن ئەو چوار پەیامەی کە هەمیشە ئاڵوگۆر دەکرێن لە پەیوەندیکردندا؟

چی بەکار ئەهێنیت لە پەیوەندیکردندا؟

کامانەن سێ شێوازە سەرەکییەکەی پەیوەندیکردن؟

کامانەن بەهرەی پەیوەندیکاری سەرکەوتو، کە پێویستە بیزانین و فێری منداڵەکانمانی بکەین؟

چەند ڕێگە هەیە بۆ لاوازکردنی پەیوەندیکردن (قسەبڕین بەیەك، یەکێکیانە)؟

پەیوەندی کاریگەر چییە؟ پەیامی (ڕێز) R-message

هەر هەڵسوکەوتێکی کەسێك کە کاریگەر بێت لەسەر کەسێکی تر - بە پۆزەتیڤ یان نێگەتیڤ - وشەبێت یان جوڵانەوەی ئەندامێکی لاشە، یان فەرامۆشکردن....... جۆرێکە لە پەیوەندیکردن. پەیوەندی نێگەتیڤ کاردانەوەی چاوەڕوان نەکراوە و دەرئەنجامی خراپی ئەبێ وەك: توڕەبون، ئیرەیی، بوغز، گومان، خەفەت، بریندارکردنی دەرون و شکاندنی کەسایەتی. لێرەدا ئەو کەسە (کارلێکراوە) هەڵدەستێت بە ناردنی مەسیجێك پێی دەوترێت (پەیامی من)، کە بریتییە لە ٢ خاڵ: یەکەم: فلان کەس، کاتێك وەڵامی (تەلەفۆنەکەم/ نامەکەم/ ت نەدایەوەهەستم بە: (بریندار بون/ خەفەت/ دڵتەنگی/ شکاندن/ سوکایەتی/ ئازاردان...هتد)کرد.

دوهەم: ئەمەوێ لێت (وەڵامم بدەیتەوە/ داوای لێبوردنم لێ بکەیت/ ئیشەکەم بۆ بکەیت، تا ئەو ئازارەم نەمێنێ.....هتد)

هەموو کەسێك لە هەوڵی پەیداکردن

و هێشتنەوەی (ڕێزلێگرتنی خۆی) دایە، چونکە پێداویستییەکی مرۆییە.

(پەیوەندیکردنی کاریگەر) دەبێ لەسەر بنەمای (کراوەیی و ڕاستی) دروست ببێ و زۆر گرنگە بزانی بۆچی پەیوەندی ئەکەیت و چی پاڵت پێوە ئەنێ تا پەیوەندی ئەنجام بدەیت، ئەگینا پەیوەندییەکەت کاریگەر نابێت.

منداڵی شیرەخۆرە و گەنج و ژن و پیاوی پیر و گەلان و ئاژەڵ و باڵندە و ماسی و مێرو...هەموو پەیوەندی ئەنجام ئەدەن لەبەر ئەوەی پێویستییان پێیەتی، پاڵنەری ئەو پێداویستییانە بریتین لە:

أ) پاراستنی بوون و ڕێز و کەرامەت.

ب) دەنگی ببیسترێت و ئەوکەسە قبوڵکرێ و نرخی بۆ دابنرێ لە کۆمەڵگادا.

ج) لە پێناوی هەڵسانی بەرامبەر بە کارێك، بە گۆڕانکارییەك چ بە کردن یان نەکردن یان هەڵوێست.

د) وەرگرتن و پێدانی زانیاری.

هـ) خۆ دورخستنەوە لە ناڕەحەتی و بێ تاقەتی.

لێرەدا دەبێ بزانین کە هەندێ لە پەیوەندییەکان هەر لە سەرەتاوە دەپچڕێن چونکە مەبەست و پاڵنەرەکانیان جیاوازن.

## پاڵنەرەکان چوار جۆرن:

١) بەرامبەر تۆ بە کەمتر ئەزانێ لە خۆی!! واتا بە نزم تەماشات ئەکا.

٢) تۆ بەرامبەر بە کەمتر تەماشا ئەکەیت. هەردو ئەم جۆرە کۆمەڵێك بەربەست دادەنێن لە ڕێی پەیوەندیکردندا.

٣) دوا ئاستی ئەم پەیامە (تۆ هەر نیت و بونت نییە!!)

٤) من و تۆ یەکسانین و پێداویستیمان بۆ ڕێزلێگرتن وەك یەکە. کە پەیامێکی وەهات بۆ دێت بێگومان زۆر دڵخۆش دەبیت و گەشبین دەبیت، دەبێتە پاڵنەرێك بۆ پەیوەندیکردنێکی ڕاست و دروست.

سەرچاوە: سایتی پیتر گێرلاچ بۆ وشیاری خۆڕایی
( BREAK THE CYCLE )
http://sfhelp.org/gwc/false_self.htm



# فێربوون کۆتایی نییە

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە:
ئیمان ناصح

کۆتا ڕۆژی تاقیکردنەوەکانی قۆناغی چوارەمی زانکۆیان بوو، لە دوای تێپەڕاندنی تاقی کارییەکان و دەرچونیان، ئیدی بڕوانامەکانیان وەردەگرن و دەڕۆن بەرەو لای تێپەڕاندنی ژیانیانەوە، مامۆستای ئەو وانەیەی کە بڕیار بوو تاقی کردنەوەکەی تێدا ئەنجام بدەن بەرەو هۆڵەکە هات و وتی: ئێوە ئازادن لە بەکارهێنانی کتێب و دەفتەرەکانتان، تەنها پێکەوە قسە کردن و قۆپیە کردن قەدەغەیە.

لەبەرامبەر قسەی مامۆستاکەیاندا تەواوی قوتابییەکان وایان بیردەکردەوە کە دەتوانن دەربچن و نمرەیەکی باش بهێنن لە تاقی کردنەوەکەدا.

لە دوای ئەوەی مامۆستاکە وەرەقەی پرسیارەکانی دابەش کرد، لەناکاو ڕوخساری پڕ دڵخۆشی قوتابییەکان وردە وردە بەرەو ون بوون دەڕۆشت.

ئەوەی قوتابییەکانی توشی سەرسوڕمان کردبوو ئەوە بوو کە هیچ کام لە وەڵامی پرسیارەکان نە لەنێو کتێبەکانیان و نە لەنێو تێبینی دەفتەرەکانیاندا نەبوو.

لە دوای یەك کاتژمێرو نیو مامۆستاکە دەستی کرد بە کۆکردنەوەی وەرەقەی وەڵامەکان، پاشان ڕووی کردە خوێندکارەکانی و پرسی: کەس هەیە لە ئێوە توانیبێتی وەڵامی ڕاستی هەر ٥ پرسیارەکەی دابێتەوە؟

هیچ کام لە خوێندکارەکان وەڵامیان نەدابوەوە

دووبارە پرسی: کەس هەیە وەڵامی دروستی ٤ پرسیاری دابێتەوە؟

دوبارە هیچ کام لە خوێندکارەکان وەڵامیان نەبوو

مامۆستا: ٣ چی؟ ئەی ٢؟

دیسان هیچ وەڵامێکی لە خوێندکارەکانەوە نەبیست

لەبەرامبەر ئەمەدا مامۆستاکە زەردەخەنەیەکی کردو وتی: ئەوەی کە من چاوەڕێم ئەکرد هەر ئەمە بوو، ویستم پێتان نیشان بدەم سەرەڕای وەرگرتنی ٤ ساڵی زانست لە زانکۆ هێشتا زۆر شت هەیە کە نایزانن، لە هەر ڕۆژێکی ژیانی پیشەکەتاندا ڕەنگە تا ئەو ڕۆژەش وەڵامی زۆر شت نەزانن و ڕوبەڕووی کێشەی زۆریش ببنەوە.

لە دوای قسەکانی، مامۆستاکە دانە دانە ڕوخساری خوێندکارەکانی خوێندەوەوە هەربۆیە ویستی ناخیان ئارام بکاتەوە وتی: لەم تاقی کردنەوەدا نمرەی دەرچوون ئەدەم بە هەمووتان، تەنها ئەوەی لە دوای ئەم تاقی کارییانەو دەرچوونتان لە زانکۆ، هیچ کات بیرتان نەچێت کە کاری سەرەکی ئێوە لە دوای ئەمەوە دەست پێ ئەکات.

گەرچی ساڵیش تێپەڕ بکات بەڵام نە قوتابییەکان ئەتوانن کۆتا وانەیان لەبیر بکەن، نە ناوی ئەو مامۆستایەی کە کۆتا وانەی زانکۆ دەستپێکی وانەی ژیانی فێرکردن.



ئا: ئەمیر ئەحمەد عەبدولقادر
Amir_koy@yahoo.com

# 10 چرپە لە هونەری گفتوگۆکردن

خۆشەویستان... بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکانمان بەرهەم دار و سەرکەوتووبین.... و پارێزگاری لە کەشی کۆبوونەوەو دیدارەکان وگفتوگۆکانمان بکەین.... و بۆ ئەوەی بە سوودو کەڵك و بەرهەم لێیان دەربچین، ئەم چەند چرپەیەم بە خێرایی بۆ نووسین، کە لە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی دەرچووە، ئارەزوو مەندە کە لە دڵی ئێوەدا ئارام بگرێت و جێگیر بێت، بۆیە بەسۆزو نەرم و نیانی هەڵس و کەوتی لەگەڵدا بکەن:

**چرپەی یەکەم:** قسە بەوکەسە مەبڕە کە بەرەورووت قسەدەکات، وازی لێ بهێنە با ڕاکانی خۆی بەتەواوی بڵێت و بیانخاتە ڕوو.

**چرپەی دووەم:** هەوڵ بدە سەرجەمی بیر و ڕاکانی وەربگرە تاکو کۆتایی پێش ئەوەی وەڵامیان بدەیتەوە، و هێوربەرەوە پێش ئەوەی گفتوگۆی لە گەڵدا بکەیت.

**چرپەی سێ یەم:** ئامان بە چاوی سوك تەماشای ڕاکانی خەڵکی مەکە،و گرنگی خۆت پیشاندە بەرامبەر قسەکانیان، ئەگەر هاتو باوەڕیشت بە ڕاکانی نەبوو.

**چرپەی چوارەم:** سادە بە لە گفتوگۆکردندا، و بانگەوازی خەڵکی بەو شێوەیەبکە کە تێیدەگەن،و خۆدوربگرە لەلافرتێ و قوڵی لە قسەکانتدا.

**چرپەی پێنجەم:** باشترین قسە ئەوەیە کە کورت بێت،و دووروو درێژ نەبێت، چونکە بەرامبەر تووشی بێتاقەت دەکات،بۆ یە قسەکانت کورت بکەوە، قسەیەك مەکە ئەگەر سوود مەند نەبێت.

**چرپەی شەشەم:** تەنها بە ڕێزو ئەدەب نەبێ گفتوگۆ لەگەڵ خاوەنی زانست و زانیاری و چاکەکاران مەکە،و کاتی گونجاو دەست نیشان بکە بۆ ئەم مەبەستە،کاتیان لێ مەگرە، چونکە ئەوان بەشتی گرینگتر لەمە خەریکن.

**چرپەی حەوتەم:** خۆ بەدوور بگرە لە باسکردنی خەڵك، گفتو گۆی ڕاکانی خۆت بکە بێ ئەوەی بەرپەرچی قسەکەر بدەیتەوە.

**چرپەی هەشتەم:** بە نەرم و نیانی و خۆشەویستی گفتوگۆ لەگەڵ بەرامبەرەکەتدا بکە، و جیاوازی بیر و ڕا وات لێ نەکات کە دڵ ڕەق بێت بەرامبەری، چونکە ئەمە وای لێ دەکات ڕاکانی تۆ قبوڵ بکات.

**چرپەی نۆیەم:** باشترین و جوانترین دەستەواژە بەکاربهێنە، ئامان دەستە واژەی برینداركەر بەکار مەهێنە، ئاگاداری تۆمەت بارکردنی نیازەکان بە.

**چرپەی دەیەم** ئەگەر هەستت کرد گفتوگۆکان بێ بەرهەمن، بێسوودە، و کەسی بەرامبەر دەستی کردبە دەمەقاڵێ کردن و دژایەتی کردن ئەوا خۆت بەدوور بگرە.



# لەئێستادا ستراتیجی شوێن گرتنەوەی هاوردەنیەکان بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان گونجاوترینە گەر باشترین نەبێت*

یونس علی ئەحمەد
مامۆستای زانکۆی سلێمانی

هەر وڵاتێك لە وڵاتانی جیهان خاوەنی هەڵگری سیستمێکی رامیاری وئابووری دیاریکراوە، ئەو جۆری سیستمە شێوازی کارکردن و پلاندانان و بنەمای بایەخدان بە کەرتەئابووریەکان دیاریدەکات.هاوکات دانان وپیادەکردنی هەرپلان وستراتیجێك جیاوازە لە ولاتێکەوە بۆ وڵاتیکی تر، لەیەك ووڵاتیشدا لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر. هەرێمی کوردستان خاوەنی کۆمەلێك تایبەتمەندی ئابووری ورامیارییە کە ژینگەیەکی جیاوازی رەخساندوە بۆ گەشەکردن. ئەم هەرێمە پێویستی بەپیادەکردن و کۆکردنەوەی سەرجەم ستراتیجەکانی تایبەت بەگەشەی پیشەسازیە،بەڵام هەندێك ستراتیج لەکاتی ئێستادا گرنگی وبایەخی زۆر زیاترە لەوانی تر، بۆیە بەرای من لەکاتی ئێستادا بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی ناوخۆیی و دەرەکی هەرێمی کوردستان، بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە ستراتیجی دروستکردن بۆ شوێن گرتنەوەی هاوردەنیەکان پیادە بکات، ئامادەکاری تەواو بکات بۆسەرجەم پێداویستیەکانی ئەم ستراتیجە، چونکە هەموو ستراتیجێك پێویستی بە ئامادەکاری پێش وەخت هەیە.

دەتوانین لەسادەترین شێوەدا پێناسەی ستراتیجی دروستکردن بەمەبەستی شوێنگرتنەوەی هاوردەنیەکان بکەین بەوەی بریتیە لە «کۆمەڵە رِێگا ومیکانیزمێك کە دەگیرێتەبەر بەمەبەستی بەرهەمهێنان و شوێنگرتنەوەی بەشێك لەو شمەك و کاڵا یانەی کەپێشتر هاوردەدەکران، بەتایبەت ئەو هاوردەنیانەی کەبارودۆخی ناوخۆیی لەبارە بۆ بەرهەمهێنانیان». لەراستیدا ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە ئابووری هەرێمی کوردستان پێویستی بە پیادەکردنی ستراتیجەکانی تری گەشەی پیشەسازی نیە، بەڵکو مانای ئەوە دەگەیەنێت گەر ستراتیجی دروستکردن بۆ شوین گرتنەوەی هاوردەنیەکان پیادە بکرێت ئەوا کاریگەری زۆر گرنگ دێنێتەکایەوە، لەگرنگترین پاساوەکانی گونجاوی

ئەم ستراتیجە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان ئەم خاڵانەی خوارەوەیە:

١- هەرێمی کوردستان هەرێمێکی بەکاربەرە زیاتر لەوەی بەرهەمهێن بێت، بۆیە زیاتر لە (٩٠٪) کاڵا و خزمەتگوزاریەکانمان لەدەرەوەی هەرێم هاوردە دەکەین ئەمەش قورساییەکی زۆری خستۆتە سەر تەرازووی بازرگانی هەرێمی کوردستان، تووشی کورتهێنانی کردووە، بەڵام ئەگەر ئەو ستراتیجە بە جوانی جێبەجێ بکرێت ئەوا رێژەی هاوردەنیمان کەم دەکاتەوەو چارەسەری ئەو کورتهێنانە دەکات.

٢- ئەم ستراتیجە رێژەی پاشەکەوتی دراوی گران بەها لەناوخۆ زیاد دەکات چونکە رێگردەبێت لەناردنە دەرەوەی بەشێکی زۆر لەو دراوەی کەپێشتر خەرج دەکرا لەکڕین وهاوردنی کاڵای بیانی، چونکە لەکاتی جێبەجێ کردنی ئەم ستراتیجە دەتوانرێت تارادەیەك پێداویستیەکان خۆبەخۆ دابین بکرێت لە هەندێك کاڵا و شتومەك کەپێشتر هاوردە دەکرا.

٣- پیادەکردنی ئەم ستراتیجە دەبێتەهۆی بەکارهێنانی دەرامەتە سروشتی ودارایـیە ناوخۆیەکان بە باشترین شێوە وەکو بەکارهێنانی دەستی کار بەهۆی رەخساندنی هەلی کارکردن لەئەنجامی پیادەکردنی ئەم ستراتیجە (شوێنگرتنەوەی هاوردەنیەکان)، ئەمەجگەلە بوژاندنەوەی بازارەکان و بەدیهێنانی زیادەی بەرهەم وجوولاندنی سەرجەم کەرتە ئابووریەکان بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

٤- یەکێکی تر لە دەرئەنجام و کاریگەرییەکانی پیادەکردنی ئەم ستراتیجە بوژاندنەوەی ژێرخانی ئابووری هەرێمی کوردستان و گەڕانەوەی متمانەی رێکخراوە نێودەوڵەتیەکانە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان و راکێشانی کۆمپانیا و وەبەرهێنە بیانیەکان بۆ زیادکردنی ئاستی وەبەرهێنانیان لەهەرێمی کوردستان.

٥- ئەم ستراتیجە دەبێتە هۆی بوژاندنەوەی هەندێك ناوچە لەرووی ئابووری وکۆمەڵایەتیەوە، هاوکات دەبێتە هۆی بەشداریکردنی پاشەکەوتکارە بچوکەکان، ئەویش بەهۆی کەمی پێویستی ئەم ستراتیجە بە قەبارەی سەرمایە بە بەراورد لەگەڵ ستراتیجەکانی تر.

٦- لە ئێستادا ئەوەی گرنگی پیادەکردنی ئەم ستراتیجە زیاتر دەکات ئەو ناسەقامگیریە رامیاریەیە کەلە ووڵاتانی دراوسێی هەرێمی کوردستان و ناوخۆی عیراق دروست بووە، چونکە بەردەوام بوونی وە هاقەیرانێك گرفتی هاوردەکردنی شتوو مەکمان بۆ دێنێە پێش، بەڵام پیادەکردنی ئەم ستراتیجە دەسەبەری دابینکردنی بەشێکی باش لە پێداویستیە ناوخۆیەکان دەکات وەتارادیەك پاشکۆیەتی ئابووری هەرێمی کوردستان بۆ ووڵاتانی دراوسێ کەمدە کاتەوە، ئەمە جگە لەدابینکردنی پێداویستیەکان بۆ دانیشتووانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان بەنرخێکی گونجا وە بەکوالێتی یەکی بەرز، سەرئەنجام دەبێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیانی ئەم هەرێمە.

لەکۆتادا دەتوانین بڵێین لەئێستادا ئەم ستراتیجە گەر باشترین نەبێت ئەوا گونجاوترینی ستراتیجەکانە بۆ ئابووری هەرێمی کوردستان، هاوکات سەرکەوتنی ئەم ستراتیجە پێویستی بەبەرێوەبردنێکی باشە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە دانانی پلانیکی گشتگیر بۆ سەرجەم کەرتە ئابووریەکانی هەرێمی کوردستان. وەلەگرنگترین پێویستیەکانی پیادەکردنی ئەم ستراتیجە بریتین لە پیادەکردنی رامیاریەکی دارایی تۆکمە وە ریزبەندی کردن لەبەرهەمهێنانی جۆری کاڵا و خزمەتگوزاریەکان، ئەمە جگە لە دابینکردنی سەرمایەی پێویست.

## لە هەنگاونان بە دووی سەر کەوتندا وەڕەس مەبە!

**رەئوف شوانی**

بۆ ئەوەی ئایندەت گەشاوە بێ
دەبێ لە ئێستادا بژی
بۆ ئەوەی لە ئێستادا بژی
دەبێ رابردوو لە یادکەی
هێشتا سبەینێ نەهاتووە ئیدی
خەمی چی لێ دەخۆی
دڵنیابە ئاسودەبونی سبەینێت
پا بەندە بە جێ بەجێکردنی کاری ئەمرۆتەوە
قوتابی ئەمرۆ دەخوێنی سبەی نمرەی بەرز بە دەست دێنی
ئەوانەی ئەمرۆ لە لوتکە دان
دوێنێ لە هەوڵدانادا بون
کەواتە هیچ سەرکەوتنێك
بێ کۆشش نایەتە بوون
ئێستاش ئەوەی بە دەستت نەهێناوە
دەتوانی بە دەستی بێنی بەو مەرجەی لە هەنگاونان
بە دوای سەرکەوتندا وەڕەس نەبی
تاریکیەکان روناکیت لێ نەشارنەوە
هیچ کاتێك درەنگ نیە بۆ هێنانە دی خەونەکان
هیچ کاتێك خۆت بەکەم مەزانە، چونکە ئەوەی ئێستا
دەیزانی دوێنێ نەتدەزانی کەواتە ئێستا دەتوانی هەوڵبدەی
لە تەماشای پۆشاکی مناڵێکی پۆلی یەکی بنەڕەتیدا
جوانی ژیان ببینە
ئەوانەی لە تێکۆشان وەڕەس نابن، زووتر دەگەنە ئامانج
ئاگاداربە ئەگەر ١٠٠٠ رێگەت تاقی کردووە بێ ئاکام بوی
نەکەی واز بهێنی چونکە دەکرێ لە ١٠٠١ یەکەمین رێگادا
خواستەکەت بێتەدی



# وەسوەسە

د.ڕێدار محەمەد ئەمین
پسپۆڕی نەخۆشیە دەروونیەکان
redar_moh@yahoo.com

وشەی وەسوەسە وەرگێرانێکی هەڵەی وشەی obsessionی ئینگلیزیە، چونکە obsession بەمانای زاڵبوون(الاستحواذ)دێت، لە کاتێکدا وشەی وەسوەسە بە مانای(حدیث النفس)دێت، ئیمەش هەوڵ دەدەین جیاوازیەك لە نێوان ئەم دوو زاراوەیە بکەین، بەو مەبەستەی بتوانین ئەو تەمە بڕەوێنینەوە، کە ئایا وەسوەسە لە شەیتانە یاخود نەخۆشیە؟

لەسەرەتا با باس لەوە بکەین زانست چۆن پێناسەی وەسوەسە دەکات،هەروەك وتمان وەسواسیobsessionبە مانای زاڵبوون دێت،واتە بیرۆکەیەك لەناو مێشکی مرۆڤدایە و بەسەریدا زاڵە.

لە حالەتی ئاساییدا هەموو مرۆڤێك لەکاتێك لەکاتەکاندا بیر لە شتێك دەکاتەوە(ئایا دەرگاکەم پێوەدا)، یان بەشێوەی وێنە دێتە بەرچاوی(وەك دیمەنی سوتانی ژوورەکەی)، یاخود دەیەوێت کارێکی نارێك بکات (وەك هاوارکردن،کوفرکردن لە مزگەوت) ئەمانە هەموی دەکەونە ژێر کۆنترۆڵی مرۆڤ و دەتوانێت هەرکاتێك ویستی لایان بەرێت، ئەوەی مرۆڤێکی تووشبوو بە گرفتی وەسواس لەم حاڵەتە جیادەکاتەوە ئەوەیە، کەوا هەستدەکات ئەم بیرۆکەیە ناومێشکی داگیرکردووە بەسەریدا زاڵە و ناتوانێت وەك مرۆڤێکی ئاسایی هەرکاتێك ویستی لای ببات، زۆر جاران هەستدەکات ئەم بیرۆکە زۆر ناوازەیە و لەگەڵ ڕەوشت وبیروباوەڕی ناگونجێت، هەندێك جاریش هەستدەکات زۆر بێمانایە بۆیە توشی ترس و دڵە ڕاوکێی دەکات، بۆیە دەیەوێت لێی ڕزگاربێت بەڵام ناتوانێت، هەرچەندە ئەو هەوڵی زیاتر دەدات بۆ دەربازبوون لێی، وەسوەسەکە زیاتردەبێت، لێرەدا پێویستە ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەین، ئەویش:کاتێك پرسیار لەهەندێك لەو کەسە وەسواسانە دەکەیت، تا چەند وەسوەسەکە بێزارت دەکات؟ لە وەڵامدا دەڵێت: من گرفتی وەسواسیم نیە، یاخود دەڵێت:من هیچ بێزار نابم! بێگومان لەهەردو حاڵەتدا وەڵامی ئەوکەسە(لە هەست یان نەستەوە بێت)هەوڵێکە بۆ شاردنەوەی گرفتەکەی، ئەویش بەهۆی ئەو پەڵە وشەرمەی بەسەر نەخۆشیە

دەروونیـەکانـەوەیە، بۆیە ئـەو جـۆرە کەسانە کەمتر و درەنگتر چاکدەبنەوە، چونکە تاکە ڕێگا بۆ چاکبوونەوە، بریتیە لە دانپیانان بە نەخۆشیەکە،کەواتە بۆ ئەوەی لەمانای وەسواسی وەك نەخۆشی تێبگەین، دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوەی تێدا بێت.

١ــ کەسەکە وا هەست بکات ئەم بیرۆکەیە خۆی دەئاخنێتە ناو مێشکی و بەسەریدا زاڵبووە، بەبێ ئەوەی خۆی حەزبکات،بەڵام دەزانێت ئەمە تەنها بیرکردنەوەی خۆیەتی نەك کەسێکی دەرەکی.

٢ــ کەسەکە دڵنیایە ئەم بیرۆکەیە بێ مانایە،ناماقوڵە،ڕاست نیە و هی ئەوە نیە گرنگی پێبدات.

٣ــ بە بـەردەوام بـەرگریـکردنی بیرۆکەکە و خۆ بەدەست نەدان.

٤ــ بروا بوون بەوەی ئەم بیرۆکەیە بە سەریدا زاڵبـووەو ناتوانێت چیتر بەرەنگاری بێتەوە،هەرچەند هەوڵی بـەرگـری بـدات بـیـرۆکـەکـە توندتر دەبێت،بۆیە لە بازنەیەکدا دەخولێتەوە.

هەرکەسێك ئەم خاڵانەی سەرەوەی تێدا بەدیهات، ئـەوا بزانێت تووشی وەسوەسە(وەك نەخۆشی بووە) زۆرجاریش گرفتەکە لە قوناغی وەسوەسە تێدەپەڕێت بۆ قۆناغی ناچاری(القهری) کـەوا بریتیە لە ئەنجامدانی کارەکە بەهۆی بیرکردنەوەی زۆر، لەم قۆناغەش مرۆڤەکە بەهۆی ئەنجامدانی کارەکە بۆ ماوەیەکی کاتی هەست بە ئارامی و رزگار بوون لە گرفتەکە دەکات، بەڵام دوای ماوەیەك وەسوەسەکە دێتەوە وتوشی هەمان حاڵەتی دەکاتەوە، بەم شێوەیەش لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەسوڕێتەوە! بۆنموونە:کاتێك هەستدەکات دەستەکانی پیسن، چونکە تەوقەی لەگەڵ یەکێك کردووە دەستی پاکنەبووە! بۆیە بیری ئەوەی بۆدێت تووشی نەخۆشی دەبێت، بـەخۆی دەڵێت ناشتی وانیـە، بەڵام بیرۆکەکە دێتەوە، ئەی ئەگەر نەخۆش کەوتیت؟ برۆ خێراکە دەستت بشۆ، بەم شێوەش ماوەیەکی زۆر هەوڵی بەرگری دەدات، بـەڵام بێهودە دەبێت، بۆیە بە نـاچاری کارەکە ئـەنجامـدەدات، ئیتر هەست بە ئارامیەکی کاتی دەکات، بەڵام وەسوەسەکە لێناگەڕێت ئارام بێتەوە،پێی دەڵـێـت: کـێ دەڵـێـت ئـەم سابوونـەی بەکارت هێنا کاریگەری هەبووا! برۆ بە تاید بیشۆ، بەم شێوەیەش هەرجارەو بەجۆرێك وەسوەکە دێت و کارەکەی پێ دووبارە دەکاتەوە.

ئـــــەوەی لـــــەوەی ســـــەرەوە تێبگات،دەزانێت جیاوازیەکی زۆر لە نێوان وەسوەسەی شەیتان و وەسوەسەی نەخۆش هەیە!چونکە وەسوەسەی شەیتان کاتیە و کۆنترۆڵی بەسەر مێشکی مرۆڤ نیە، تەنها زیکری خودا بەسە بۆ ئەوەی لابچێت، وەك لە فەرموودەی پەیامبەری مەزن (د.خ) هاتووە (الشيطان جاثم على قلب ابن أدم فإن سها وغفل وسوس وإذا ذكر الله خنس) واتە شەیتان لەسەر دڵی نەوەی ئادەم هەڵنیشتوە، ئەگەر یادی خودا بکات، بـزر دەبـێـت(واتـە ئـەگـەری ئـەوە هەیە بێتەوە!) و ئەگەر یادی خودا لەبیربکات وەسوەسەی بۆ دروست دەکات، بێگومان ئـەم وەسـوەسـەیـە مرۆڤیش درووسـتـی دەکات هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت (الذي يوسوس في صدور الناس من الجنة والناس) لێرەشدا دەردەکەوێت،نەك تەنها شەیتان بەڵکو مرۆڤیش وەسوەسە دەکات، بۆ نموونە من پێت دەڵێم: بۆ جامی ئۆتۆمبیلەکەت تـەواو گاڵ نەدا، ئەم ناوچە دزی زۆرە، تۆش دەکەویتە ئەو وەسوەسەی ئایا جامەکەت گاڵداوە یان نە؟ ئەو وەسوەسە ئاساییە و هەموو کەس تووشی دەبێت، تەنانەت بیرمەندی ئیسلام محەمەد عەبدە وەسوەسە دەکاتە دوو بـەش، ئـەو وەسـوەسـەی ئیلهامە و سـەرچـاوەکـەی فریشتەی خـودان و ئەو وەسوەسەی شـەڕە و سەرچاوەکەی شەیتانە! (وائل ابو هندی، ٢٠٠٢، ص ٢٦-٢٩.)بـۆ نموونە کاتێك دەتەوێت بچیتە بازاڕ، بەڵام لە ڕێگادا وەسوەسەی ئەوەت بۆ دێت،ئایا تەباخەکەت کوژاندۆتەوە یان نە، یەکسەر دەگەڕێیتەوە ماڵەوە، جا ئەگەر وەسوەسەکەت لەجێی خۆی بـوو ئـەوا مـاڵـەکـەت لـە سـوتـان رزگـار دەکەیت، ئەگەر واش نەبوو، ئەوا هیچ زیانت پێنەگیشتوە بۆ جاری داهاتوو زیاتر هۆشیار دەبیت(ئەمە وەسوەسەی خـێـرە)،بـەڵام کاتێك دەتـەوێت بچیتە نـوێـژی هەینی و دواکـەوتـوویـی ئەم وەسوەسەت بۆ دێت، ئەوا دەگەڕێیتەوە، ئـەوا وەسـوەسـەی شـەیـتـانـە! بـەڵام زۆرجـاریـش ئێمە ناتوانین ئەمجۆرە وەسـوەسـانـە لەیەکتر جیابکەینەوە، هەندێك لە زانایانیش پێیانوایە وەسوەسە بەهۆی گرفت لە یادەوەری مرۆڤە(چونکە ئە گەر ئەم کاتەت لە بیربێت دەزانیت چیت کـردووە)، بەهەرحاڵ گرنگ ئەوە نیە ئێمە بزانین کامە وەسوەسە لە فریشتەیە و کامەیان لە شەیتانە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە هیچ کام لەم وەسوەسانە بەسەرماندا زاڵ نەبن.

خاڵێکی تری جیاکردنەوەی وەسوەسەی شەیتان لە وەسوەسەی نەخۆشی ئەوەیە، مرۆڤ لە کاتی وەسوەسەی شەیتاندا حەز بە بیرکردنەوەکە یان کارەکە دەکات، بەڵام چەند کۆتێکی ئایینی، کلتوری،دابو نـەریـت، زانـسـتـی ڕێـی لـێـدەگـرن، بۆ نـمـوونـە وەسـوەسـەی سـەیـرکـردنـی ئافرەتێکی سەرنجڕاکێش، وەسوەسەی کێشانی جگەرە، لەم حاڵەتانەدا کەسەکە لـەنـاخـەوە حەزێکی بۆ ئەنجامدانی کـارەکـە هـەیـە، بـەڵام بـە هـۆی چەند ڕێگریکەوە ناتوانی ئەنجامیان بدات. جا پێویستە بگوترێت،وەسوەسە گرفتە و پێویستیشی بە چارەسـەری هەیە، هەریەك لە دەرمان و چارەسەری دەروونی پێویستە،هەرچەند چارەسەریەکەش دوا بکەوێت،سەختتر دەبێت.



# هۆکار و چارەسەری

# نکۆڵی کردن لە ڕاستیەکان

محمد فاتح شارەستێنی

کەسی نکۆڵی کار یان کەسی (خۆویست یان خۆسەپێن) بەو کەسە دەوترێت کە راستیەکان دەبینێت، بەڵام لەبەر چەند هۆکارێك ئامادە نییە دان بەراستیەکاندا بنێت.

لەوانەیە رۆژانە لەگەڵ ئەو کەسانە هەڵسوکەوت بکەین یان بۆ خۆمان بکەوینە ئەو حاڵەتەوە، بۆیە بە پێویستیم زانی هۆکارەکان و چارەسەری ئەو دیاردەیە لە چەند خاڵێکدا کۆبکەمەوە،بە مەبەستی رەزامەندی پەروەردگار و سودبەخشین بە خوێنەران.

هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە(نکۆڵی کردن لە راستیەکان) بریتین لەمانە:

یەکەم: زوو بڕیاردان و نەبینیی هەموو راستیەکان

دیارە مرۆڤ توانایەکی دیاری کراوی هەیە و ناتوانێ هەموو شتەکان لە یەك کاتدا هەست پێ بکات، زۆر جاریش بەهۆی هۆکارەوە توشی بڕیاردانی ناڕاست دەبێت.

بۆ زیاتر رون کردنەوەی ئەم حاڵەتەخوێنەری ئەم بەسەر هاتە بن:

پیاوێکی پیر چوار کوڕی گەنجی بە توانای هەبوو، ئەم کوڕانەی لە بڕیاردانا خێرا و ناسەلمێنی قسەکانی یەکتر بوون، بۆیە باوکیان بڕیاریدا کوڕەکانی دەرس دادا و کۆیکردنەوە و پێی وتن دەمەوێت هەر یەکەتان گەشتێك بەناو دارستانا بکەن و بەناویدا بگەڕێن دواتر بۆم بگێڕنەوە چیتان دیوە و هەستان بەچی کردوە، بەڵام دەبێت هەر یەکەتان لە وەرزێکی جیا لە وەرزی براکانی ترتان گەشتەکە بکەن، ئەوە بوو کوڕی یەکەمی لە وەرزی زستاندا گەشتەکەی کرد و کوڕی دووەم لە وەرزی بەهار و کوڕی سێیەم لە وەرزی هاوین و کوڕی چوارەمینی لە وەرزی پایزدا.

دەستیان بە گەشتەکە کرد و لە کۆتاییدا باوکیان لە زستانی ساڵی دواتردا کۆی کردنەوە و پێی وتن دەمەوێ پێتان بڵێم چیتان دیوە و هەستان بەچی کردووە، کوڕی یەکەمی وتی: باوکە دارستان بریتیە لە بەستەڵەکێك کە هیچ سەوزاییەکی تیا نیە و هیچ گیانەوەرێکی لێ نابینرێت و روبار و تاڤگە بووە بە تەنێکی بەستوو، لەم کاتەدا کوڕی دووەم قسەکانی پێ بڕی و وتی باوکە قسەکانی براکەم دوورە لە راستیەوە چونکە دارستان بریتیە لە شوێنێکی سەوز کە میوەی تازە و گەڵای تازەو بێچوی بچکۆلەی لێ بەدی دەکەی، ژیان لەناو دارستاندا ژیانە لەناو بەهەشتدا .

لەم کاتەدا کوڕی یەکەم و دووەم دەنگیان بەسەر یەکتردا بەرز کردەوە و هەریەکەیان ئەوی تری بە ناڕاست لە قەڵەمدا، باوکیان هێمنی کردنەوە و بە کوڕی سێیەمی وت تۆ چیت دیوە، ئەویشت وتی باوکە من سەرم لە قسەکانی دوو براکەم سوڕماوە چونکە دارستان دوورە لە وەسفی دوو براکەی ترمەوە بایەکی گەرمی دێت و میوەکان گەنیون و هەموو زیندەوەران لەبەر گەرما توانای جوڵەیان نەماوە، پاشان باوکەکە بە کوڕی چوارەمی وت کورم تۆ چیت دیوە کوڕەکە وتی باوکە هەر سێ برام لە راستی لایان داوە چونکە دارستان بریتیە لە زبڵدانی گەڵای وەریو، شوێنێکە هەست بە ژیان ناکەی، بەڵکو ژیان بەرەو لەناوچوون دەچێت لەو شوێنەدا.

هەر چوار براکە دەستیان بە دەنگە دەنگ کردەوە و ئیدانەی لادانی راستیەکانیان دەکرد.

باوکیان پێکەنی و وتی وتەکانی هەر چوارتان راستن و کوڕەکانی وتیان چۆن دەبێت باوکە ئێمە خۆ زۆر دژی یەك قسەمان کرد، باوکەکە وتی لە بەرئەوەی هەر چوارتان دژ بەیەك قسە دەکەن چونکە هەر یەکەتان لە وەرزێکی جیا دا

سەردانی دارستانەکەتان کردووە، جا کوڕەکانم پێویســت ناکات تەنها بــە بینینی یەك دیمەن بەپێیی یەك قسە بڕیار بدەن.

چارەسەر: گەڕان بە دوای زانیاری زیاتردا نەك تەنها بڕیاردان لەسەر یەك هەڵوێست.

دووەم: بوونی کەلتورێکی هەڵە

زۆرێك کەلتور هەن کە پێویستە وازیان لێ بهێنرێت، بەڵام کەســانێك لەگەڵ ئەوەی دەزانن کلتورەکە هەڵەشــە بــەڵام نکۆڵی لە بوونی راســتیەکان دەکەن، بۆ رون کردنەوە خوێنەری ئەم بەسەرهاتە بین:

دەگێڕنــەوە باوکێــك لەســەرە مەرگدا وەسێت بۆ منداڵەکانی دەکات کە ئەم کاڵەکە لە پاش مردنی بپارێزن و بیهێڵنەوە لە دوای مردنی باوکیان.

منداڵەکانی وەسێتەکەی جێبەجێ دەکەن وکاڵەکە لە شــوێنێکی بەرچــاو هەڵدەگرن، بەڵام پــاش ماوەیەکی کەم کاڵەکەکە بۆگەن دەکات وکــرم هەڵدێنێ، بۆیە منداڵەکانی کۆ دەبنەوە وئەم پێشنیارانە دەکەن.

منداڵی یەکەم: پێویســتە کاڵەکەکە وەك خۆی بمێنێتەوە و نابێ دەســتی لێ بدرێت، چونکە یــادگاری باوکمانــە، منداڵی دووەم: دەڵێت پێویستە کاڵەکە بشکێنین و ناوکەکەی (تۆوەکــەی) دەربهێنیــن و بیڕوێنینــەوە ئەوکاتــە بەرهەمێکی زۆرتریشــمان دەداتێ و کاڵەکەکەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە،بەڵێ کەســانێك هەن هەر چەندە دەزانن کلتوری رابــردوو بەکەڵك نایەن بــەڵام ئینکاری لە نوێ خوازی دەکەن.

چارەســەر: پێویســت بــە لەناوبردنــی کلتــور نــاکات بەڵکو چونکە کلتــوری ئێمە ئێمە دیاری دەکات، بەڵام پێویســتی بە نوێ کردنەوە و دەستکاری کردنی هەیە.

سێیەم: کەسانێك هەن لەناخدا سیفەتی نکۆڵی کردنیان هەیە

چارەسەر: پێویســتە کەسی هەڵگری ئەم ڤایرۆســە بــە وردی بــە خۆیــدا بچێتەوە و هەوڵــی گۆڕانــکاری کردن لە خــودی خۆیدا بــکات، دەوروبەریــش پێویســتە لەگەڵ ئەو کەســانەدا بە وریایی مامەڵە بکەن و نەیان شــکێننەوە، بۆ نمونە گەر بیەوێ قســەیەکی خۆی بســەپێنێ زۆر بە نەرم و نیانیەوە پێی بڵێ ئازیزەکەم، شیرینەکەم ئەم قسەیەی کە تۆ دەیکەی هەڵقولاوی ناخی پاکی تۆیە، هەوڵت داوە و مانــدوو بویت لە پێناو دەســتکەوتنی ئەم زانیاریانەدا بــەڵام منیش ئەم ئایدیایەم پێ باشە، با لێکۆڵینەوەی لەسەر بکەین.

# هاوڕێ

دایکی هاولان

وشــەی (هــاوڕێ) ئەو وشــە پیرۆزەیە کە بەدەســتهێنانی و لەدەســتدانی کارێکی گرانە، یەکێك لە مەحاڵەکانی هاوڕێگیری چۆنیەتی بەدەستهێنانیەتی ( هەڵبژاردنیەتی).

ئیمامــی عەلــی ( رەزای خــوای لێبێــت ) بــە کوڕەکــەی دەفەرمووێــت، هاوڕێیەتی گەمژە مەکە چونکە ئەگەر بیەوێت سودت پێ بگەیەنێت تووشی زیانت دەکات، هاوڕێیەتی پیسکە مەکــە چونکە ئەوەی زەروورە لات لێتی دووردەخاتەوە، پێشــی دەفەرمویت کوڕی شــیرینم هاوڕیەتی درۆزن مەکە وەکو سەراب وایە، ئەوەی کە لێت دوورە بۆت نزیك دەکاتەوە و نزیکەکانیشت لــێ دوور دەخاتــەوە، لــە لایەکی ترەوە ئامــۆژگاری دەکات کە هاوڕێیەتی تاوانبار نەکات چونکە بە تاوانەکانی دەیفرشێت .

بۆیە دەبێت لەم وتە جوانانە پەند وەربگرین و بە وریاییەوە تێکەڵاوی دروست بکەین، خوێندنەوەیەکی سەرەتایمان هەبێت بۆ باشتر خەملاندنی هاوڕێکانمان، لای زۆربەمان رەنگە ئاسان بێت بە ناسینی کەسێك، بڵێین هاوڕێ بەڵام لە راستیدا ناتوانین وا بــە بڕوای تەواوەوە ئەو متمانەگەورە یە ببەخشــین، دەبێ بزانین ئەو کەســەی دەبێ هاوڕێیەتی بکــەی لەگەڵتایە و کەی لەگەڵتایە و کەی بەجێت دەهێڵێ و دەســتت بەر دەدات، وەکو کورد دەڵێت هاوڕێی باش ئەو کەســەیە کە لەکاتی تەنگانەیا لە پشتتەو دەستت دەگرێت.

دەبــێ بزانیت چ ســیفەتێکی ئەوەنــدە تایبەتمەندە کە تۆ خۆتــی تیا ببینیتەوە، چونکە لە کۆتاییدا تۆ دەبی بە هەڵگری هەندێ لە سیفەتەکانی و رەنگدانەوەی خووەکانی لە تۆیا ئاسان بێت.

**دیل کارینگی دەڵێ:** تەنها بۆ دایکم هونەری هاوڕێ گرتنم بەکارنەهێناوە، بەڵام لە هەموویان زیاتر خۆشی ویستم.



# پەرداخەكە دابنێ و كەمێك پشوو بدە !!!

ئا:بەهەشت علی



رۆژێك مامۆستایەك لە زانكۆیەكدا وانەیەك لەسەر ناڕەحەتی و ناخۆشی ژیان بۆ قوتابییەكان دەدات، لە كاتی وانەكەدا پەرداخێك كە ئاوی تیایە بەدەستێكی بەرز دەكاتەوە و پرسیار لە قوتابییەكانی دەكات بە باوەڕی ئێوە ئەم پەرداخە ئاوە كێشی چەندە ؟ وەڵامی قوتابییەكان (٥٠گم بۆ ١٠٠گم) ە.

پاشان مامۆستاكە وەڵامی دانەوە: گرنگ نیە كێشی ڕاستەقینەی ئەم پەرداخە ئاوە، بەڵكو ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە من چەندێك ئەم پەرداخە ئاوە بەم شێوەیە بەبەرز كراوەیی بە دەستمەوە دەهێڵمەوە،ئەگەر دەقیقەیەك بەم شێوەیە بیهێڵمەوە هیچ شتێك ڕونادات، بەڵام ئەگەر بۆ ماوەی كاتژمێرێك بە دەستمەوە بێت و بەم شێوەیە بیهێڵمەوە ئەوە ئەو كات هەست بە ئازار دەكەم لە دەستمدا، ئەگەر بۆ ماوەی ڕۆژێك بەم شێوەیە بیهێڵمەوە ئەوە ئەو كات ئەبێ بانگی ئیسعافم بۆ بكەن، خۆ پەرداخەكە هەمان كێشی هەیە لە هەر سێ جارەكەدا، بەڵام تا ماوەی هەڵگرتنی پەرداخەكە زیاد بكات ئەوە بێگومان كێشەكەشی لەلام زیاد دەكات. بەو شێوەیە ئەگەر هەموو كێشە و ناڕەحەتیەكانی ژیانمان هەمیشە بەبەردەوامی هەڵگرین، ئەوە كاتێك خۆمان دەبینینەوە توانای بەردەوامی ژیانمان نابێت، بە هۆی زۆری كێشەو ناڕەحەتیەكانەوە، چونكە كێشە و گرفتەكانیش بەهەمان شێوەی پەرداخە ئاوەكە كێشەكەی زیاد دەكات .

كەواتە ئەوەی لەسەر ئێمەیە بیكەین ئەوەیە كە (پەرداخە ئاوەكە دابنێین و كەمێك پشوو بدەین پێش ئەوەی جارێكی تر بەرزی بكەینەوە)

هێندە وردبین مەبە لە خەم ناسیندا، پێویست ناكات ناڕەحەتیەكانی ژیان بكەیتە سونبولێك و لە یەخەدا بینەخشێنی تاكو هەموو كات بەسەریدا بچیتەوە، بەڵكو پشوو بە ڕۆحت بدە، لەگەڵ هەر كێشەیەك، یاغەمێك، ئەو دڵەی كە تیایدا هەڵتگرتووە كردوتە بە هێلانەی غەم بیخەرە كیسەیەك و بیخەرە سەڵەی خۆڵەكەوە، دڵێكی نوێ بۆ خۆت دروست بكە، بیر لە خۆت بكەرەوە كە چەند بە گەورەیی دروست كراوی، بوی بە سەروەر و سەرداری سەرزەمین، هەموو جیهان بوون بە خزمەتكاری تۆ، كاتێ لە بوونی گەورەیی مرۆڤایەتی خۆت گەیشتیت ئەو كات ئەتوانی دڵێكی بێ گەرد بۆ خۆت بناسێنیت، ئەویش بە وشەكانی خوای

گەورە، دڵێکی دامەزراوو پتە و بە کتێبی خوای گەورە (قورئان) ئەدۆزیتەوە، لەگەڵما بە، ئەگەر غەمێك ژیانی تاڵ کردویت؟! یان کێشەیەکت هەناسەی لێ بڕیویت؟! دڵنیابە باشترین چارەسەرە، ئەوەش بزانە وەك پیرەمێردی شاعیر دەڵێ (هیچ کەس بێ غەم نیە ئەوەی بێ غەم بێ بنیادەم نیە) بەڵێ کە تەنها مرۆڤە غەمی هەیە، ئەوەش حیکمەتی گەورەی تێدایە، حیکمەتی بیرکردنەوە حیکمەتێکی جوانە، بیرکردنەوە لە گەورەیی خۆت، لە گەورەیی ئەم جیهانە، گەورەیی ئەو کەسەی کە غەمی پێ داویت، غەمیشت لێ دەستێنێ.

ئەوەتا خوا گەورەی دەفەرمووێ (ان مع العسر یسرا)، زۆر جوانە (لەگەڵ هەموو ناخۆشیەکدا خۆشیەك هەیە) ئەوەی کار بە کتێب و وشەکانی ئەو پەروەردگارە بکات بێ گومان هەست بە شیرینی ئەو خۆشیەش دەکات کە دەیبینێ، نەك وەك کەسی گومرا و سەرلێشێواو لەکاتی غەمدا پەنا بۆ مەی و تلیاك و حەشیشە و جۆرەکانی دەبات، ئەمە هیچ لە دڵی نەگۆڕاوە و نەیتوانیوە دڵێکی نوێ و جوان و پوخت دروست بکات، بەڵکو عەقڵی خۆی داوەتە دەستی بێ هۆشی و هەم و غەم و ئازارێکیشی لەدڵدا ماونەتەوە و زیاتر و زیاتر بۆگەنی دەکەن، تا کاتێ خۆی دەبینێتەوە لە بەردەم گولەی تفەنگەکەیدا یان سێدارەیەکی بۆخۆی هەڵواسیوە و مەرگێك بۆ خۆی دروست دەکات نەك دڵێکی پوخت بۆ ژیان، چونکە ئیتر تواناى هەڵگرتنی پەرداخە ئاوەکەی نیە، ئیدی دڵی سەر ڕێژ بووە لە غەم و خەفەت و گوناه هەموو جەستەی داپۆشیوە و هەر ڕووە و هەڵدێر دەڕوات بەبێ ئەوەی ڕێگەی سکونەت ببینێ و پێیی وایە مردن سکونەتی ڕۆح و دڵیەتی و کۆتایی بە ژیان دێنێ، وەك لەوڵاتانی ڕۆژئاوا دەبینرێ ڕۆژانە چەندان کەس غەمەکانیان سەریان دەبڕێ پێش ئەوەی سەریان بخەنە بەر شەپۆڵی ئاوی پاك و خاوێنی ئیسلام.

# باخانمان بزانن



میر تەلال ڕەشید دەڵێت: گەر ئافرەت وەکو باڵندە دروستکرابایە ئەوا تاوس دەبوو.

گەر وەك ئاژەڵ دروست کرابایە مامز دەبوو.

گەر وەك مێروو دروستکرابایە ئەوا پەپولە دەبوو.

بەڵام وەك مرۆڤ دروست کراوە.

بۆیە ئافرەت یاروخۆشەویستە، هاوسەرە، دایکێکی میهرەبانە و جوانترین نیعمەتی سەر زەوییە.

گەر ئافرەت شتێکی زۆر گەورە و بەبایەخ نەبایە خوای گەورە نەیدەکردە پەری و پاداشتی بڕوادارانی پێ بداتەوە لە بەهەشتی بەریندا.

ئافرەت ناسکترین زیندەوەرە مامەڵەکردن لەگەڵیدا زۆر هەستیارە، بە ئەندازەیەك گوڵێك ڕازی دەکات و وشەیەکیش دەیکوژێت.

ئەی پیاو وریابە نەکەی وا بکەی ئافرەت بگری، چونکە خواوەند فرمێسکەکانی دەژمێرێت.

ئەو لە پەراسوی تۆ دروست بووە، نەك لە پێیەکانت تا بەسەریدا بڕۆیت نەك لەسەرت تا خۆت بەگەورە بزانیت بە سەریدا، بەڵام لە پەراسوو دروست بووە تا یەکسان بێت بە تۆ، لە لای دڵتەوە تا خۆشت بوێت.

ئافرەت جوان و قەشەنگە، لە منداڵیدا دەرگای بەهەشت بۆ دایبابی دەکاتەوە، لە لاوێتیدا نیوەی ئاینی هاوسەرەکەی تەواو دەکات، لە دایکایەتیدا بەهەشت لە ژێر پێیدایە.



# زانایانی ئاینی و پەرەپێدانی مرۆیی..... پەیامێك بۆ وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئاینی

بەڕێوەبەری نوسین

هەموو ئامارەکان ئەوە پشت ڕاست دەکەنەوە کە هاوڵاتیان لە هەرێمی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پابەند بونیان بە مزگەوت و هەوڵدان بۆ نزیکبونەوە لە وتاری ئاینی لە زیاد بووندایە، بە گوێرەی ئامارە نارەسمیەکان بێت لە ڕۆژانی هەینی لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (یەك ملیۆن) هاوڵاتی بەشداری نوێژی هەینی و گوێبیستی وتاری ئاینی دەبن، لە لایەکی ترەوە ئەوانەی بەشداری وتاری ئاینی دەکەن ئاستی خوێندەواریان جیاوازە، خەڵکێکی تیایە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و ماجستێرە !؟ وەکو سەردەمانی کۆن نیە مامۆستای ئاینی لە گوندێکی چەپ وتار بدات و ئەگەر وتارەکەی سادە بێت خەڵکی پێی ڕازی بێت و گلەیی لەسەر نەبێت.

بۆیە داوا لە بەڕێز وەزیری ئەوقاف وکاروباری ئایینی دەکەم کە سود لەم خاڵانەی خوارەوە ببینێت و بۆ بەرەو پێش بردنی وتاری ئاینی لە کوردستان .

١- هەوڵبدات مانگانە کۆبونەوە لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بکات، ئەوانەی پەیوەندیدارن بە وتاری ئاینی و لە بواری هۆشیاری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی کاردەکەن بۆ ئەوەی خول و ڕاهێنان و سیمینار بۆ زانایانی ئاینی بکەنەوە و لە دەرەنجامیش هاوڵاتیان سوود مەند دەبن و وەزارەتیش سوود لە ڕاوێژ و ڕێنمایی و سەرەنجی ڕێکخراوەکان وەردەگرێت.

٢- لیژنەیەکی ئەندازەی دەنگی پێك بهێنرێت پشکنینی دەنگی بۆ بڵندگۆی مزگەوتەکان بکرێت، یاخود بە نوسراوی ڕەسمی هەموو مزگەوتەکان خۆیان بەم کارە هەستن چونکە بڵند گۆی مزگەوتەکان پێویستی بە چاککردن و ڕێکخستنەوە هەیە تا ژاوەژاو دروست نەبێت، چونکە ژاوەژاو زەرەر و زیانی تەندروستی زۆری هەیە .

٣- پێویستە بەشی خوێندنەوەی بەردەوام هەبێت، هانی مامۆستایانی ئاینی بدات لە بابەتە هەنوکەییەکان شارەزابن و وتارەکانیان بە ئامار و ڕێگەی زانستی بێت و لە وتارەکانیان (تعمیم) گشتگیری بەسەر دەستەواژەکان نەکەن !؟ بۆ نمونە هەندێك لەوتار بێژان کە ڕەخنە لە دیاردەیەك یان گرفتێك دەگرن زۆر بەبێ ئومێدی و گشتگیری قسە دەکەن، وەکو (هەموان خراپین، هەموان ڕێز لە یاسا ناگرین، هەموان گەندەڵین) بەڵکو دەبێت بە داتا و زانیاری ورد کێشە و دیاردەکان بۆ هاوڵاتیان شرۆڤە بکرێت.

٤- پێویستە ڕاگەیاندنی وەزارەتی ئەوقاف بە هاوکاری ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان خولی توانا سازی بۆ مامۆستایان و زانایان بکاتەوە و سود لە شارەزایانی نێودەوڵەتی وەربگیرێت لە بواری هونەری وتاردان، وتاربێژە سەرکەوتووەکان خەڵات بکرێن و وتاربێژەکانی تریش ئاستیان بەرز بکرێتەوە .

٥- هەوڵبدرێت لەسەر ئاستی هەر پارێزگا و شارێکی گەورە بە ڕێنمایی و ئیجرائاتی نوێ چەند وانەیەکی گشتی لە مزگەوتە گەورەکان لەلایەن مامۆستایان و ناسراوو بەئەزموونەوە هەبێت دوای نوێژی عیشا وەکو زۆربەی وڵاتانی تری دراوسێ و وڵاتانی تری مسوڵمان بۆ ئەوەی



# سەرقاڵبوون بە پارە و پلەوپایە خەریکە دوارۆژی خێزان دەڕوخێنێ

علی ابراهیم حسن

پەرەپێدانی مرۆیی بۆچی گرنگە ؟ پەیوەندی پارە و پلەوپایە لەگەڵ پەرەپێدانی مرۆیی، پەیوەندییەکی راستەوانەیە یان پێچەوانەیە !؟ ئایا بەرەوپێشچوونە ئابوریەکانی هەرێمی کوردستان و بەرزبوونەوەی داهاتی تاك تا چەند تاك و خێزانی کۆمەڵگای کوردستانی بەختەوەر کردووە !؟

بە سەرەنج دانی چەند نمونەیەکی واقعی رۆژانەمان بۆمان دەردەکەوێت لە ئەنجامی بایەخدانی زۆر بە پارەو پلەوپایە خەریکە رەوشت و رەفتارە جوانەکان لەناو کۆمەڵگادا بەرەو ئاستێکی زۆر مەترسیدار دادەبەزێت !؟

هەندێك لە کاراکتەرە سیاسیەکان بەهۆی سەرقاڵیان بەکاری حزبی و دەوامی (فول تایم ) و نەبوونی بەرنامەیەك بۆ بەڕێوەبردنی کات، ستەمێکی زۆر لە خودی خۆیان و خێزان و هاوسەر و منداڵ و خۆیان کردووە !؟ هیچ کاتێکی بۆ پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و بەدواداچوونی کێشەی منداڵ و هاوسەر و خزمانی نەماوە !؟ ئەگەر دەرفەتێکی هەبێت خۆی بە بەرنامەی گفتوگۆی سیاسی و پەیوەندیکردن بە رۆژنامە و سایتەکان خەریك دەکات ؟

ماوەیەك پێش ئێستا کوڕی یەکێك لە بەرپرسە سیاسیەکان گلەیی لە ناخۆشی و بێ بەرنامەیی لە ژیانی رۆژانەی باوکی بۆ دەکردم و دەیگوت بە هیوای ئەوەم باوکم بواری هەبێت باسی کێشەو گرفتی خۆمی بۆ بکەم !؟

بەدڵنیاییەوە ژیانی خێزان و ژنەکەی زۆر خراپترە !؟ چونکە مرۆڤ پێداویستی ماددی و رۆحی و مەعنەوی هەیە، پێویستە بە هاوسەنگی و بەرنامەیەکی تۆکمە کاریان لەسەر بکرێت، پەرەپێدانی مرۆیی زانست و هونەرێکە فێرمان دەکات چۆن کاتەکانمان رێکبخەین و ئەرك و مافەکان بەدادپەروەری دابەش بکەین، نمونەیەکی تر پیاوانی بازرگان و بزنس مانەکانی دونیای سەرمایەگوزاری، بەهۆی کرانەوەی سنورەکان و بواری سەفەر بۆ وڵاتانی چین و ئیمارات و تورکیا و ئێران و وڵاتانی تر، دەبینین بەرنامەی ژیانیان زۆر بە خراپی تێکچووە و بەرەو دارمان دەچێت، پەروەردەی منداڵ و خێزانەکانیان فەرامۆشکردووە، هەموو کێشەیەك وا دەزانن بە چاویلکەی پارە چارەسەر دەبێت، منداڵەکانیان خەریکە توشی چەند رەوشتی ناپەسەند و هاوڕێ و برادەری خراپ دەکەن، کەس نیە رێگە چارەیەکیان بۆ دەست نیشان بکەن !؟

ماوەیەك پێش ئێستا وەکو راهێنەر لە بواری پەرەپێدانی مرۆیی لە چەند ئامادەیی و زانکۆیەکی هەولێر چەند بابەتێکمان لەگەڵ قوتابی و خوێندکارانی کچ وکوڕ خستەبەر باس، بڕوا بکەن ئەوەندەی قوتابیە دەوڵەمەند و بازرگانەکان و بەرپرسەکان کێشەو گرفتیان هەبوو !؟ منداڵە قوتابیەکانی خەڵکی هەژار کێشەیان نەبوو ! چونکەزۆر پارەبەخشین بە منداڵ بە بێ بەدواداچوون گرفتی ترسناکی بەدوودادێت !

بڕوا بکەن خەریکە ماددە هۆشبەرەکان و دیاردەی لادانی سێکسی زۆر بە ترسناکی لە ناوەندەکانی خوێندن بڵاودەبێتەوە !؟

**پێویستە دەزگاکانی راگەیاندن و زانایانی ئایینی بە وتار و بەرنامەی تەلەفزیۆنی و کەناڵەکانی راگەیاندن زۆر بە چڕوپڕی کار لەسەر ناوەندەکانی خوێندن و پەروەردەی منداڵ و گەنج بکرێت، ئەگەرنا دوارۆژی هەرێمەکەمان و پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی بەهۆی بڵاوبونەوەی ماددە هۆشبەرەکان و نەخۆشی ئایدز دەکەوێتە ژێر پرسیاری بێ وەڵامەوە !؟**

# حەزم کرد ژن بهێنم



و: هاوڕێ یاسین

مالیکی کوڕی دینار دەڵێت: سەرەتای ژیانم دەست پێ کرد بە گومڕایی و سەرخۆشی، ستەمم لە خەڵکی دەکرد و مافەکانیانم دەخوارد، سوم دەخوارد، ئازاری خەڵکیم دەدا، کاری ستەمکاریم دەکرد، هیچ گومڕاییەك نەمابوو کە ئەنجامی نەدەم، زۆر یاخی بووم.

دەڵێت: ڕۆژێك لە ڕۆژان حەزم کرد ژن بهێنم و منداڵم هەبێت، ژنم هێنا و منداڵێکمان بوو ناوم نا (فاطمە) زۆرم خۆشدەویست، لەگەڵ گەورەبوونی فاطیمەدا ئیمان لە دڵمدا زیادی دەکرد و گومڕایی لە دڵمادا کەمی دەکرد، کاتێك فاطمە مەشروبی بەدەستمەوە دەبینی لێم نزیك دەبووەوە کە هێشتا تەمەنی لە ٢ ساڵ تێپەڕی نەکردبوو، دەیوت خوای گەورە دەزانێت کە تۆ چی دەکەیت.

لەگەڵ گەورە بوونی فاطیمەدا ئیمان لە دڵمدا زیادی دەکرد و هەنگاوێك لە خودا نزیك دەبومەوە و وردە وردە لە گومڕایی دوور دەکەوتمەوە، هەتا فاطمە تەمەنی ٣ ساڵی تەواو کرد، فاطمە تەمەنی ٣ ساڵی تەواو کرد و مرد.

دەڵێت: لەگەڵ مردنی فاطمەدا هەموو شتەکان پێچەوانە بوونەوە، سەبر و ئارامیم لێ بڕا، کارە خراپەکان دووبارە بونەوە و شەیتان یاری پێ دەکردم، هەتا ڕۆژێك شەیتان پێێ وتم سەرخۆش بە ئەمڕۆ، وەك چۆن پێشتر سەرخۆش بوویت، دەستم کرد بە خواردنەوەی مەی بە درێژایی شەو هەر دەمخوارد و دەمخواردەوە، هەتا خەوم لێ کەوت، هەتا لە خەوندا بینیم کە ڕۆژی دوایی هەستاوە و خۆر تاریك بوو، دەریاکان گۆڕاون بۆ ئاگر و زەوی دەهەژا، خەڵکی کۆ کرابونەوە بۆ لێپرسینەوە پۆل پۆل، من لە نێو خەڵکیدا گوێم لە هاوارێك بوو بانگی دەکردم ئەی فلانی کوڕی فلان وەرە بۆ سەر شاخەکە، دەڵێت منیش زۆر بە ترسەوە ڕووی خۆمم گۆڕی هەتا گوێم لێ بوو بانگی من دەکات و دەڵێت وەرە بۆ سەر شاخەکە.

دەڵێت خەڵکەکەی دەوروبەرم دیار نەمان (لە خەوەکەمدا)هیچ کەسێك لە ساحەی لێپرسینەوەدا نەما، پاشان مارێکی زۆر گەورەی بەهێز بەرەو لام هات، زۆر ترسام لە و کاتەدا پیاوێکی پیری لێ بوو پێم وت یارمەیتم بدە و ڕزگارم بکە لە و مارە، ئەویش وتی ئەی کوڕەکەم من ناتوانم یارمەتیت بدەم بەو ڕێگایە خۆت ڕزگار بکە، لەو کاتەدا مارەکە لە پشتمەوە بوو ئاگریش بەرەو ڕووم دەهات، دەڵێت لە مارەکە ڕامکردایە دەکەوتمە ناو ئاگرەکەوە، لەم کاتەدا مارەکە زۆر لێم نزیك بووەوە پیاوە پیرەکە بۆ حاڵم دەگریا و وتی: من ناتوانم یارمەتیت بدەم و هیچ شتێکت بۆ بکەم، بەڵام بەرەو ئەو شاخە برۆ، بەرەو شاخەکە ڕۆشتم و مارەکە هەر بە شوێنمدا بوو، لە سەر شاخەکە منداڵێکم بینی، بینیم فاطیمەیە و هاوارم کرد وتم فاطمە من باوکتم باوکت، دەڵێت: وتی دەزانم باوکمی من کچی تۆ بووم و لە تەمەنی ٣ ساڵیدا مردم و ڕزگارت دەکەم لەو بارە، بەدەستی ڕاستی منی ڕاکێشا و بە دەستی چەپی پاڵی بە مارەکەوە نا و من لە کاتەدا وەك مردوو وابوم لە ترسا، پاشان لەسەر بەردێك دانیشتم هەر وەك چۆن لە دنیا دادەنیشت، پاشان پێێ وتم باوکە (ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله) واتە: ئایا وەختی ئەوە نەهاتوە بۆ بڕواداران کە دڵیان ملکەچ بێ بۆ ئامۆژگاریەکانی خوا.

دەڵێت: وتم ئەی کچەکەم هەواڵم پێ بدە لەسەر ئەو مارە، وتی ئەوە کارە خراپەکانتە کە تۆ گەورەت کردووە

گەشـەت پێ داوە هەتا بتخـوات، بزانە باوکـە هەمـوو کردەوەکانت لـە ڕۆژی دواییدا دێنەوە ڕێگات؟

ووتـم: ئەی پیاوە پیرەکە وتی: ئەوە کـردوە باشـەکانتە، تۆ لاواز و سسـتت کردووە هەتا بگری بۆ حاڵت و نەتوانێت هیـچ شـتێکت بۆ بکات، ئەگـەر من لە تۆ نەبومایە، بە منداڵی نەمردمایە ئەوە ئێستا هیچ شتێك سودی پێ نەدەگەیاندی.

دەڵێـت لە خەو ڕاپەڕیـم بەدەم هاوار کردنەوە خوایە گیـان خوایە گیان بەڵێ (**ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله**) دەڵێـت خۆم شـۆرد وچوم بۆ نوێژی بەیانی ویستم تەوبە بکەم و بگەڕێمەوە بۆ لای خوا، دەڵێت کە چومە ناو مزگەوتەوە ئیمام هەمان ئایەتی دەخوێندەوە (**ألم يأن للذين آمنوا أن تخشع قلوبهم لذكر الله**).
ئـەوە مالکی کوڕی دینـارە کە یەکێکە لە پێشەوایانی تابعین.

بەوە بەنـاو بانگ بوو کـە بەدرێژایی شـەو دەگریا و دەیوت خوایە گیان تۆ تاکە کەسیت کە دەزانیت دانیشتوانی بەهەشت و ئاگر کێیە، خوایە گیان بمکەی بە دانیشتوی بەهەشت و بەدوورم بکەی لە ئاگر.

هەروەهـا مالکی کـوڕی دینار بەوە ناوبانگی دەرکردبوو کە هەموو ڕۆژێك لەبەردەم دەرگای مزگەوتدا دەوەستا و هاواری دەکـرد و دەیوت، ئەی بەندەی یاخـی بگەڕێوە بـۆ لای پەروەردگارت، ئەی بەندەی بێ ئـاگا بگەڕێوە بۆ لای پـەروەردگارت، ئەی بەنـدەی ڕاکردوو بگەڕێـوە بـۆ لای پـەروەردگارت، پەروەردگارت بانگـت دەکات بە ڕۆژ و شەو و دەڵێت: ئەوەی بستێك لێم نزیك بێتـەوە من باڵێك لێی نزیك دەبمەوە، ئـەوەی باڵێك لێم نزیـك بێتەوە من زیاتـر لێی نزیـك دەبمـەوە، ئەوەی بە ڕۆشـتنەوە بێت بـۆلام من بەنیوە ڕاکردن بەرەو ڕووی دێم.

# هاوڕێ

لە ئیمامی عەلییان پرسی (خوا لێی ڕازی بێت) چەند هاوڕێت هەیە وتی نازانم چونکە دنیا بە ڕومدا کراوەتەوە خەڵکی هەموو دنیا هاوڕێمن، ئەو کات دەزانم گەر دونیا پشتم تێ بکا.

چاکترین هاوڕێ ئەوەیە بە دەمتەوە بێت کاتێك زەمانە پشتی تێ کردوویت.

مەرج نیە هاوڕێ و هاوەڵی زۆرت هەبێت تا ببیتە کەسـێکی ناسراو، بزانە شێر بەتەنها دەڕوا و بەرخیش لەگەڵ مێگەلدایە.
پەنجەکانـی توتـە و بـرای توتە و ناوەند و شـایەتومان بە تەنیشت یەکەوەن، بەڵام پەنجە کەڵە دوورە لێیانەوە، مایەیی سەرسـوڕمانە لەوەی پەنجەکان ناتوانن هیچ شـتێك بکەن بێ پەنجە دوورەکەی پەنجە کەڵە.

تاقی بکەرەوە ئایا دەتوانیت بنوسـیت یان تەنانەت قۆپچەی کراسـەکەت دابخەیت بێ پەنجە کەڵـە. دەکرێت بڵێین پەند لە ژمـارەی هاوەڵەکاندا نیە، بەڵکـو پەند لەوەدایە کامیان زیاتر خۆشتیان دەوێ و خەمخۆری ڕاستەقینەتن.





د: كریم أحمد

# چۆن بەها ئیسلامییەكان دەڕوخێنرێن؟

هەندێك شت هەن كەسی دیندارى پێ دەناسرێت و بوونەتە بەشێك لەو سیفەتانەی پێوەی لكاون، لەوانە راستگۆیی، داوێنپاكی، وەفاداری، دەستپاكی ....هتد.

چۆن ئەم سیفەتانە بەوشێوەیە بوونەتە بەشێك لە كەسایەتی كەسی دیندار؟ ئەمە بەشی یەكەمی مەسەلەكەیە ، بەشی دووەمیشی ئەوەیە كە چۆن ئەم بەهایانە لاواز دەكرێن یا دەڕوخێنرێن؟

لەڕاستیدا ئەم بەهایانە لە ڕۆژو دووڕژ و لە پرێكدا پەیدا نەبوون و نەهاتوونەتە كایەوە و هەروا بە ئاسانی نەبوونەتە بەشێك لە كەسایەتی كەسی دیندار بەڵكو لە ئەنجامی فیداكاری و ڕەنج و كۆششێكی زۆر و لە ماوەیەكی دووروو درێژدا دروست بوون و چەسپیون، وكەڵەكەبووی ئەزموونی سەدان ساڵن . هەر ئەم خەصڵەتانە هۆیەكی سەرەكی موسوڵمان بوونی زۆرێك لەو میللەتانەبوون كە لەشكری ئیسلامیان پێنەگەیشتووە جێگیربوونی خەڵكی ئەو وڵاتانەن لە سەر ئیسلام كە بە شەڕ ئازاد كراون.

بەڵام ئەمڕۆ هەندێك لەو بەهایانە لە مەترسی لاوازبوون و نەماندان ، نەك لەسەر دەستی ناحەزان و دوژمنانی ئیسلام بەڵكو لەسەر دەستی موسوڵمانان خۆیان ، بگرە هەندێكجار لەسەردەستی ئەوانەی پابەندن بە ئیسلامەوە . بۆنموونە ئەو موسوڵمانانەی لەڕۆژئاوا دەژین بیانەوێ و نەیانەوێ لەسەر ئیسلام دەژمێردرێن و خەڵكی ئەو وڵاتانە لەسەر ئیسلام حیسابیان دەكات و ڕەفتاری ئەوان دەكاتە بەڵگەیەك لەسەر ئیسلام ، ئەگەر بهاتایە هەموو ئەوانە پابەندبوونایە بە ڕەوشت و ئاكارە ئیسلامییەكانەوە ئێستا دە هێندەی ئەوەی موسوڵمانبوون لە ڕۆژئاوا موسوڵمان دەبوون بەڵام لەبەر ئەوەی ئەوانە نوێنەرێكی جوانی ئیسلام نین نەك هەر هانی خەڵكی نادەن لەسەر موسوڵمانبوون بەڵكو زۆرجار دەبنەهۆی ڕەوانەوەی خەڵكی لەئیسلام ، نەك هەر ئەو موسوڵمانانەی لە هەندەران بەڵكو موسسوڵمانانی وڵاتانی خۆشمان ڕەفتارو ئاكاریان ڕەوێنەرەوەیە لە ئیسلام نەك هاندەر. ئەم ڕاستییە یەكێك لەو ڕۆژئاواییانەی موسوڵمان بوون بە ڕاشكاوی تعبیری لێكرد كاتێك دوای موسوڵمانبوونی هات سەردانی میسری كرد ، كاتێك خەڵكەكەی بینی وتی سوپاس بۆ خوا پێش ناسینی موسوڵمانان ئیسلامم ناسی !

ئەمە لەسەر ئاستی گشتی ، لەسەر ئاستی تایبەتیش ، زۆرێك لە ڕەفتارو ئاكاری ئەوانەی پابەندن بە ئیسلامەوە وخۆیان بەهەڵگری پەیامی ئیسلام دەزانن مایەی ناشیرینكردنی ئیسلامە نەك جوانكردنی ، و ڕەوێنەرەوەیە لە ئیسلام نەك هاندەر بۆی ، وە هۆكاری لاوازبوون و ڕووخانی ئەو بنەما ئەخلاقییەن كە ئیسلام و موسوڵمانانی پێناسرابوون.

ئەمڕۆ هەندێك لەوانەی خۆیان بەدەمڕاستی ئیسلام دەزانن بەشێك لە ئیشەكانیان –نەك لەدەستی ئەنقەست و بە ئاگایانە ، بەڵكو لە بێئاگاییەوە و بێئەوەی بە خۆیان بزانن - ڕوخاندنی ئەو بنەمایانە كە ئیسلام و موسوڵمانیان پێدەناسرێت ، ئەویش بە دوو شت : یەكەم لە نەزانییەوە سەرچاوە دەگرێت و دووەمیشیان لە كەم تەقواییەوە . ئەوەیان كە لە نەزانی یا كەم زانیارییەوە سەرچاوە دەگرێت بریتییە لە ناشارەزایی بە مەبەستەكانی قورئان فەرمودەو وەستان لەسەر ڕواڵەتی دەقاكان، هەروەها ناشارەزایی بە زانستی كۆمەڵناسی و كاریگەری سلبی ئەو جۆرە فەتواو بۆچوونانە لەسەر كۆمەڵگە . ئەوەشیان كە پەیوەندی بە كەم تەقواییەوە هەیە

بریتییە لە تەئویلکردنی دەقەکان بە پێی بەرژەوەندی کەسێتی . کەواتە بەکورتی نەزانی و کەم تەقوایی دوو هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشییەن.

با بە پەلە هەندێک نموونە بێنینەوە : دەسپاکی و ڕاسپاردە پارێزی ، ئەم دوو ئاکارە هەروا بەئاسانی نەبوونەتە بەشێك لە کەسایەتی مرۆڤی موسوڵمان ، بەڵکو هەزارەها کەس زەرەریان لە بەرژەوەندی خۆیان داوە تاجێگیر بووە ، هەر لە پێغەمبەرەوە تا سەرکردە سیاسی و سەربازی و بازرگانە موسوڵمانەکان . پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت کاتێك کە لە مەککە کۆچی کرد لەبەر ئەوەی مەترسی لەسەر ژیانی هەبوو ڕاسپاردەیەکی زۆری خەڵکی مەککەی لابوو ، نەچوو تەئویل بکات و ئەو ڕاسپاردانە هەروا بەجێ بهێڵێ بە بیانووی ئەوەی کە ئەو نەپەرژاوە بە ماڵی خۆی چجای هی خەڵکی ، یا به بیانووی ئەوەی کە ئەوانە بێباوەڕن و لەبەر ئەوەی بێباوەڕەکانی مەککە دەریان کردووە دەست بەسەر ماڵەکەیدا دەگرن ئەمیش هەڵسێت ئەو پارەو پولەی لای دانراوە لە گەڵ خۆیدا بیبات بۆ بەرژەوەندی ئیسلام و سەرفکردنی لە پێناو بانگەوازدا.

ئەگەر ئەو سەرکردە سەربازی و سیاسییانەی ئیسلام پابەندی ئەو بەڵێن و پەیمانانە نەبوونایە کە بە خەڵکی ئەو ناوچانەیان دەدان کە پەلاماریان دابوون چۆن ئەو خەڵکییە بەو شێوەیە باوەشیان بۆ ئیسلام و موسوڵمانان دەکردەوە . یان ئەگەر ئەو بازرگانە موسوڵمانانەی لە گەڵ چین و ئەندۆنیسیاو ئەو وڵاتانەدا بازرگانییان دەکرد ئەگەر پابەند نەبوونایە بە دەسپاکی و بەڵێن پارێزییەوە چۆن خەڵکی ئەو ناوچانە موسوڵمان دەبوون کە یەك سەربازی ئیسلامیشیان پێنەگەیشتبوو .

هەموو ئەمانە بەراورد بکە لە گەڵ ئەوەی کە کەسێکی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی لە ساڵەکانی نەوەدەکاندا لە کاتی شەڕی ناوخۆدا کردی ، ئەم کەسە پارتی متمانەیان پێکردو مووچەی پێشمەرگەکانی خۆیانیان دایە دەست بۆ ئەوەی بیبات بۆ هەڵەبجە ، ئەمیش هەڵسا بێ سێ ودوو بە کۆمەڵێك تەئویلات هەموو ئەو پارانەی لووش کرد ، بۆ خۆی قازانجێکی ماددی کاتی کرد بەڵام لە بەرامبەردا بەهایەکی گەورەی ڕووخاندو ئیحراجییەك و شەرمەزارییەکی زۆری هێنا بەسەر موسوڵماناندا! ئایا تێڕوانینی ئەوانەی ئەو ڕاسپاردانەیان دابووە دەست دوای ئەو ڕوداوە بۆ کەسانی ئیسلامی چۆن دەبێت؟

نموونەیەکی تر: هەموو دەزانین کۆمەڵگەی ئێمە ڕێزێکی تایبەت دەگرن لە ئافرەتان و لە بازگەکاندا نایانپشکنن ، کاتێك کەسێك دێت و ئەم متمانەیەی لە ماوەیەکی درێژدا دروست بووە استغلال دەکات بۆ بەرژەوەندییەکی کاتی و ئافرەتی پۆشتە مینرێژ دەکات بۆ ئەوەی بیتەقێنێتەوە بە کۆمەڵە خەڵکێکدا یا بە شوێنێکی حکومی یا گشتیدا چ زیانێکی گەورە بەو بەهایە دەگەنێت ؟ ئیتر ئایا لۆمەی ئەو سەربازانە دەکرێت کە لە بازگەکاندا ئەو ڕێزە تایبەتە لە ئافرەت بە گشتی و ئافرەتی پۆشتە بەتایبەتی نەگرن؟

نموونەیەکی تر ، هەموو دەزانین لەناو کوردەواری خۆماندا ڕێزێکی تایبەت لە قورئان دەگیرا و خەڵکی ئەگەر چی نەشیان دەخوێندەوە بەڵام زۆر بەپیرۆز تەماشایان دەکرد و ڕێزی زۆریان بۆ دادەنا و لەبەری هەڵدەستان و قورئان لە شوێنێکدا دابنرایە قاچیان ڕانەدەکێشاو ئەوەیان بە بێڕێزییەکی زۆر دەزانی بەرامبەر قورئان کەسێك بە درێژبوونەوە قورئان بخوێنێتەوە یا لەکاتی قورئان خوێندنەوەدا قاچ ڕاکێشێ، هەندێك گەنجی موسوڵمان بە بیانووی ئەوەی کە ڕێزگرتن لە قورئان بریتییە لە پابەندبوون بە ڕێنماییەکانیەوە دەهاتن زۆرێك لەو نەریتانەیان پێشێل دەکرد و لە مزگەوتەکاندا بە قاچڕاکێشانەوە قورئانیان دەخوێند و لەبەری هەڵنەدەستان و هتد ، بەمە بێئەوەی بە خۆیان بزانن بۆ دامەزراندنی بنەمایەك کە ئیشکردن بە ڕێنماییەکانی قورئان و پابەندبوونە پێوەی بنەمایەکی تریان دەڕوخاند کە ڕێزگرتنە لە قورئان زۆر بەگەورە تەماشاکردنییەتی کە لە کاتی لاوازی پابەندیدا پێویستە بۆ بەستنەوەی خەڵکی بە قورئانەوە یا گێڕانەوەیان بۆ ئیسلام . دەکرا لە جیاتی ئەوەی ئەو بنەمایانە بڕوخێنرێن وەکو خۆیان بهێڵرێنەوە یا زیاتر بکرێن بەوەی کە خەڵکی فێربکرێن کە ئەوەندە بەس نییە بۆ ڕێزنان لە قورئان بەڵکو دەبێ بەردەوام دووربکرێتەوەو لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت و کردەوەی پێبکرێت.

نموونەیەکی تر : ڕێزنان لە مزگەوت ، هەموو دەزانین مزگەوت ڕێزێکی تایبەتی هەبوو لای خەڵکی بۆیە سوکایەتی پێکردنی مایەی ناڕەزایی خەڵکی بوو ، دەبوایە لایەنە ئیسلامییەکان ئەم شتەیان گەورەتر و زەقتر بکردایەتەوەو کارێکیان بکردایە ئەوەی بێڕێزی بە مزگەوت دەکا زۆر قێزەون بکرایە لای خەڵکی ، بەڵام ئەوەی ڕوویدا پێچەوانەی ئەمە بوو ئەویش گۆڕینی مزگەوتەکان بە مەقەڕی حیزبی و سەربازی بە بیانووی ئەوەی مزگەوت لە کاتی پێغەمبەردا (د.خ) جێی هەموو چالاکییەکان بووە ، بێئاگا لەوەی کە ئەو کاتە ژیان لەبەر سادەییەکەی ئەو شتەی دەخواست بەڵام ئێستا کە مرۆڤایەتی پێشکەوتووە و هەموو شتێك دام و دەزگای خۆی بۆ دانراوە باشتر وایە هەموو شتێك لە شوێنی تایبەتی خۆیدا ئەنجام بدرێت نەك شتەکان تێکەڵ بکرێن و ڕەچاوی عورف و عادەتی نوێ بکرێت و ئەو شتانەی لە پیرۆزی مزگەوت کەم دەکەنەوە لەبەرچاوی خەڵکیدا نەکرێن و پەیامی مزگەوت چڕبکرێتەوە لە فێرکردن و پەروەردەکرنی خەڵکی کە پەیامە سەرەکییەکەی خۆیەتی ، لانی کەم ئەم کارانە لەو کاتانەدا نەکرێت کە عەلمانییەت باڵادەستەوە کارەکانی تۆ بە هەل وەرگرێت بۆ بەکارهێنانی مزگەوت بۆ مەبەستی سیاسی و حزبی.



شوان رابەر

# هۆکارەکانی خۆکوشتن

• پێناسە: خۆکوشتن بریتی یە لە لەناوبردنی خۆت بەدەستی خۆت بە هەر هۆکارو شێوازوئامێرێك بێت.

• حوکمی خۆکوشتن: خۆکوشتن لە شەریعەتی ئیسلام کارێکی یاساغوقەدەغەکراووحەرامونارەوایە بە هەر هۆکارو شێوازوئامێرێك بێت ، لە رۆژی دواییشدا کاتێ ئینسان زیندو دەکرێتەوەو حەشرو حسابی لە گەڵدا دەکرێت بەردەوام بەوشتە سزا دەدرێت کە خۆی پێ کوشتووە.

• هۆکارەکانی خۆکوشتن.

لە سۆنگەی ئەوەوە کە کرداری خۆ کوشتن بەهەر شێواز و هۆکار و ئامێرێك بێ، لە دێر زەمانەوە تا ئێستا لە ناو هەموو میللەتانی دونیا کەم تا زۆر هەبووە، نەخاسمە ئێستایش لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان و لە کوردستاندا هەیە، بۆیە دەمانەوێ تا ڕادەیەك باس لە چەند هۆکارێکی خۆکوشتن بکەین، جا چ بەخۆ سوتاندن و بەخۆ خنکاندن و بەخۆ کوشتن و بەخۆ لە شاخ و بەرزایی هەڵدان و بەخۆ خستنە دەریا و ... بەهەر هۆکار و شێواز و ئامێرێك بێ، هۆکارەکانی زیاتر بۆ ئەم شتانە دەگەڕێنەوە.

١- لە دین حاڵی نەبوون: لە ئەنجامی ئەوەی هەندێ کەس لە ئاینی ئیسلام حاڵی نی یە، تا ئیسلام بە تاکە چارەسەر و بەرنامە و بە دیلی ژیان بزانێ و دڵی تێر و نەژی و خۆشگوزار و ئاسودە بێ و، تاوانی خۆکوشتن نازانێ چی یە وچۆنە خۆی دەکوژێ.

٢- کێشە و بێ هیوا بوون: لە ئەنجامی ئەوەی هەندێ کەس هەندێ کێشەی زۆر ئالۆز و گەورە و بەردەوامی هەیە، پێ ی وایە قەت چارەسەر ناکرێن، سەبر و خۆڕاگری نی یە، چارەسەری پێ نی یە، لە ژیان و چارەسەر بێ هیوا دەبێ خۆی دەکوژێ.

٣- ترسان: هەندێ کەس لە ئەنجامی ئەوەی لە شتێك زۆر دەترسێ و ترسێکی بە دواوەیە خۆی لە ناو دەبا.

٤- جەسوری: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی کەسێکی جەسورە و کێشە و گیروگرفت و چەند هۆکارێکی تر یش هەیە خۆی دەکوژێ.

٥- بێزاری: هی وا هەیەلەبەر چەندان هۆکار لە ژیانی خۆی بێ زار و بێ هیوا یە خۆی دەکوژێ.

٦- بێ کار ی و دانەمەزراندن: هی وا



هەیە، بێ کارە و بژێوی ژیانی نی یە و خوێندنی خەڵاس کردووە، ئەرکی ژیان و ماڵ و منالێشی لەئەستۆیە کەچی هیچی بۆ ناکرێ خۆی دەکوژێ.

٧- بە ئاوات نەگەیشتن: هەر کەسە و کۆمەڵێ هیوا و ئاواتی لە ژیاندا هەیە، بە هەموو شێوەیەك هەوڵی بە دەست هێنانی دەدا، بە هیچ شێوەیەك پێ ی ناگا،وەك پارە و پۆست و شەهادەوئافرەت و سەفەر و ..... هتد. دەرەنجام خۆی دەکوژێ.

٨- دڵداری: هەندێ دڵداری و ئاشقایەتی هەیە لە نێوان پیا وو ئافرەت زۆر خراپ و توند و حەرامە، کێشەی لێ دروست دەبێ و پێك ناگەن، لە تاوان خۆیان دەکوژن.

٩- دەرکەوتنی نهێنی: هەندێ کەس لە ئەنجامی ئەوەی کۆمەلێ نهێنی گرنگ و ئابڕ و بەری دەردەکەون وبلاّو دەبنەوە خۆی ناهێلێ.

١٠- ئابڕ و چوون: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی شتێکی ئابڕ و بەر و لە کەدار و ڤێزەونی لەسەر کەشف دەبێ یا لە گەلی منجاو دەدرێت خۆی لە ناو دەبا.

١١- خەم و گرفت: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی بەرگەی زۆری گیر و گرفت ناگرێ و کۆمەلێ خەم و گرفتی هەیە خۆی دەکوژێ.

١٢- ستەم لێکران: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی ستەمێکی زۆری لێ دەکرێو دەستدرێژی دەکرێتە سەر، مافی دەخورێ و کەرامەتی دەبرێ، بەرگە ناگرێ و خۆی دە کوژێ.

١٣- هاندان: هەندێ کەس لەبەر قسەی خەڵك و هاندانو رفکردنەوەی لە لایەن خەڵك خۆی دەکوژێ.

١٤- گەمارۆدان: هەندێ کەس لە ئەنجامی ئەوەی لە کار و شەرێك گەمارۆ دەدرێ و دەکەوێتە بەر و چارەنووسی لەناو چوونە خۆی لە ناو دەبات.

١٥- بێ هۆشی: هەندێ کەس لە ئەنجامی ئەوەی ئاگای لە خۆی نی یە و هۆشی لەسەر خۆی نی یە بەهەر هۆکارێك بێ چ بە هۆی ئارەق خواردنەوەو ماددە سەرخۆشکەرەکان ، چ بەهۆی زەربە خواردنو ....هتد ، خۆی دەکوژێ.

١٦- تەنگاو بون و تورەبوون: هەندێ کەس لبەر ئەوەی زۆر تورە دەبێ و دەماری دەگیرێ و تورەوتەنگاو دەکرێ خۆی دەکوژێ.

١٧- ناچارکردن: هەندێ کەس بە شێوەیەك لە شێوەکان ناچار دەکرێ خۆی بکوژێ.

١٨- سوکایەتی پێکردن: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی لە پێشی سوکایەتی بە ئابرو و ئاین و ناموسی دەکرێ، چاوی بە ژیان و بە خەلك هەلنایێ خۆی دەکوژێ.

١٩- دەردە داری: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی نە خۆشی و دەردێکی زۆر کوشندە و بێ چارەی هەیە، یا دەرمانخوارد کراوە خۆی دەکوژێت.

٢٠- بیرو باوەڕ: هەندێ کەس لە پێنا و هەندێ بیروباوەڕ و رێباز کە بڕوای پێیەتی و بە شتێکی باش و رەوای دەزانێ خۆی دەکوژێ.

٢١- رێگری لێکران: هەندێ کەس لەبەر ئەوەی لە شتێك رێ ی لێ دەگیرێ و سەروماڵوخاك و ئابڕوی زەوت دەکرێ خۆی دەکوژێت.

٢٢- راگەیاندن: لەبەر ئەوەی لە هەندێ کەنالی راگەیاندن هەندێ فلیم و بەرنامەی خراپ و خۆ کوشتن لێ دەدرێ و، خەلك خراپ پەروەردەو گۆش دەکرێو فێری خۆکوشتن دەبێت .

- چارەسەر: تاکەچارەسەربۆ خۆنەکوشتن بریتی یە لە : شارەزابوون لە ئاینی ئیسلامو پشت بەستن بە خوای گەورە وچارە سەرکردنی کێشەکانو سەبرگرتنو زیکرکردنو ئەنجامدانی خواپەرستیو رازیبوون بە بەشی ژیانو بژێوی گەشبینیو دامەزراوی و ورەو بێ هوا نەبوونو ...هتد.

# فریشتە و شەیتان



و: بڕەو

دەگێڕنەوە حاکمی ئیتالیا بانگێشتی هونەرمەندێکی شێوەکاری بەناوبانگی کردووە، فەرمانی پێداوە بە کێشانی دوو وێنەی دژیەك و جیاوازو هەڵواسینی بە دەرگای گەورەترین ناوەندی ڕۆحی لە وڵاتدا.

فەرمانی پێ کرد وێنەی فریشتەیەك بکێشێت و لە بەرامبەشیدا وێنەی شەیتانێك، بۆ دیاریکردنی خاڵی جیاوازی لە نێوان چاکە و خراپەدا .

هونەرمەندەکە بەدووی سەرچاوەیەکدا دەگەڕا کە ئیلهامی لێ وەرگرێت.

هونەرمەندەکە منداڵێکی جوان و ناسك و بێگەردی بینی کە ئارامی بەرووی سپی گەشییدا دیار بوو، چاوەکانیشی لە دەریای بەختەوەریدا نقوم ببوو.

هونەرمەندەکە لەگەڵ منداڵەکەدا چوو بۆ ماڵی کەسوکارەکی منداڵەکە، مۆڵەتی لێ وەرگرتن لە میانەی دیمەنی منداڵەکەوە وێنەی فریشتە بکێشێت، بۆ ئەم مەبەستە منداڵەکە ڕۆژانە تاوێك لە بەرامبەر هونەرمەندەکەدا دادەنیشت، هونەرمەندەکەش لە بەرامبەردا بڕێك پارەی پێدان، دواى مانگێك وێنەکە تەواو بوو لەجوانیدا خەڵکی سەرسام کرد، وێنەکەش بریتی بوو لە دەم و چاوی منداڵەکە لەگەڵ هەندێك لە داهێنانی هونەرمەندەکە، دەڵێن لەو سەردەمەدا هیچ وێنەیەك لەوە جوانتر و قەشەنگتر نەکێشرابوو.

دواتر هونەرمەندەکە دەگەڕا بە دووی کەسێکدا تا ئیلهامی دەم و چاوی شەیتانی لێ وەربگرێت.

بۆ ئەم مەبەستە زۆر گەڕا و گەڕانەکەشی زیاتر لە ٢٠ ساڵی خایاند، تا وای لێهات حاکمەکە لەوە دەترسا هونەرمەندەکە کۆچی دوایی بکات پێش ئەوەی ئەو توحفە مێژووییە تەواو بکات، بۆیە بڕیاری خەڵاتێکی گەورەیدا بۆ ئەو کەسەی کە دەموچاوێکی زۆر ناشرین و قێزەون و ترسێنەری هەبێت.

هونەرمەندەکە سەردانی بەندینخانە و نۆرینگەی دەروونی و یانە و شوێنی تاوانبارانی دەکرد، بەڵام هەموویان هەر مرۆڤ بوون و شەیتان نەبوون، تا ئەوەی جارێکیان لەناکاو ڕێی هەڵکەوت لە شەیتان کە بریتی بوو لە پیاوێکی خراپ شوشەیەکی ئارەقی بەدەمەوە بوو لە گۆشەی یانەیەکی پیسدا، هونەرمەندەکە لێی نزیك بۆوە سەبارەت بە مەسەلەکە قسەی لەگەڵدا کرد و بەڵێنی پێدا کە بڕێکی باش پارەی بداتێ و پیاوەکەش بەمە ڕازی بوو.

پیاوەکە دیمەنێکی ناشرین و بۆنێکی پیس و کەچەڵ و هەندێکی موو لە ناوەڕاستی سەری دەرچوو بوو هەروەك سەری شەیتانەکان، کەسێکی بێ گیان و بێ هەست بوو بایەخی بەهیچ نەداداو بە دەنگێکی بەرز قسەی دەکرد و دان لە دەمیدا نەمابوو.

حاکمەکە بەم هەواڵە دڵخۆش بوو چونکە دۆزینەوەی کەسێکی وەها دەبێتە مایەی تەواو کردنی توحفە هونەریە بەنرخەکەی، هونەرمەندەکە بەرامبەر بە پیاوەکە دانیشت و دەستی کرد بە کێشانی روخساری و خۆشی شێوەی شەیتانی بۆ زیاد دەکرد.

رۆژێکیان هونەر مەندەکە ئاوڕی لە پیاوە سیما شەیتانەکە دایەوە کە لەبەرامبەریدا دانیشتبوو بینی فرمێسك هۆن هۆن بە چاوانیدا دێتە خوارەوە، ئەم دیمەنە بە لای هونەرمەندەکە بابەتێکی نامۆ بوو، هونەرمەندەکە پرسی ئایا دەتەوێ جگەرەیەك بکێشی یان عارەق بخۆیتەوە، ئەویش بە دەنگێکی گریاناوی و خنکاو وەڵامی دایەوە و وتی : بەڕێزم تۆ پێش زیاتر لە ٢٠ ساڵ سەردانیت کردم کاتێك منداڵێکی بچوك و جوان بووم ئیلهامت لە روخساری منەوە وەرگرت بۆ کێشانی وێنەی فریشتەکە، ئەوا ئەمرۆش ئیلهامی وێنەی شەیتانم لێ وەردەگریت، بارودۆخ و زەمانە گۆڕانی بەسەردا هێنام تا بومە کەسێك پێچەوانە بە خودی خۆم، بەردەوام فرمێسك بە چاوەکانیدا هۆن هۆن دەهاتە خوارەوە و خۆی دا بەسەر شانی هونەرمەندەکەدا و هەردووکیان پێکەوە زۆر گریان بەرامبەر بە وێنەی فریشتەکە.

**پەند:**

خوای گەورە هەموانی وەك فریشتە دروست کردووە هەندێك جار خۆمان دەگۆڕێین بۆ شەیتان بە هۆی کار و رەفتارە خراپەکانمانەوە، دەبا خۆمان بونیاد بنێین، دەبا هەرگیز ئەو فیترەتە پاکەی خوای گەورە پێی بەخشیوین خراپی نەکەین و نەیشێوێنین.




# حەزی سەرکەوتن

و: سەمیرە کەرکوکی

کێیە حەز بە سەرکەوتن نەکات؟!

ئەم پرسیارە هەموانی خستۆتە ژێر رکێفی خۆیەوە، بێگومان سەرکەوتوو دەبیت لە ژیاندا، گەر هەستی سەرکەوتنت بۆ دروست بێ و هەوڵی دروستبوونی بۆ بدەیت، لێرەدا ئاماژەیەکی کورت بە چەند خاڵێك دەدەین بۆ سەرکەوتن لە ژیانمداندا:

١- هەست بکە هەمیشە لە دڵنیایی دایت بەوەی کە توانات هەیە و، وا بیربکەوە کەسەردەم سەردەمی تۆیە و بەهەلی بزانە بۆ ئەنجامدانی کاری باش و بەسود، وەك هەوڵدان بۆ خوێندن و زانست کاری خێرخوازی و چاکە و ... هتد.

٢- بوونی تۆ لە ژیاندا خۆی سەرکەوتنە، بەڵام پێویستی بە لێهاتوویی تۆ هەیە هیوا و پشت ئەستوربە بە توانا و بەهرەکانت .

لە شکست خواردن بێ ئومێد مەبە، بەڵکو سەرکەوتن ئەوەیە لە دوای شکست هەوڵبدەیت و دووبارە سەرکەوتن بەدەست بێنیت.

٣- لەگەڵ ئەو کەسانەدا ژیان بگوزەرێنە، کە ئەزمونیان لە کاری باشدا هەیە و سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە. بۆ ئەوەی هەر بەربەستێك هاتە رێگات تەماشای ئەزمونیان بکەی بۆ چارەسەری لابردنیان.

٤- هەمشەیە بە هیوا و ئومێدەوە کار بکە و وا دابنێ هیچ کارێك نیە نەکرێت، بۆگەیشتن بە سەرکەوتن.

لە ژیاندا سود لە ئەزمونە شکست خواردووەکان وەربگرە و، مەهێڵە دووبارە بێتەوە چونکە بە دوبارە بونەوەی ئەزمون لە دەست دەدەیت.

٥- هەوڵبدە بژیت و کارێکی وا بکەیت کە لەکەسانی تر باشتر بێت، لەکاری چاکە و گەیشتن بە هیوا و ئامانجەکانت، هەوڵبدە بۆ لوتکە و دڵنیابە هەر دەیگەیتێ، زۆر باش هەوڵبدە چونکە بناغەی سەرکەوتن چاك هەوڵدانە بۆ دونیا و رۆژی دوایی، جا هەر رەگەزێکی، پیاو یان ئافرەت، خوای گەورە تۆی زۆر بە توانا دروست کردووە، تۆش هەوڵبدە تواناکانت بخەرە کار چونکە سەرکەوتن بەئیرادەی پۆڵایین و پلان و بەرنامەی تۆکمەوهەوڵ وکۆششی بەردەوام دێتە دی.

* ساڵی 2009 ،هایەر 5.1٪ی بازاڕی بۆخۆی دەستەبەرکرد، بەمەش
وەك براندی ژمارە یەك هەژمارکرا.

* دوای 26 ساڵ لە دامەزراندنی هایەر، لە هەر خولەکێکدا
نزیکەی 8 بەفرگری هایەر دەچێتە ماڵەکانەوە لە هەموو جیهاندا .

* بەفرگری دوو دەرگای هایەر ساڵی 2010 زۆرترین ڕێژەی لێ فرۆشراوە لە
ئەلمانیاو ئیسپانیا، بەمەش پێشەنگی سەرجەم براندەکانی جیهانی گرتە دەست.

* ساڵی 2009، هایەر داواکاری بۆ 943 بڕوانامەی داهێنان تۆمارکرد، ئەمەش
دەکاتە نزیکەی دوو بڕوانامە لە هەر ڕۆژێکی کارکردندا لەو ساڵە .

* هایەر یەکێکە لە بەشدار بووەکانی بەدەستهێنانی 23 ستانداردی
جیهانی و ئەندامی کۆمسیۆنی ئەلیکترۆنی
نێودەوڵەتیە .

# Haier

## ژیانێکی ئەفسوناوی

* 29 کارگەی بەرهەمهێنان .
* 16 یەکەی پیشەسازی .
* 8 سەنتەری توێژینەوە و پەرەپێدان .
* 19 کۆمپانیای بازرگانی .
* 80 , 990 یەکەی فرۆشتن .


Haier
Inspired Living
لاپتۆپ
پێشەکی و مانگانە 58$
تەلەفزیۆن
پێشەکی و مانگانە 40$
جلشۆر
پێشەکی و مانگانە 35$
سپلیت
پێشەکی و مانگانە 33$
قاپ شۆر
پێشەکی و مانگانە 40$
موجەمیدە
پێشەکی و مانگانە 26$
بەفرگر
پێشەکی و مانگانە 48$
تەباخ
پێشەکی و مانگانە 52$
ناونیشان: هەولێر- 100 مەتری- بەرامبەر گۆڕستانی شێخ ئەحمەد 0750 397 5757 - 0750 428 6868 - 0750 135 0909
دهۆك: 0750 722 2244 رانیە: 0750 383 5883 سۆران: 0750 448 5195 سلێمانی: 0771 151 2422
هەریر: 0750 466 4881 کۆیە: 0750 156 7311 رەواندوز: 0750 497 2959 زاخۆ: 0750 156 7311



# بۆچی

## بەرەنگاری گۆڕان دەبینەوە؟!

عبدالقهار بلباس
qahar1980@gmail.com

هەندێك لە ئێمە بەرەنگاری دەكات لە گۆڕینی ژیانی بەرەو باشتر و چاكتر، لەبەر ئەوەی ئەو بارەی خووی پێوە گرتووە لای ئەو زۆر باشترە لە بارودۆخێك كە لەلای نامۆیە و لەگەڵی ڕانەهاتووە، بیركردنەوەیەكی هەڵەی هەیە كاتێك وا دەزانێت ئەو بارودۆخەی ئەو لەگەڵی ڕاهاتووە بارێكی سەلامەت و جێگیرە، ئەمەش وا دەكات هەڵنەستێت بە ئەنجامدانی گۆڕانكاری و گەیشتن بە لووتكەی ئامانجەكانی لە ژیاندا.

جیمی كارتەر دەڵێت: "لەوانەیە كاتژمێر ٩ی بەیانی لەخەو هەستم و تەواو پشوو بدەم .. یاخود ٦ی بەیانی هەستم و ببم بە سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا."

كەواتە بۆچی بەرەنگاری گۆڕان دەبینەوە؟!

– بەرەنگاری گۆڕان دەبینەوە.. لەبەر ئەوەی ئێمە پێشبینی دەكەین كارەكان خراپ بن و گۆڕانكارییەكان لە بەرژەوەندی ئێمە نەبێت یاخود بەهۆیەوە بارودۆخمان لە پێشوو خراپتر بێت.

لەبەر ئەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئێستامان ڕاهاتووین و خوومان پێی گرتووە، بەڵام ئەی ئەگەر بارودۆخی ئێستات دووچاری بێزاری و ماندوێتی و ئازاری كردی و وای لێكردی كە لە پەنجەرەیەكی تەنگ و دیاریكراو سەیری ژیان بكەیت!، ئەو كات دەبیتە زیندانیەك وەكو باڵندەیەك لە قەفەسی زێڕدا بێت و هەموو ڕۆژێك خواردن و خواردنەوەی پێ بدەیت و هەست بە ئاسایش بكات، بەڵام هەستێك لە ناخەوە ئازاری دەدات و پێی دەڵێت كە ئەم جیهانە گەورە و فراوانە و زۆرێك لە هەڵبژاردن و هەلی سەركەوتنی تێدایە، بەڵام ئەو تاكو ئێستا دەروونی خۆی زیندانی كردووە بە خەیاڵاتی بێ بنەما.. كەواتە بەر لە بە فیرۆچوونی ژیانی لە نێو وەهمی ئاسایش با بەم چۆلەكەیە بڵێین چی دەكەی ئەگەر ڕۆژێك لە ڕۆژان خاوەنەكەت مرد یاخود نەخۆش كەوت و تۆش ڕۆژێك ئەم جیهانەت نەدۆزیوەتەوە یان هەتا ئەگەر قەفەسەكەش بشكێت بەڵام كات بەسەر چووبێت و تۆش توانای جووڵەكردنت نەما بێت!.. تكایە بیر بكەوە.. بە قووڵی بیر بكەوە.

– ترس .. ترسمان لە دۆڕان لە پرۆسەی گۆڕان بە دوورمان دەخاتەوە،

هەروەها ترس لە سەرکەوتن بە هەمان شێوە لە پرۆسەکە بە دوورمان دەخاتەوە، لەبەر ئەوەی ئەم سەرکەوتنە دووچاری کاری زیاد و پێداویستی نوێمان دەکاتەوە کە پێویستە ئەنجامی بدەین، ئێمەش وایدەبینین کە ئەمە بارێکە و ناتوانین بەرەنگاری بینەوە.

بۆیە پێویستە لەسەرت کە وریای ترسی ناوەوەت بیت لەبەر ئەوەی دوژمنی بەرهەم و سەرکەوتنەکانتە، ئەوەی پێت دەڵێت: ( "بگەڕێوە" تۆ ناتوانی بەهەموو ئەو کارانە هەستیت -ئەمە بارێکی زیادە لەسەر شانت و تۆش ماندووی - کارەکە پێویستی بە جدی بوون هەیەو پیرت دەکات - تۆ گونجاو نیت بۆ خوێندنی ئەو شتەی حەزی پێ دەکەیت )، جا ئاگاداری ئەم دوژمنە شاراوەیە بە کە دەبێتە هۆی راگرتنی کاروانی ژیانت، هەروەها دووچاری خۆ بەدەستەوەدانت دەکات تاکو نوقمی نێو ژیانێکی خراپت دەکات سەرەڕای بوونی توانات لەسەر گۆڕان.. بۆیە ئەم جۆرە ترسانە لە دەروونت دەربکە و خۆت بدۆزەوە و پێداگری بکە لەسەر سەرکەوتن.

ئەبو قاسم ئەلشابی لە یەکێك لە شیعرەکانی دەڵێت:

ئەوەی بترسێت لە سەرکەوتنی بۆ سەر چیاکان ... تا دونیا ماوە دەبێت ژیان بگوزەرێنێت لە نێو چاڵەکاندا.

– شکستی پەیوەندی.. یاخود نەزانینی رۆڵ بە جۆرێك نازانی کە چ کارێك پێویستە ئەنجامی بدەی لە پێناو میکانیزمی گۆڕان لەبەر ئەوەی تۆ رۆڵی خۆت نازانی، ئایا لە باری پلاندانانی یان جێبەجێ کردنی کار، یاخود سەرپەرشتی کردنی ئەنجامەکان؟

بۆیە رێگە نیشاندەری ژیانت بدۆزەرەوە، لەوانەیە "عەقڵ"ی خۆت بێت کەواتە بە هۆیەوە ئامانجەکانی ژیانت بێنە دی و پشتی پێ ببەستە لە هەموو ئەو زانیاریانەی پێویستن بۆ ناسینی ئەو کارانەی کە بە نیازی ئەنجامیان بدەی بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دروست جێبەجێیان بکەی، یان لەوانەیە رێنیشاندەرت "کەسانی شارەزا و خاوەن زانست" بن بۆیە راوێژییان پێ بکە تا باشترین رێگە و ئامرازی پێویستت نیشان بدەن بۆ دیاریکردنی ئەو کارانەی پێویستن و پاشان چۆنیەتی ئەنجامدانیان بەو شێوەیەی کە پێویستە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانت.

بەڵام کەسانی تریش هەن لە میکانیزمی گۆڕان پشت دەبەستن بە ئامادە بوون لە خول و وانەکان، هەروەها خوێندنەوەی کتێب و بابەتەکان، گوێگرتن لە کاسێتی دەنگی و رەنگی و بەرنامە رۆشنبیرییەکان. بە جۆرێك زانیاری و شارەزاییەکی ئاوای لێ دەستدەکەوێت کە بتوانێت دەستنیشانی پێویستیەکانی بکات بە مەبەستی گۆڕانکاری کردن لە زۆرێك لە کارەکانی ژیانی و دیاریکردنی ئەو کارانەی کە پێویستە ئەنجامیان بدات و بە شێوەیەکی سەرکەوتوو بەرهەمیان بهێنێت.

دکتۆر "ئیبراهیم فەقی" لە کتێبەکەی بە ناوی "دە کلیل بۆ سەرکەوتن" دەڵێت: (تێگەیشتن ئەوەیە کە بزانێت چی دەکەیت، لێهاتوویش ئەوەیە کە بزانی چۆن دەیکەیت، سەرکەوتنیش بریتیە لەوەی دەیکەی).

– پێویستی هاوکاری کردن.. بێگومان گۆڕانکاری هاریکاری و تەنسیقی چەندین دەستە لە نێوان خۆیان بەجۆرێك گونجاو و کوك بن لە لەگەڵ یەکتری، بەڵام بێ توانایی لە هێنانە دی ئەو هاوکاری و گونجاندنە وامان لێدەکات بەرەنگاری گۆڕان ببینەوە.

بۆ نموونە: گەنجێك پێویستی بەوە هەیە پرۆژە تایبەتیەکەی بەرفراوانتر بکات بەڵام توانا هونەری و داراییەکانی رێگەی پێنادەن ئەو کارە ئەنجام بدات، بۆیە پشت دەبەستێت بە کەسانێك کە لەگەڵی شەریك و هاوبەش بن لە سامان و لە شارەزایی، جا ئەگەر هاریکاری و تەنسیق لە نێوان ئەو هاوبەشانە نەبێت ئەوا فراوانبوون و زیادکردنی رێگای تر بۆ بەرهەمهێنان یاخود زیاد کردنی خزمەتگوزاری نوێ کارێکی زەحمەت دەبێت.

بۆیە پێویستە لەسەرمان کە دۆزینەوەی هاوبەشی کارەکانمان لەسەر بنەمایەکی راست هەڵبژێرین بۆ ئەوەی بگەین بەو شتەی پێویستمانە لە پاڵپشتی و هاوکاری تا میکانیزمی گۆڕان بە شێوەیەکی سەرکەوتوو و کاریگەر بە کۆتا بێت.

– دژواری لە گۆڕینی داب و نەریتە کۆنەکانمان و گونجان لەگەڵ نەریتە نوێیەکان بە تایبەت کاتێك لە تەمەنێکی گەورەدابین، بێگومان ئەوکات گۆڕینی داب و نەریتەکانمان کارێکە پێویستی بە هەوڵ و ماندوو بوونێکی گەورە هەیە.

بۆ نموونە ئێمە راهاتووین لەسەر کارەکەمان و هاوڕێیانمان لەسەر کار و کاتێکی کەم کە لە کارەکەمان دەیبەینە سەر، ئەو کارانەی رۆژانە زۆر بە ئاسانی ئەنجامیان دەدەین، بۆیە کاتێك هەوڵ دەدەین کارەکەمان بگۆڕین بۆ کارێکی بالاتر ئەوکات پێویست دەکات هەموو ئەو شتانەی لەسەری راهاتووین بیگۆڕین، لە زیادبوونی کاتەکانی کارکردن هەروەها ئەرکێکی نوێ کە لەوانەیە لە پێشووتر زەحمەتتر بێت، ئەو هاوڕێیانەی کار کە لەگەڵیاندا راهاتووین بۆ کەسانێکی تر کە نایانناسین و نازانین ئایا لە کارکردن لەگەڵیان ئاسوودە دەبین یاخود نا، هەر لەبەر ئەم هۆکارانە ئێمە هەڵدێین لە گۆڕینی ژیانمان بە شێوەیەك بیر دەکەینەوە کە ئەمە پێویست نیە، بۆیە زۆرێك لە هەلی سەرکەوتن و بەرزبوونەوەمان لە ژیان لەدەستداوە.

جا ئەوەی کە تۆ دەتەوێت ئەوەیە؟ یاخود دەتەوێت ئەمرۆ یاخی بێت

و بگەیت بە هەموو هەلێك كە لەبەر دەمتە بۆ گەیشتن بە ژیانێكی باشتر.

«رامزی كلارك» دەڵێت: یاخی بوون هێزێكی پاڵنەرە بۆ ژیان، بێگومان هەلە. دەبا یاخی بوونمان خۆش بوێت و بەكاری بهێنین بۆ گۆڕانكاری.

– لەوانەیە ڕووبەڕووی بەرگری دەورووبەرمان و سووربوون لەسەر ئەنجامنەدانی گۆڕان ببینەوە.

بۆ نموونە ئافرەتێك ڕەتی دەكاتەوە خانووەكەی بە یەكێكی فراونتر بگۆڕێت لەبەر ئەوەی نایەوێت لە دراوسێكانی دوور بكەوێتەوە، یاخود خانووە نوێیەكەی لە ماڵی كەس و كاری دوورە بۆیە سوور دەبێت لەسەر دژایەتی كردنی هاوسەرەكەی و چوونە نێو خانووی نوێ ڕەت دەكاتەوە، هاوسەرەكەشی لە ترسی ئەوەی پەیوەندی نێوانیان تێكنەچێت بە هۆی ئەو گۆڕانەی دەیەوێت ئەنجامی بدات و خێزانەكەی پێی ڕازی نیە بۆیە پەشیمان دەبێتەوە لە گواستنەوە و گۆڕینی شوێنی نیشتەجێ بوونی.

ئەم پیاوە ئەوەی بیرچوو كە گفتوگۆیەكی بنیاتنەر لەگەڵ هاوسەرەكەی ئەنجام بدات و بۆی ڕوون بكاتەوە كە چوونە نێو خانووێكی گەورەتر و فراوانتر چەند سوودی بۆ خۆیان و منداڵەكانیان هەیە، لەبەر ئەوەی لێك تێگەیشتنی پیاو لەگەڵ هاوسەرەكەی و هەوڵدان بۆ ڕازی كردنی بێگومان بەرهەمی دەبوو، بەڵام ئەم كارەی وازهێنا و بوو بە هۆكاری پێشنەكەوتنی ئەم خێزانە و گەشەنەكردنی ژیانی هەموو ئەندامانی خێزانەكە.

كەواتە بۆچی بەرەو ڕووی شەپۆل مەلە دەكەین؟! لە كاتێك دەتوانین وا بكەین لەگەڵ ئامانجەكانمان ڕێ بكات و هەوڵ بدەین بگەین بە هەموو ئەو شتانەی دەمانەوێت.

«ئاندی وارول» دەڵێت: گۆڕانكاری لە ناخی خۆت دەست پێ بكە، پاشان بیكە بە بازنەیەك بەردەوام لەگەڵ تێپەڕبوونی كات فراوان بێت بۆ ئەوەی هەموو دەووروبەرت بگرێتەوە.

– خۆ لە «گێلی»دان یان بە مانایەكی تر بە ئاسایی هەست بە خراپ بوون بكەیت بە بێ ئەوەی جووڵەیەك بكەیت و نارەزاییەك دەربڕیت.

بارودۆخی خراپ نابێتە هۆی ئازار و بێ تاقەتیمان، جا بۆچی جووڵە بكەین و بۆچی خۆمان بخەینە مەترسیەوە و هیچ شتێكیش هانمان نادات بۆ ئەمە، بۆچی بەرەو گۆڕانكاری هەنگاو بنێین كاتێك ئێمە هەست بە ئازارەكانمان ناكەین؟! ئەمەش مەترسیدارترین شتە كە هەڕەشەیبێ بۆ سەر پێشكەوتن و گەیشتنمان بەو ژیانەی دەمانەوێت و شایستەمانە.

بۆیە پێویستە هەست بەوە بكەین كە ئەو كارەی ئەنجامی دەدەین ستەمێكە لە نەفس و بە فیڕۆدانی مافی خۆیەتی لە ژیانێكی باشتر و بەختەوەرییەكی گەورەتر، بۆ ئەوەی بتوانین دەست بكەین بە میكانیزمی گۆڕان و هەڵكشانی ژیانمان بۆ ئاستێكی بەرزی گەشە سەندن، هەروەها هەستكردن بەو بەختەوەرییەی كە خوای گەورە پێی بەخشیوین لە كاتێك بە هۆی ئەو جۆرە هەڵسوكەوت و بیركردنەوانە خۆمان لێ بێبەش كردووە.

كەواتە ئەوە بزانە كە تۆ توانات هەیە لەسەر تێپەڕاندنی بێ هیوایی و هەستكردن بە ترس و پاشان دەستپێكردنی میكانیزمی گۆڕان بە ئازایەتیەوە، بێگومان خوای گەورە هەموو پێویستیەكی لە ناختەوە بۆ فەراهەم كردووی، پێشتر ئەوەت تاقیكردۆتەوە كە بە ژیانێك بژیت تیایدا هەستی ڕازی بوونی ڕووكەشانە و داڕووخاوی زاڵ بێت بەسەرتەوە و وایكردووە كەسێكی بێ هیوا و كەساست لێ بەرهەم بێت.

پێم مەڵێ كە بەختەوەر و خۆشحاڵم لە كاتێكدا دەبینی ژیانت وەستاوە و جووڵەی لێ بڕاوە، بەڵكو چاودێری خەون و ئامانجەكانت دەكەی بەردەوام بەرەو دواوە دەچن و هەمووان پێش تۆ دەكەون، تۆ لەگەڵ ئەو هەستە بە ئازارە ڕاهاتووی، وەك ئەوەی نەخۆشێك بێت و لەبەردەمت چارەسەر هەبێت بەڵام دەستت دڕێژ ناكەیت بۆ ڕزگاركەری ژیانت لە ئازار و ناخۆشیەكان و هەوڵدان بۆ گەیشتن بەبەختەوەری.

خوێنەری بەڕێز: پێویستە بزانی لایەنەكانی كەمو كوڕی لە ژیانتدا لە خودی خۆتە و دەستكردی خۆتە، لەبەر ئەوەی توانات نیە بڕیاری گۆڕان و هەڵسانەوەی ژیانت بدەی بۆ ژیانێكی باشتر و چاكتر. جا ئەگەر ئێستا حەزی ئەوەت نیە خۆت بدەیتە بەر باری گۆڕان و جووڵاندنی ژیانت بۆ ئاستێكی باشتر لە خۆشی و بەختەوەری، پێم نالێی كەی ئەم بڕیارە دەردەكەی! كات كورتە و بەشی دوودڵی ناكات، تەمەنیش دەڕوات بەبێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێك لە دواتەوە جێبهێڵێت، جا باشترین چاكە ئەوەیە كە ڕقت لە بێ هێزی ئەمڕۆت بێت و بە ئازایەتیەوە هەنگاو بنێی بەرەو گۆڕان.

كەواتە ئەو ژیانە چیە كە بۆ خۆت هەڵیدەبژێریت؟! پێویستە لەمڕۆوە بڕیاری لەسەر بدەیت.

دكتۆر «تاریق سویدان» دەڵێت: (زۆرینەی خەڵك چاوەڕێی شتێك دەكەن تا بە هۆیەوە بگۆڕێن، هەندێكی تریش كاتێك دەگۆڕێن كە دووچاری كارەساتێك دەبنەوە، یاخود ڕۆڵیان لە ژیان دەگۆڕێت، بەڵام گەورەترین گۆڕان گۆڕانێكی مەبەستدارو هۆشیارانەیە، لە بیركردنەوە و ئیرادە و هەستكردن بە بەرپرسیاریەتییەوە سەرچاوەی گرتبێت).



# بەڕێوەبەرایەتی و سەرکردایەتی



عبدالرحمن صديق

بـەڕێـوەبـەرایـەتـی: جـووڵـەیـەکـی بازنەییە، ڕۆژانە چەند بارە دەبێتەوە، هۆکارە نەک ئامانج ، بەڵام

سەرکردایەتی: جووڵەیەکی ئاسۆییە بۆ بەرەو پێش چوون، یان ستوونییە بۆ سەرکەوتن.

بـۆیـە بـەڕێـوەبـەرایـەتـی بـێ سەرکردایەتی: پرۆسەی خولانەوەیە لە جێی خۆدا و، هۆکاری بێ ئامانجە.

سـەرکـردایـەتـیـش بـەبـێ بەڕێوەبەرایەتی: پرۆسەی چوون بۆ ئامانجە بەبێ هۆکار.

بۆیە لێرەوە زۆر گرنگە ئاماژە بەچەند سیفەتێکی بەڕێوەبەری سەرکردە، یان سەرکردەی بەڕێوەبەر بدەین:

یەکەم: پێویستە کەسی سەرکردە، ئەندامەکانی فێری ناسینی هۆکارەکانی گەیشتن بەئامانج بکات، نەک هەر باسی ئامانجەکانیان بۆ بکات، وەک گوتراوە واباشە فێری ماسی گرتنیان بکات، نەک هەر ماسییان بداتێ.

دووەم: متمانە بەهاوکارانی بدات و، لەخەمی تێگەیاندن و پێگەیاندنی نـەوەی نوێی جێگرەوە بێت و، وەک پرۆڤە کردنیش جاروبار هەل بدات بە هاوکارانی بۆ ڕاپەڕاندنی هەندێك کار.

سێیەم: زۆر نەچێتە نێو چۆنیەتی ئەنجامدانی کارەکانەوە. وەک جۆرج باتۆن دەڵێت: (پێیان بڵێ چی بکەن، بەڵام مەڵێ چۆنی بکەن)، چونکە کاری سەرکردە ئەوەیە کە دواجار ڕێگەچارە بدات.

چوارەم: پێویستە سەرکردە کەسێکی بینراو بێت، نزیك بێت ، خۆی پیشان بدات، بگەڕێت بەنێو هاوکارانیدا، ئەوسا کاری بۆ دەکەن چونکە خۆشیان دەوێت، نەک لەبەر ئەوەی لێی دەترسن، چونکە ئەو بەپێی پێویست بەسەریان دەکاتەوە.

پـێـنـجـەم: کـێـشـەکـان بـە هێمنی چارەسـەر دەکـات. گیانی وەرزشـیـی و قسەخۆش و ڕووی خۆشی هەیـەو، دان بەهەڵەی خۆیدا دەنێت.

شەشەم: جیاوازیی دەکـات لەنێوان هەڵە و هەڵەکاردا. ڕەخنەی لە کارەکەیە نەک لە بکەرەکەی. سەرزەنشتەکانیشی کاتین، نەک بۆ هەتا هەتایی.

حـەوتـەم: سـوپـاسـگـوزارەو خـەلات بەخشە، دەستخۆشییەکانی بۆ کارە نەک بۆ بکەر. لەحاڵەتی باش وجواندا وێنەی هاوکارانی دەگرێت. هەڵسەنگاندنیشی بەپێوەری بەدیهێنانی ئامانجە نەک بەرەهایی.

هەشتەم: کارەکانی دابەش دەکات و، کات و شوێنی کاری هاوکارانیشی دیاری دەکات و، کاری گونجاو لەشوێنی گونجاو دەداتە هاوکارانی.

نۆیەم: بایەخ بەکات دەدات و، خۆ دوور دەگرێت لەهەژموونی کت وپڕی، خێرایە بەڵام پەلەی نییە.

دەیەم: ڕەخنە لەخۆ دەگرێت. دەزانێ خۆی کێیە با خەڵکیش نەزانن ئەو کێیە.

یازدەهەم: بەدواداچوون و موتابەعەی هەیە نەک پشتگوێ خستن و لۆمەکردن. وەك خـۆپـارێـزیـی پـێـشـوەخـتـیـش لەبڕیاردانی هەڵە، هاوکارانی تاقیدەکاتەوە پێش ئەوەی لەپۆستێکدا جێگیریان بکات، کەسیش بۆ هەتاهەتا لەشوێنێك دانانێت.

دوازدەهەم: جیاوازیی دەکات لەنێوان مـاوەی خزمـەتـگـوزاریی هەرکـەسـێـك و شارەزاییکەسێکی دی لـەو کـارە، بۆ هەر کارێکیش سیفەتێکی کەسەکەی دەوێـت نـەك کەسەکە خـۆی. سـوود لە سیفەتی هەرکەسێکیش لەشوێنی خۆیدا وەردەگرێت.

سـێـزدەهەم: خـاوەن پـەیـامـە نەك داواکاری پۆست. زیادەکاری هەیە، نەك کەمکردنەوە لە ئەرك.

لـەهـەنـدێـك مـافـی خـۆیـشـی خـۆش دەبـێـت. چـاوی لـەو شـتـانـەش نییە کە لەدەستی خـەڵکیدان و، دیارییش لەکەسێك وەرناگرێت لەبەرامبەر کارێك کە بۆی ئەنجام دەدات.

چـواردەهەم: دڵخۆشیی وکامەرانیی ئەو لەو کارەدایە کەئەنجامی دەدات. ئەو وشانەش لەئاخاوتندا بەکاردێنێت کە لە دڵی مرۆڤەوە بۆ دڵی مرۆڤ دەڕۆن.

# چۆنیەتی ئامادەکردنی ژیاننامەی کەسی Cv

هیوابلباس



لەڕاستیدا هەرکەسێك بیەوێت داواکاریەك پێشکەش بکات بە کۆمپانیایەك یان هەر دەزگاو دامەزراوەیەك بەمەبەستی دۆزینەوەی کارێك یان پیشەیەك و دامەزران تێیدا جا چ دەرچووی زانکۆ یان پەیمانگا بێت یان لەهەر ئاستێکی تری خوێندن و شارەزایی دابێت ئەوا پێویستە لەسەری کە نوسراوێك ئامادە بکات و تیایدا زانیاری کەسێتی و تواناو تایبەتمەندیەکانی خۆی تۆمار بکات. چونکە بێگومان لایەنی بەرامبەر داوای پوختەی ئەو زانیاریانەت لێ دەکات بەلاّم ناگونجێ تۆ بۆ هەر شوێنێك بچیت کۆمەڵێك بەڵگەنامەو دیکۆمێنت لەگەڵ خۆتدا ببەیت و ئەنجا ماوەیەکت پێ بدەن تا پێناسەی تەواوی خۆت بکەیت، لەبەرئەوەی تەنیا هەر تۆ نیت کە داواکاریت پێشکەش بکەیت و لەلایەکی تریش لایەنی مەبەست بواری ئەوەی نیەو ناتوانێت چاوپێکەوتن لەگەڵ هەموو ئەو کەسانە ئەنجام بدات.

هەربۆیە لایەنی بەرامبەر داوای سی ڤی (CV)ت لێ دەکات و تۆش دەبێ پێشتر ئامادەت کردبێت . لەبنەڕەتدا سی ڤی زاراوەیەکی لاتینیەو بریتیە لە (Curriculum Vitae) کە لە زمانی عەرەبیشدا ( السيرة الژاتية) ی بۆ بەکاردەهێنن و واتای ژیاننامەی کەسی دەگەیەنێت کە پوختەی زانیاریە کەسییەکان دەگرێتەوە. بەواتایەکی تر سی ڤی بریتیە لە ناسنامەیەك کە پێناسەی خاوەنەکەی دەکات، و ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامدانی چاوپێکەوتن تا بە خاوەنکار بڵێی من کاراو چالاکم و شایەنی ئەوەم دابمەزرێم و کارت لەلا بکەم. بۆیە نووسینەوەی سی ڤی هەنگاوێکی گرنگە بۆ بەدەستهێنانی کار، و ئەگەر بەچاکی و تێرو تەسەلی دابڕێژرێت ئەوا دەتوانین بڵێین ئەنجامدانی چاوپێکەوتنت بۆ مسۆگەر دەکات.

لە شێوە ئاساییەکەیدا ژیاننامەی کەسی (CV) لە چوار بەشی سەرەکی پێك دێت کە ئەمانەن:

یەکەم: زانیاریە کەسییەکان وەکو: ناو، تەمەن، باری کۆمەڵایەتی (خێزانداری)، ڕەگەز، ڕەگەزنامە، هەروەها ناونیشان وەکو شوێنی نیشتەجێبوون، ژمارەی تەلەفۆن و

مۆبایل، پۆستی ئەلیکترۆنی (email).

دووەم: توانستە زانستیەکان:
نوسینی و ریزکردنی هەموو ئەو بڕوانامە ئەکادیمیانەی کە ئەو کەسە بەدەستیهێناوە یەك لەدوای یەك بەم شێوەیە : سالی دەرچوون، پسپۆری، ناوی کۆلیژ یان پەیمانگا، ناوی زانکۆ – شوێن (پارێزگا). هەروەها ناوەندی، ئامادەیی، ئامادەیی پیشەیی.

سێیەم: خولەکانی پێگەیاندن: لێرەدا هەموو ئەو خولانە دەنوسرێت کە لە بواری پسپۆری خۆیدا بەشداری تیادا کردووە ئەنجا پاشان ئەو خولانەی کە لە دەرەوەی پسپۆری خۆیەتی بەم جۆرە : ناوی خول، بابەت (ناوەرۆکی خول)، لایەنی ئەنجامدەر (وەکو زانکۆی ... یان سەنتەری ... یان پەیمانگای ...هتد)، ماوەی خول، بەرواری بەڕێوەچوونی، بڕوانامەکان.

چوارەم: شارەزاییە پیشەییەکان :- کە تیایدا ئەو ئیشوکارانە باس دەکرێت کە داواکار لە پێشوودا کاری تێیاندا کردووە و شارەزاییەکی تەواوی بەدەست هێناوە، وەکو ناوی پیشەکە، بەرواری دەست بەکاربوون و کۆتاییهێنانی، هەروەها گرنگترین ئەو دەستکەوتانەی کە بەهۆی ئەوەوە بەدەستهاتووە، وەرگرتنی سوپاس و پێزانین.

شارەزاییەکانی تر:
زمان : وەکو گفتوگۆکردن بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و ... بە ئاستێکی باش.
کۆمپیوتەر: بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و کارکردن لەسەر چەندین بەرنامە وەکو (بۆ نموونە) بەرنامەکانی ئۆفیس، ئوتوکاد، فۆتۆشۆپ، داتابەیس ...هتد.
هەروەها تایپ کردن بەخێراییەکی گونجاو بەهەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.
مۆڵەتی لێخوڕینی ئوتۆمبێلی تایبەت یان گشتی و شارەزایی لێخوڕینی ئوتۆمبێلی جۆراوجۆر.

هەروەها دەتوانی هەندێ بڕگەی تر زیاد بکەی وەکو:
هیواو ئارەزوو : وەکو خوێندنەوە .. وەرزش .. چالاکی خێرخوازی .. هتد
ئەندامێتی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان:
وەکو ئەندامی سەندیکای ئەندازیارانی کوردستان، ئەندامی کۆمەڵەی خۆشنووسان..هتد.
لەکۆتایی نوسینی هەر سی ڤی یەك پێویستە لە بڕگەیەکی جیادا مەبەستت لە داواکاریەکەت ڕوون بکەیتەوە، وەکو بۆ نموونە: کارکردن وەکو ئەندازیار لە بواری سەرپەرشتی یان جێبەجێکردنی پرۆژەکان، ژمێریار لەسەر کۆمپیوتەر، فەرمانبەر لە بەشی کارگێری .

## چەند ئامۆژگارییەك بۆ نووسینەوەی سی ڤی:

١- تۆ باشترین کەسی بۆ نووسینەوەی ژیاننامەی کەسی خۆت، تەنها پێویست دەکات هەندێ زانیاری بەدەست بێنیت و سەیری چەند نموونەیەکی سی ڤی کەسانی تر بکەیت.

٢- لەکاتی دارشتنی سی ڤی یەکەت هیچ شتێك بەکەم مەزانە و هەموو شتێ کە ڕاستیەو بوونی هەیە بەشانازیەوە بینووسە.

٣- بۆ باسکردنی چالاکیەکانت بەم شێوەیە بدوێ: ئەنجامم دا .. گەشەم پێدا .. چاکم کردەوە، نەك بەم شێوەیە: هەڵساین بە ئەنجامدانی .. چاکمان کردەوە .. کارمان کرد ...

٤- تا دەتوانیت هەوڵبدە لە یەك پەڕەی ئەی فۆڕ (A4) زیاتر نەبێت، بەڵام ئەگەر نەکرا ئەوا با دوو پەرە بێت.

٥- ناونیشان و پۆستی ئەلیکترۆنی و ژمارە تەلەفۆنەکان بە ڕوونی و ئاشکرایی بنووسە و دڵنیابە لە ڕاست و دروستیان.

٦- پێویستە هەموو ئەو شتانەی لە سی ڤی دا دەنوسرێت ڕاست و واقیعی بێت و دووربێت لە زیادەڕۆیی و بەخۆداهەڵدان.

٧- سی ڤی یەکەت بە ڕەنگی ڕەش تایپ بکەو هەر بەو شێوەیەش چاپی بکە تا جوان و ڕوونتر دەربکەوێت لەکاتی سکان کردن و کۆپی کردن، بە شێوازێکی سادە ئامادەی بکە و پێویست بە ڕازاندنەوەو چوارچێوەو شتی لەم بابەتە ناکات.

٨- باشتر وایە باسی ئەو کرێ مانگانەو پاداشتانە نەکەیت کە لە پیشەو پۆستەکانی پێشوو دەستت دەکەوت، بەڵکو کاتێك گەیشتی بە قۆناغی چاوپێکەوتن و خۆشت بە بەرژەوەندیت زانی ئەوکاتە باسی بکە.

٩- پێداچوونەوەی کۆتاییت لەیاد نەچێت تاوەکو دووربیت لە هەڵەی ڕێنووسی و ڕێزمانی، هەروەها ڕیزکردنی بڕگەکان بە ڕێکوپێکی و بەشێوەیەك بێت کە ئەو کەسەی دەیخوێنێتەوە هەست بە بوونی وزەو تواناو کارایی بکات لەمیانەی خستنەڕووی توانستەکان.

١٠- پێش ئەوەی داوا پێشکەش بکەیت بۆ هەر پیشەیەك، ڕاگەیەندراوی پۆستە بەتاڵەکە بەباشی بخوێنەوەو بزانە تایبەتمەندیەکانی ئەو کارە چیە تا چاکتر دایبڕێژیت و بەشێوەیەکی گونجاوتر بینووسیت.

١١- لەدواجاردا پێش ئەوەی سی ڤی یەکەت بگەیەنیتە شوێنی مەبەست بەلای کەم لە کەسێکی بەئەزموون داوابکە تا پێداچوونەوەیەکی پێدا بکات و سەرنج و تێبینیەکانت پێ بگەیەنێت. (بەتایبەتی ئەگەر یەکەم جارت بوو)

١٢- دوای پێشکەشکردنی سی ڤی یەکەت چاوەڕێ مەکە تا لایەنی بەرامبەر تەلەفۆنت بۆ بکات بەڵکو زوو زوو بەدواداچوونی بۆ بکە و ئەگەر بە پۆستی ئەلیکترۆنی ناردبووت ئەوا ڕۆژانە ئیمێلەکەت بپشکنە.

# ڕەمەزانی پیرۆز

ابراهیم برهان



خولی چاکسازی وگەرانەوەبۆلای خوای پەروەردگار

جوانترین وێنەی لە خواترسی جێبەجێ کردنی فەرمانی خودایە کەئێمە لەم پێناوەدا دروست کراوین (وما خلقت الجن والانس الالیعبدون) بۆیە خوای پەروەردگار ساڵانە خولێك بۆبەندەکانی دەکاتەوە کەیارمەتیان دەدات بۆئەوەی لێی نزیك ببنەوە، هەلێکە خوای پەروەردگار بەبەندەکانی دەبەخشێ کە زۆرکەم لەتەمەنی مرۆڤەکان دووبارە دەبێتەوە، چونکە ئەوکەسەی بەشداری دەکات لەم خولە گرنتی ئەوەی لانیە کەئایە ساڵێکی تر دەژی بۆ ئەوەی دووبارە بەشداربێت لەم خولە بۆیە خوای پەروەردگار فەرمانمان پێدەکات لەونامەیەی کە بۆ بەندەکانی ناردووە ئەفەرموێ (یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کُتِبَ عَلَى الذِینَ مِنْ قَبْلِکُمْ لَعَلَّکُمْ تَتَّقُونَ)بۆیە پێویستە هەرلەئێستاوە لەپێشوازی ئەم خولەبین خۆمان ناونووس بکەین هەروەك:

– چۆن زەوی تینو پێشوازی لەباران دەکات.

– چۆن نەخۆش پێشوازی لەپزیشك دەکات.

– چۆن خۆشەویستێك پێشوازی لەون بوەکەی دەکات

کەوابوو ئاگاداربن چۆنیەتی بەرێوەچونی ئەم خولە بەم شێوەیەی خوارەوەیە

ڕۆژوو دەست پێکردنی خول: بەبینینی مانگی یەك شەوەی ڕەمەزان یان تەواوبوونی سی ڕۆژی مانگی شەعبان

کات: لەگەڵ نوێژی بەیانی تاوەکو ڕۆژئاوابوون (من الخیط الابیض الي الخیط الاسود)

ماوە: ٢٩-٢٨ڕۆژ

شوێن: لەهەربستێکی ئەم دونیایە موسڵمانێکی تێدابژی ئەم خولەی تێدائەنجام دەدرێت.

ڕێنماییەگشتی وتایبەتی یەکانی ئەم خولە بریتییە لەمانەی خوارەوە پێویستە پابەند بی گەردەتەوێ لەکاروانی سەر کەوتوان بی:

یەکەم: مەرجەکانی بشداربون لەم خولە.

١- ئیسلامیەتی (موسلمان بوون): ئەو کەسەی بۆی هەیە بەشداربێت لەم خولە ئەبێ موسلمان بێت لەسەر کافر پێویست نەکراوە ،پەروەردگار ڕووی تەکلیف لەکەسێك دەکات کە خۆشی دەوێت بۆیە بەنازناوی ئیمان بانگی دەکات (یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کُتِبَ

عَلَى الذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ).

٢- بلـوغ: مەجی دوومەی بلوغ بونە، واتە لەسـەر مندال پێویسـت نیە بەلام بۆهاندانـی دەكرێت لەحەوت سـاڵیەوە فەرمانی پێبكرێت

٣- ئەبـێ ئاقل، بێت شـێت وبێهۆش بۆی نیە بەشدار بێ لەم خولە

٤- ئەبێ توانای رۆژوو گرتنی هەبێت واتـا بۆئەوانـەی نەخۆشـن لەسـەریان پێویست نیە بەشدار بن لەم خولە.

دووەم: تایبەت مەندیەكانی ئەم خولە

١- ئـەم مانگـە بۆتاوان بـاران وەك گەنجینەیەكـە بۆئـەوەی تاوانەكانیـان بگۆڕنـەوە بەچاكە (فاولئـك يبدل الله سيئاتهم حسنات).

٢- خۆشەویسـترین خوولە لەسـەر ئیمان داران ناخۆشـترین خولە لەسـەر دووڕوەكان.

٣- فریشتەی خوا نزاو لێخۆ شبون بۆ بەشدار بوانی ئەم خولەدەكەن.

٤- پەرسـتش لـەم خولـە ئەجـرو پاداشتی لەهەزار مانگ زیاترە.

٥- بەجێ گەیاندنی عەمرە لەم مانگە پاداشتی وەك حەجكردن وایە.

٦- شەفاعەت بۆ بەشـدار بوانی ئەم خولـە دەكات لەرۆژی دوایـی لەمەودای ئەم خولە(كەمانگێكە دەرگاكانی بەهەشت دەكرێتـەوە قاپیەكانی دۆزەخ دادەخرێن شەیتانەكان كۆت وزنجیر دەكرێن).

٧- لێخۆشـبونی خوای پـەروەردگار لەدوارۆژی خولەكە بەبەشدار بوان.

٨- بۆنی ناخۆشـی دەمی رۆژووەوانان لەلای پەروەردگار خۆشترە لەبۆنی میسك

سێ یەم: ئەوكارانەی كەبەشداربوانی ئـەم خولـە پێویسـتە جێبەجێی بكەن بۆئەوەی خولەكە بەسەر كەوتووی تەواو بكـەن و ببێتە هـۆی رەزامەندی خوای پەروەردگار بریتییە لەمانەی خوارەوە:

١- گەرانەوە بۆلای خوای پەروەردگارو تەوبەكردن لەتاوانی رابردوو.

٢- دانانی بەرنامەیەكی تۆكمەو رێك وپێـك كەپربێ لەخوا پەرسـتی و نزیك بوونەوە لەخوای پەروەردگار.

٣- گۆرینی ئاكاروو رەفتارمان

٤- نیەت هێنانی كاركردن بۆ ئیسلام بلاَو كردنەوەی دینی خوا.

٥- خوێندنـی قورئانـی پیرۆزو ورد بونەوە لەماناكەی

٦- گرنگـی دان بەنوێـژی بەكۆمەڵ لەمزگەوت بەتایبـەت نوێژی بە یانی و عیشا

٧- گرنگـی دان بەنوێـژی تەراویح و شەو نوێژو قورئان خوێندن تێیدا

٨- خوێندنـەوەی موتاڵەعـەی ئـەو پەرتوكانەی كەلایەنی ئیمانی و رۆحیمان بەهێز دەكەن و دڵەكانمان دێنێتە جۆش

٩- عەمرە كردن لەم مانگە كەئەجرو پاداشتی وەكو حەجە.

١٠- ئەنجام دانی نوێژی چێشـتەنگاو (صلاة الضحى).

١١- زۆر نزاو پارانەوەو داوای لێخۆش بوون كـردن لەم مانگەدا، خوێندنەوەی ویردەكان بەتایبەت ویـردی بەیانیان و ئێواران.

١٢- دەست گرۆیی و خێركردن.

١٣- چاكە كردن لەگەڵ دایك وباوك و بەجێگەیاندنی سیلەی رەحم.

١٤- گرنگـی دان بە دەشـەوی كۆتایی ئەم خولەواتە (ليلة القدر).

خوێنـەری خۆشەویسـت كۆتا رۆژی ئەم خولە كەدەكاتە یەكەم رۆژی شەوال واتا یەكەم رۆژی جەژنی رەمەزانی پیرۆز لەرێورەسـمێكی شایستەدا كەپەروەردگار هەمـوو دەرگای ماڵەكانی خـۆی دەكاتە سەرپشـت بۆبەشـدار بوانی ئـەم خولە لەدوای مارشـی جـەژن (الله اكبر .... الله‌اكبر ..... الله‌اكبر .... لاالـه الا الله والله اكبر .... هتد)خەلاَت بەسـەر بەشـداربوان دابەش دەكرێت گەورەترین خەلاَتیـش كەخـوای پـەروەردگار بەبەشـداربوانی ئەم خولەی ئەبەخشـێ لێخۆشـبونیەتی لەهەموو گوناهەكان.....

ئـای چ موژدەیەكی خۆشـە بۆیە دەلێین (اللهم اجعلنا من عتقاء شهر رمضان).





# سەرگوزشتی هەڵۆیەك

ئامادەکردنی: ئەمیر کۆیی
Amir_koy@yahoo.com

دەگێڕنـــەوە هەڵۆیـــەك لـــە یەكێك لـــە چیاكانـــدا دەژیا و هێلانەی لەســـەر چڵـــی دارێكـــی بـــەرز دروســـت كـــرد بوو،هێلانەی هەڵۆكە چوار هێلكەی تێدا بـــوو، دوای ڕوودانی زەمیـــن لەرزەیەكی تونـــد یەكێك لـــە هێلكەكانـــی هەڵۆكە كەوتەخـــوارەوە و تلبـــووەوە تاوەكو لەناو كولانەی مریشكێك گیرسایەوە،هەر بۆیە مریشـــكەكە وای هەســـت كرد پێوویستە لەســـەری هێلكەی هەڵۆكـــە بپارێزێت و ئاگاداری لێ بكات،بۆیە مریشـــكە پیرەكە خـــۆی تەرخان كرد بۆ ئـــاگاداری كردنی هێلكەكە هەتاوەكو هەڵی هێنا، ڕۆژێكیان هێلكەكەی هەڵا هێناو هەڵۆیەكی بچوكی جوانـــی لـــێ هاتـــە دەرەوە، بـــەڵام ئەم هەڵۆیە هەرلەســـەرەتاوە وا پەروەردەكرا كە ئەو مریشـــكە، هەتـــا وای لێهات وای دەزانـــی كە ئەو تەنها مریشـــكە و بەس، ڕۆژێكیان كە لە كولانەی مریشكەكە یاری دەكرد كۆمەڵێـــك هەڵۆی بینی بەبەرزی ئاسمان دەفرین، بۆیە ئەو هەڵۆیە ئاواتی دە خواســـت توانیبـــای ئەویش وەك ئەو هەڵۆیانـــە بە ئاســـماندا فڕی بایە، بەڵام بـــە پێكەنینێكی گاڵتە جاڕی یەوە لەلای مریشـــكەكان پێشـــوازی لێ كرا و پێیان ووت: تۆ تە نها مریشـــكێكی و ناتوانیت بە ئاسماندا بفڕیت وەك ئەو هە لۆیانە، بۆیـــە دوای ئەو جـــارە هەڵۆكە وازی لە خەوی فڕین بە ئاســـماندا هێنا،و ئازاری نائومێدی ڕوی تێكرد هەر بۆیە ژیانێكی درێژی بەسەر برد وەكو مریشك..!

سەرنج و تێبینی لەم سەرگوزشتەیە:

تۆ ئەگەر پاڵا بدەیتە ژیانی نەرێنیت دەبیتـــە كۆیلەی ئەو بیرو ڕایەی باوەڕت پـــێ یەتی،ئەگـــەر تۆ هەڵـــۆی و خەوی فڕیـــن دەبینیت و دەتەوێـــت بەبەرزی ئاســـماندا بفڕیت، شـــوێن خەونەكانت بكەوە و گوێ بە قسەی مریشكەكان مەدە (ئەوكەســـانەی چوار دەورت كە خەون و ئاواتەكانت نزم دەكەن!)

چونكە هێز و توانای بەدەســـتهێنانی ئەوەت تێدایە پاش ویستی خودا.

بۆیـــە بزانـــە تێڕوانینـــت بۆ خۆت و ئاواتەكانـــت ئـــەوا ســـەركەوتنت لـــە ژێركەوتن دیاری دەكەن!

بۆیـــە هەوڵبدە خۆت گران بكەیت، و ڕێزی خـــۆت بەرزبكەیتەوە لە بەرچاوی خۆت هەرئەوەش هۆكاری ســـەركەوتنتە، و هـــاوڕێ یەتی ئەوكەســـانەش بكە كە ورەت بەرز دەكەنەوە.

- هەندێ خەون و ئامانج قوربانی دەوێ
- خۆشبەخت ئەو کەسەیە کەدەگات بەو ئارەزووەی کە ڕۆژێ مەحاڵ بوە بۆی.
- هەوڵبە خۆت دوربگری لە وکەسانەی نا ئومێدن بەرامبەر خەونەکانیان
- بۆ پاراستنی نهێنیەکانی خۆت، دورکەوەرەوە لە نهێنیەکانی کەسانی دی
- چاوت پاك ڕابگرە لە بینینی عەیبی خەڵکی
- قوربانی دان بۆ هاوڕێکەت منەتی نیە، چونکە پیرۆز ترین وشەت پێ بەخشیوە(هاوڕێ)
- ئومێد واتە هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی خەون
- هەولٚی فڕین مەدە لە کاتێکا کەبێ باڵی
- کاتێك ئەمەوێت دەربارەت بنوسم وشەکانم زویر ئەبن هەرگیز ناتوانن وەسفی جوانیت بکەن.
- زۆرجار هەستەکەم ئیرەیی ئەبەم بەو کەسانەی کە بەتەواوەتی لە عیشق گەشتوون
- زۆر کەس بۆگەیشتن بەدەسەلآت درۆی زۆر گەورەتر لە دەسەلآت دەکەن
- هە رگیز هەوڵ مەدە بەکەسانی تر بمخوێنیتەوە، جونکە هەرکەسەو خاوەنی کەسایەتی خۆیەتی.
- هەرچی ئەکەی لەژیاندا وریابە نەکەی دلێك هەڵخەڵەتێنی.
- دورێکی نزیك، لە نزکێکی دووورباشترە بۆت.
- ئەو مرۆڤانەی کە نرخی بەرامبەرەکانیان نازانن، ئازار نەدراون بەتیری وشەکانیان.



## پشووی برەو

مژدە ــ لە ندە ن



# بریقەی دانایی!

ئەڵقەی یەکەم
کامران عبدالرحمن

مــرۆڤ پـێـش ئــەوەی لـەهـەوڵـی بـنـیـاتـنـانـی شـارسـتـانـیـەتـی مـاددی دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی دابێ پێویستە بەدوای پێناسەی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێ و وێڵی دۆزینەوەی حەقیقەت بێ، پێویستە ئەرك وئامانجە سەرەکیەکانی خۆی بزانێ و قۆناغی داهاتووی ژیانی خۆشی بخاتە پێش چاو و پێداویستی و تێشووی ئەوقۆناغە ئامادەبکات .پێویستە تێروانینێکی ڕوون و ئاشکراو پشت بەستوو بە عەقڵ و لۆژیك و ئەزموون و ژیان و دیاردەکانی دەوروبەری و تێکڕای گەردوون، دەبێ بەدوای سەرچاوەی بووندا بگەڕێ و تەفسیرێکی واقیعی و دروستی هەبێ بۆی، نەك بێباکانە خۆی بسپێرێتە دەست ئارەزووە بێ کۆتاییەکانی و تێکڕای تەمەنی لەوەلآمدانەوەی داخوازییەکانی جەستەدا بباتە سەر.

لەمێژووداناوی سەدان فەیلەسوف و بیرمەندی گەورە تۆمارکراوە لەوانەی هەموو تەمەنی خۆیان تەرخانکردووە بۆلێکۆڵینەوەو گەڕان بەدوای ڕاستەقینەدا، بۆگەیشتن بەقەناعەت و باوەڕێکی چەسپاو لەگەڵ پایە و ئاستی مرۆڤدا سەبارەت بەو مەسەلە چارەنووس و گرنگانەی تێکڕای مرۆڤ تیایاندا بەشدارە، هەریەکەیان بەپێی ئیمکانیەتی عەقڵی و زانستی خۆی بەئامانجێك گەیشتووە، هەرچەندە هیچ کام لەوانە نەیان توانیوە بڵێن ئەوەی ئێمە دەیڵێین هەقیقەتی ڕەها و بێ چەند و چوونە، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەوڵیان داوە لانی کەم بەشێك لەڕاستی یان دۆزیوەتەوە و بۆنەوەکانی دوای خۆیانیان جێهێشتووە تاپەرەی پێبدەن
... پێچەوانەی جەماوەر یەکێکە لەهەڵەکان، بەڵام بەمەرجێك کە ئەوجەماوەرە بەڕاستی جەماوەر بێت، ئەگەرنا هەڵە ئەوەیە کە هاوڕابن لەگەڵیاندا، وەك چۆن کە پێچەوانەیی کردنی بۆچوونی ئەندازیارەکان لەمافی نەخۆش دا بەهەڵە دانانرێت هەروەها وەرگرتنی بۆچوونی دکتۆرەکان لەحساباتی بنیات نان و داڕشتنی پڕۆژەکاندا بە هەڵە دانانرێت .

نەتوانایی، لاوازی و کەم هێزی نیە، چەندین لەکەسانی زۆر بەهێز و خاوەن توانا بەنەتوانا دەژمێردرێن لەبەرئەوەی سوودیان لێ وەرناگیرێت و سوودبەخش نین .ناتوانرێت ئەوتیشکە ڕووناکانە بەهۆی تاریکیەوە خامۆش بکرێن کەهەندێ کەس هەیانە و لەدەروونیاندایە، وەك چۆن ناکرێت زیادەڕۆیی لەوتیشکانەدا بکرێت بەهۆی تیشك گەڵێکی دیکەوە، ئەوسەرچاوە ڕووناکیە دەمێنێتەوە لەسنووری تەمەنی

سرووشتی ئەومرۆڤەدا، بەسەر ئەوانەشدا دەوروبەری خۆی ڕووناك دەكاتەوە .

ئەگەر عەقڵ خۆی بە ئیمان نەكێشێت و پێوانەی خۆی نەكات بەئیمان، جگەلەوەی ئامێرێكی وەرەس كەرە هیچی دیكە نیە.

ئەوكەسەی لەسنووری بینین و تەماشای ژیانیەوە كاردەكات سەرناكەوێت وەك و ئەوكەسەی بەپێی زانستەكەی كاردەكات، ئەوەی دیكەیان سەركەوتوو نابێت وەك ئەو كەسەی بەپێی شاعیرە ویژدانیەكەی كاردەكات.

هەژاری بریتی نیە لەبێ پارەیی و منداڵ و سامان بەتەنها بەڵكو ئەوكەسەش كەزانست و فكری نیە هەرهەژارە لەبەرئەوە ئەودەوڵەمەندانەش كە نەخاوەنی زانستن و نەخاوەنی فیكر و زیرەكین لەڕاستیدا ئەوانەش هەژارن.

هەندێك جار ڕوانین دەبێتە دەروازە و چاوبەردەوام دەبێتە دەروازەیەك بۆعەقڵ و عەقڵ دەبێتە دەروازەیەك بۆدونیا بینی بەچاوی دڵ دەبێتەدەروازەیەك بۆویژدانیش و ویژدانیش دەروازەیەكە بۆڕووح لەتەماشاكردن و بینین دا.مرۆڤایەتی لەدرەخت دەچێت و میللەتانیش لەپەل و پۆكەی دەچن، ڕووداوەكان لە گەردەلوول دەچن. بەهۆی بەیەكدا كێشانی پەل و پۆكانی هەندێكیان بەهەندێكی دیكەیاندا بەپێی توندییەكەی، ئاكامەكەش ئەوسروشتەیە بۆ ئەوكارە، ئەوەی كەتووشی زیانەكە دەبێت هەردرەختەكە خۆیەتی، لەبەرئەوەی چەندەڕاستە ئەوپەندە پرحیكمەتەی كەوتوویەتی " بەڕاقش كەباڵندەیەكی ڕەنگاوڕەنگە لەئۆبالی خۆیدایەتی كە شێت دەبێت".

ئەوانەی كەبانگەشەدەكەن بۆ سەفەر ڕووەو ئەودیوی ئاسۆكان هەمیشە ئەوانە هەڵدەبژێرن كەگرنگی دەدەن بەكاتی بەرەبەیان. شەوەكان گۆڕەپان گەڵێكی كراوەن بۆسوود و خۆش بەختی و گەشەی مرۆڤایەتی، ئای چەندەزۆرن ئەوبنەما و بۆچوونە بەرزو گرانبەهایانەی كەلەشەوە تاریكەكاندا ئامادەدەكرێن و پێشكەش دەكرێن لەپێناوی سوودی مرۆڤایەتی دا.

گەدەهەڵدەستێت بەدەركردنی ئەوخۆراكەی كەهەرس ناكرێت یاخوود سوودی لێ نابینرێت، پاشان فرێی دەداتە دەرەوە، ئەمەش وێنەی ئەوكارەیە كە مێژوو بەرامبەر ئەوكەسانە دەكات كەهیچ سوودێكیان نیە .

هەموو شتێكی زەرد ئاڵتوون نیە و هەموو بریقەیەك تیشك نیە و، هەموو خورەیەك ئاونیە.

ژەنگ دوژمنی ئاسنەو ڕەساس دوژمنی ( ئەڵماسە ) نەزانی و گەمژەیی دوژمنی ڕۆحە ئەگەر هەڵسا بەخراپكردنی ڕۆح .... ئەگەر ئەمرۆ نەیكات سبەینێ دەیكات.

هەموولافاوێك بریتیە لەچەند دڵۆپێكی بچووك لە ئاو كەهیچ یەكێك گرنگی پێ نادات، بەڵام ئەو دڵۆپە ئاوانە بەكۆبوونەوەیان دەبنە هێزێك كەبەرەنگاری ناكرێت ..... بونیادی كۆمەڵگا كراوەیە و داخراوەلەبەرچاودا بەردەوام وەك نموونەی ئەولافاوە وایە كەهەندێ جار چی دێتە ڕێگای وانەی كەدیانەوێت بینەڕێگر لەبەردەمیدا ڕای دەماڵن.

گەیاندنی زانست و حەقیقەت بەوكەسانەی كە تێروانینی كورتیان هەیە قورس و گرانە، وەك هەڵسوكەوت كردن لەگەڵ شێتەكانداوایە، لەگەڵ ئەوەدا پێویستەلەسەر سەربازەكان بەڕێنمایی كردن هەستن بەكاری خۆیان .

ترسناكترین بەڵائەوبەڵایەیە كە بە ڕووخساری پێكەنینەوە بەرەو ڕووت دێت . بڕوانە لەبەرئەوەی كەهەموو خەڵك ناتوانن دەرك بەو حەقیقەتە ڕوونە بكەن لەبەرئەوە وازهێنانی شێوازی داماڵین و پشتبەستنیان بەچاك نەزانی و گۆڕیان بەقسەی نەستەق و پەندو ئامۆژگاری كردن.

بەردەوام شكات دەكرا لەكات و شوێن، لەونێوانەدا نەزانین تاوانباری ڕاستەقینەبوون وزەمەن و قەدەر بێ گوناح بوون، بەڵام مرۆڤ زۆر سەرسەخت و گومراو نەزانە . نیشتمان دارستانە بەڵكو باخچەیە، لەبەرئەوە لێرەدا زۆر پێویستمان بە زیادكردنی درەختی میوە و گوڵ وگوڵزار هەیە لەوباخچەیەدا لەبەرئەوە مرۆڤ نازانێت چی بەوانە دەڵێت كە وازدەهێنن لەو گژوگیایە گەشەبكات لەو باخچەیەدا و باخچەكە داگیر بكات پاشان شكات لەقەدەر دەكەن.

چەند ڕێگای دەروشاوەو جوان هەیە كەڕازێندراوەتەوە بەگوڵە جوانەكان و گیای سەوز و پاراو، بەڵام مرۆڤ دەبات بەرەو بیابانێكی كوشندە و لەناوبەر، چەند ڕێگای سەخت و تەنگەبەرهەیە كەدڕك و داڵی زۆری تێدایە، بەڵام ئەوڕێگایە مرۆڤ دەبات بەرەو خاڵی بەیەك گەیشتنی صیرات لەگەڵ بەهەشتدا.

حیكمەتی ((مرۆڤ شاراوەیە لەژێر زمانیدا)) لەباشترین پەند و قسەنەستەقەكانە، چاكترین و باشترین پەندی تێدایە ئەو ووتەیە كەدەڵێت: (ئەگەر خاوەنت دەوێت ئەوا خودات بەسە، ئەگەر هاوڕێت دەوێت ئەوا قورئانت بەسە) خەڵك دەتوانێت درك بەدركەكان بكات، ودەرك كردن بابەتی دەرككردنە، بەڵام خەڵك ناتوانێ دەرك بەدەرك كەربكەن لەبەرئەوە دەرك كەر بریتی یە لەڕۆح و عەقڵ هۆكارێكە لەلای ڕۆح.

ئەوەی كە دەروانێت و دەبینێت ڕۆحەكەیە بەڵام چاوهۆكارەو بەس. ئەگەر جوڵە ئاكامی پاڵپێوەنانی عەقڵی یان سروشتی بوو ئەوە جوڵەیەكی ئاژەڵییە و ئەگەر جوڵە ئاكامی ئیرادە و ویژدان بوو ئەوەجووڵەیەكی ڕۆحی و مرۆڤانەیە.

نەبوونی شتێكی ترسناكە و، ( هیچ شتێ ) گۆڕەپانی بێ كۆتاییە و عەقڵ تیایدا سەرسام دەبێت، ئەگەر تەنانەت گەردیلەیەكیشمان دەست نەكەوت لەبووندا.

ئێستا وای لێهاتووە سیفەتی (دەمارگیری) دەدەن بەسەر مرۆڤی دینداردا، هەرچەندە (دەمارگیری) بریتی یە لەپابەندبوونێكی كوێرانە بەپووچیەوە و سووربوونە لەسەری، هەرچەندە سووربوون لەسەر حەق فەزیلەتە، وەئەم سووربوونە لەلای ئیماندار هەرگیز بە دەمارگیر ناژمێردرێت، هەموو فەلسەفەیەك كەپشت نەبەستێت بەفەیزی ئیلاهی

بەفکریکی تەزویر دەژمێردرێت.

فەلسەفەی ڕاستەقینە بریتی یە لە دژواریە فکری و ڕۆحیەکان کەئاکامی ئەو هەڵانە ئیلاهیەن بۆئەوەی مرۆڤـ ئارەزوومەند بکەن بۆداواکردنی واتایی.

فەلسەفەی ڕاستەقینە هیچ نیە جگەلەدژواریەکانی فیکرو رۆح لەرێگای رێنمایی کردنێ ڕووەو خودای باڵادەست بۆگەیشتنی مرۆڤـ بەدانایی.

## دانایی

دانایی نوورو ڕووناکی یەکە لەزانستەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و بڵاو دەبێتەوە تیشکەکانی خاوەنەکەی بەرزدەکاتەوە بەرەو ئارام گرتن و پایە بەرزی عەقڵ و ژیری ڕووناك دەکاتەوە گەشە بە نەفس و دەروون دەدات، هێمن کەرەوەی ڕۆحەو لە گومان دەیپارێزێ و دڵنیاییە بۆی لێرەدا مەشخەڵێکی ئیلاهی هەیە ڕێگا لەبەردەم عەقڵدا ڕووناك دەکاتەوە و ئاسۆی نوێی بۆدەکاتەوە، لەژێر تیشکی ئەو مەشخەڵەدا مرۆڤـ دەتوانێت ڕێگای سالێك لەماوەی یەك سەعاتتدا ببڕێت ..... ئەومەشخەڵەش بریتی یە لەفیکری کاری فیکر بریتی یە لەگەڕان بەدوای ڕاستی داو، سەرچاوەکانی عیبارەتن لەمەو هیبەی ئیلاهی لەتاقیگەی فیکردا گۆڕینی نمرەی ڕاستی و دروستی بۆ زۆرێك لەڕاستەکان تەواو دەبێت و لێرەدا ڕەسەنایەتی فیکر خۆی حەشارداوە.

فیکر واتا بیرکردنەوە، بەمانای ئیمان هێنان بە هەموو ئەوشتانە نایەت کەدێن بەدڵدا و مەترسی دروست دەکات لەسەر خەیاڵ و دڵ بەبێ کەشف کردن و ووردبینی، یاخود گەڕان بۆکەم و کورِی و هەڵەکانی کەسانی دیکەو و بەسەربردنی تەمەن لەڕەخنەکردنی کەسانی دیکەدا. بەڵکو هەوڵێکی پیرۆزە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، لەو ڕووە وە هێز و توانا لەژیری و دانایی و ئیلهامی ئیلاهی وەردەگرێت.

فیکر لەیەکێك لەماناکانی دا بریتییە لە گەشەی عەقڵ و ڕووناك کردنەوەی عەقڵ و خاڵی بوون لەفیکر مانای خاڵی بوون لە عەقڵ ناگەیەنێت، لەم نێوانەدا عەقڵ هەڵدەستێت بەخێرایی وەرگرتنی هەمووشتێك لەتیشکی خۆر و هەڵسەنگاندنی، فیکر وەرگرتنی کارەکان لەتاریکیدا بەچاك دەزانێت .بەڵێ فیکر و ڕۆح هەڵدەستێت بەگەورەترین چالاکی لەتاریکی دا.

دانایی یان فەلسەفەی ئیسلامی لەشێوەی ئەم بارودۆخەدا گەشەی کرد و پێگەیشت، لەهەر جێگا و شوێنێك کەفیکری ڕاست باو و بەربڵاوبووبێت لەوێ دانایی بن بەست کەورواست دەردەکەوێت و لەو شوێنانەی کەفیکری لارو گێر و ناتەواو بڵاوبووبێتەوە تیایدا فەلسەفەی خەڵەتێنەر دەردەکەوێت.

ئەگەر ناوی دانایی ماندا بەسەر فەلسەفەدا و چاومان داخست لەئاستی عەیبە و کەم و کورتیەکانی، ئەوکات دەکرێت کەناوی (حەکیم) بدەین بەسەر فەیلەسوفدا، ماناکەی دەبێتە (خۆش ویستنی دانایی) لەگرنگترین سەرچاوەکانی ئەوڕووناکیەی کە فیکری مرۆڤـ ڕزگار دەکات لەدڕندەیی و ڕۆحی مرۆڤـ پاك دەکاتەوە و ئەو مەشخەڵە دەبەخشێت بەویژدانی مرۆڤـ کەرێگای ڕووناك دەکاتەوە و پشتیوانی لێ دەکات بۆ ناسینی نهێنی بوون ئەوەش دانایی یان فەلسەفەی ئیسلامیە .

زانستەکان لە چوارچێوەی عەقڵدا دەسوڕێنەوە، بەڵام دانایی لەهەرێمی ڕۆحدا دەسوڕێتەوە، شتە مەعنەویەکانیش لەهەرێمی ڕۆحانی بووندا لەدایك دەبن و گەشە دەکەن و بازنەی عەقڵ و ڕۆح تێ دەپەڕێنێت.

کەواتە مەبەستی دانایی بریتیە لە ڕووناك کردنەوەی ئەوڕێگایەی کە گەیەنەری مرۆڤە بەخواو بەرۆح، ئەوڕووناككردنەوەیە هەندێ جار لەشوێنی کاریگەرەوە بۆکاریگەر دروست دەبێت و وەهەندێ جار لەکاریگەرەوە بۆ شوێنەوار دروست دەبێت.

ئەوکەسەی پرشنگی دانایی هەڵدەگرێت و لەدەستی دەگرێت دەتوانێت مرۆڤـ بگەیەنێتە پلەی سەلامەتی نیەت و هێزی بینین بەخێر و جوانی ڕەها لەهەردوو ڕێگاکەوە.

زانا ئەوکەسەنیە کەدەزانێت وبەس، بەڵکو زانا ئەوکەسەیە بەزانستەکەی هەست بەو شتانە دەکات کە لە ویژدانی دایە و، دانالەبەرامبەر زانادا وەکو هەڵوێستی زانا وایە لەبەرامبەر نەزانادا.

هەندێ جار زانا بەچاوی سەر دەروانێت بۆ ئەوجوانیانەی کەلە دەوروبەریدا بەبێ ئەوەی هەست بەتینوویەتی ئەوجوانیە بکات کەلەدڵی دایە، بەڵکو بەناشیرینیش دەیژمێرێت، بەڵام دانا لەبەرئەوەی بەڕاستی دەروانێت بۆئەودیوپەردەکان لەهەموو شتێکدا، ئەوودانایە بەرۆحی عیبادەتەوە شوێنی هەموو کارەکان و چالاکیە فیکرییەکان دەکەوێت.

مەرج نیە هەمووشتێك ناخۆشەویست و خراپ بێت یان ناشیرین بێت چونکە مندالەکان خۆشیان لە خوێندن و بیرکردنەوەو دەرزی و دەرمان نایەت بەڵام ئەوان حەزدەکەن یاری بەئاگر و ماربکەن، مرۆڤـ دەتوانێت بەوشێوەیە بڕوانێت بۆ عەقڵی زانست و عەقڵی دانایی و بەهەمان پێوەر تەماشای بکات.

بەڕاست زانینی دانایی بەهۆی عەقڵەوە تەواونابێت، بەڵکو بەشایەتی ڕۆح و ڕێزگرتنیەتی بەڵێ هیچ لەدانایی تێناگات جگە لەدانایی، بەڵام عەقڵ یان دوژمن یان هاورێیەکی نادڵسۆزییە هەندێ جار عەقڵ سەرسام نابێت بەدانایی ئەوێش بەهۆی نەتوانینی دەرك پێ کردنیەوە، چونکەبەڕاستی مەسەلەکانی دانایی زۆر ووردن تائەوپلەیەی کە ئەوعەقڵە بەرز و باڵا نەبووبێتەوە بەئیلهام، گرانەوسەختە، بەڵکو ئەستەمە بگاتە پلەی دانایی.

بۆیە ئەگەر عەقڵ بەشەسپیەکەی ناو چاوبێت ئەوا دانایی بەشەرەشەکەی چاوە .عەقڵ لەرێگای بەرکەوتنەوە دەرك بەشتەکان دەکات، بەڵام دانایی بەهۆی بینین بە چاو هەست بەشتەکان دەکات، ئەگەرچاوشتەکان لەپشت ڕوانینەوە ببینێ ئەوادانایی شتەکان بەتەلەسکۆپ دەبینێ.

لێرەدا دوو مەشخەڵ هەیە دەروازە تاریك و چەوێڵەکانی ژیان ڕووناك دەکەنەوە کەیەکێکیان عەقڵی سەلیمەو ئەوەی دیکەیان دانایی یە.



# هونەری ئەتەکێت

ئەڵقەی یەکەم

ئا: یاسین ئەحمەد زەنگەنە

پێشەکی:

– ئەتەکێت بریتییە لە هونەری (مامەڵەکردن، ڕەفتار، ڕەوشت، هەڵسوکەوت، ڕێزگرتنی خۆت و کەسانی دی، هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانی تردا، هونەری سیفاتە جوان وپەسەندەکان، هونەری هەڵسوکەوتی جوان و باڵای کۆمەڵایەتی......)

– موسا شربل دەڵێت: هەر کۆمەڵگایەك دابونەریتی خۆی هەیەو کاری پێ دەکات و بەشێوەیەکی ڕەمەکی و بێ تەکەلوف، ئەمەش لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

– کۆمەڵێك ڕەفتاری گشتی هەیە کە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان کاری پێ دەکەن هەموو مرۆڤێك دەتوانێت وەریبگرێت لە ڕێگای فێربونەوە.

وشەی ئەتەکێت وشەیەکی فەرەنسیە The ticket بەمانای (بلیت) دێت پەیوەندی بلیت بە ئەتەکێتەوە چییە؟

بۆ نمونە گەر بانگێشت بکرێیت بۆ مەراسیمێك لە هۆڵێك یان ئوتێلێکی دیاری کراو، چۆن هەڵسوکەوت دەکەیت، دەبینیت لە بلیتەکەدا زانیاری پێویست یاداشت کراوە سەبارەت بەو شوێنەو بۆئەوەی بە ئاسانی و بێ نیگەرانی بچیتە شوێنی مەبەست.

### چەمکی ئەتەکێت.

بریتییە لە کۆمەڵە ڕەفتار و هەڵسوکەوتێك، کارپێکردنی دەبێتە مایەی ڕێز لەخۆگرتن و ڕێزگرتنی بەرامبەر. هەرکەسێك ڕێز لەخۆی نەگرێت و بەهای بۆ دانەنیت بۆی نییە داوا لەکەسانی تر بکات ڕێزی لێ بگرێت و بەهای بۆ دابنێت

بەواتایەکی دی ئەتەکێت هاوکاریمان دەکات چۆن بەجوانی و ڕێکوپێکی و گونجاوی لەگەڵ یەکتردا ڕەفتار بکەین و ڕەچاوی ژینگەی کۆمەڵایەتیمان بکەین.

بۆ بایەخ بە ئەتەکێت بدرێت؟

– هەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتێك وێنەیەکی ناخی کەسەکە دەردەخات ، جا وێنەکە باش بێت یان خراپ .ئەتەکێت ئەتپارێزێت لە ڕەفتاری خراپ و نەشیاو لەهەر شوێن و جێگایەکدا بێت.

– چەمکی ئەتەکێت واتە ڕێزلەخۆگرتن و ڕێزگرتنی بەرامبەر و، بەچاکی و جوانی مامەڵەکردن لەگەڵیدا.

ئەم چەمکە چەمکێکی شکۆدارەو ناوەڕۆکێکی مرۆڤایەتی وشارستانێتی هەیە، دەکرێت بڵێین شارستانی تەنها خۆی لە کۆشك و ئۆتۆمبیل و ئامێر و کەرەستەی مۆدێرن، یان جوانی و ڕازاوەیی جلوبەرگ نابینێتەوە ، بەڵکو بە پلەی یەکەم شارستانی پێویستی بە مامەڵەکردنێکی مرۆڤانەی بەرزو شایستە هەیە.

– ئەتەکێتی نێودەوڵەتی لەهەر کۆمەڵگایەکدا مایەیی قبوڵ و ڕەزامەندییە، بەمەرجێك پێچەوانە نەبێت بە ئاین و دابونەریتی کۆمەڵگاکەوە.

هەر بنەمایەك لە بنەماکانی ئەتەکێت کە لەکۆمەڵگای ڕۆژئاوادا پەیڕەو دەکرێت، هەر کات پێچەوانە بوو بە ئاین و ڕەوشت و کلتوری کۆمەڵگا، دەتوانیت پێوەی پابەند نەبیت و ڕونکردنەوەی جوان و شیاو بدەیتە لایەنی بەرامبەر تا هەست بە ناخۆشی نەکات.

– گەر وردبینەوە لە ڕێساو بنەماکانی ئەتەکێت کەلە ئاستی جیهانیدا جێگای قبوڵە، دەبینین زۆربەی ئەوانە لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا لە ڕوانگەی قورئان و فەرمودەوە بایەخیان پێ دراوە و بونەتە بەشێك لە خوورەوشت و دابونەریتی مسوڵمان.

دەقە شەرعیەکانیش داوا لە مسولمانان دەکات کە پابەند بن بەو ڕەوشت و هەڵسوکەوت و دابونەریتانەوە.

وەك: سڵاو کردن، تەوقەکردن، گفتوگۆکردن، ڕێزگرتنی بەرامبەر، سەردان و پێشوازی و میوانداری، بەخشینی دیاری، ڕێزگرتنی کات، سەردانی نەخۆش، ئادابی خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ و ..... هتد.

ئەتەکێت پێداویستیەکە لە پێداویستیەکانی ژیان و هەر کەسێك بەچاکی و دروستی ڕەچاوی بکات و مامەڵەی لەگەڵدا بکات ئەوا ڕێزو شکۆو خۆشەویستی بۆ خۆی بەدەست دێنێت.

لەمیانەی زنجیرە باسەکەماندا ئاماژەیەکی کورت و خێرا بە سەردێڕی گرنگترین بوارەکانی ئەتەکێت دەدەین و خوازیارین مایەیی ڕەزامەندی خوێنەران

بێـت و لەژیانی ڕۆژانەمانـدا کاری پێ بکەین و بیکەینە بەشـێك لە نەریت و کلتوری ڕەسەن.

ئەتەکێتی گفتوگۆکردن یەکەم:

پیادەکردنی ڕەفتاری جوان و شایستە دەرەنجامـی ئەرێنی لـێ فەراهەم دێت، لەهەر هەڵوێست و کارێکدا بەتایبەت لە هونەری گفتوگۆکردندا.

بەسـەرنج و ئەزمـوون دەرکەوتوە ، ئاخاوتـن و گفتوگۆکـردن هونەرێکە لـە هونـەرە کۆمەڵایەتیـەکان ، بـە ڕەچاوکردنی بنەماکانـی ئەتەکێت لەم بـوارەدا دەگەیتـە دەرەنجامـی چاك و سەرنجی لایەنی بەرامبەر ڕادەکێشی.

لێرەدا ئاماژە بە سـەر دێڕی چەند خاڵ و تەوەرێکی گرنگ دەدەین سەبارەت بـە ئەتەکێتـی هونـەری گفتوگۆکردن بەمەبەسـتی سـود لێوەرگرتـن و کارپێکردنی لە ژیانی ڕۆژانەدا:

– لەکاتـی گفتوگۆکـردن لەگـەڵ کەسـانی تـردا، هەوڵ بـدە گوێگرێکی بـاش بیـت، سـەبارەت بـە ئاخاوتنی بەرامبەرەکەت و خۆت سـەرقاڵ مەکە بە بابەت و شتی لاوەکیەوە.

– وەڵامەکانـت گونجـاوو پوخـت بـن و، لە بابەتی سـەرەکی گفتوگۆکان دورمەکەوە ، تا بیر و هزرت نەپچڕێت بەم لاو بەولادا.

– گاڵتـەو سـوکایەتی بەئاخاوتـن و وتـەی بەرامبەر مەکـەو لە خۆتەوە نکۆڵی لێ مەکە.

– گەر بەرامبەرەکەت لە قسەکانی بـۆوە لەکاتـی گفتوگۆکاندا ، دەشـێت پرسیاری گونجاوی لێبکەیت تا بەردەوام بێت لەسەر گفتوگۆکان.

– بە گوێ شـل کردن و بایەخدان بە وتەکانی بەرامبەر، دەبێتە کەسـێکی بەڕێز و خۆشەویسـت لە نـاخ و دڵ و دەرونـی بەرامبەرەکەتـدا و، دودڵـی و دڵەڕاوکێی لێ دوور دەکەویتەوە.

– هـەوڵ بـدە بەسـتەڵەکی نێوان خـۆت و بەرامبەرەکـەت بتوێنیتـەوە، ئەویش بە ئاراستەکردنی هەواڵ پرسی و پرسیاری گونجاو، بەمەبەستی سەرنج ڕاکێشان و سۆز و خۆشەویستی.

– گەر لەگەڵ کەسـێکی سـەرکردەدا بویـت، متمانە بەخۆبونـت دەبێتە مایەیـی ئـەوەی کە لایەنـی بەرامبەر زیاتر ڕێزت لێ بگرێـت و گفتوگۆکانی لەگەڵتدا بەردەوام بێت.

– بەردەوام ڕاستگۆبە لە وتەکانتدا و خۆت بەدوور بگرە لە خۆهەڵکێشـان و بەهـەرەو توانـا و کەسـایەتی خۆت ، چونکە بەم شـێوەیە کەسـایەتیت لاواز دەبێت.

– دەست بە گفتوگۆکردن مەکە ، تا ئەو کاتەی کـە دڵنیا دەبیت کە لایەنی بەرامبەر ساز و ئامادەیە بۆ گوێگرتن.

– لـە کاتـی چاوپێکەوتنت لەگەڵ کەسـێکدا، پێویسـتە بڕوانیتە کەسەکە لەکاتی قسەکردنیدا بەڵام گەر تەماشای نەکەیـت ئـەوا خوێندنـەوەی خراپی دەبێـت، یـان بە کەسـێکی شـەرمنت دەزانێت، یان بەکەسێك کە بایەخی پێ نادەیت و، ئەمەش نیشـانەی بێ ڕێزی دەگەیەنێت.

– ناسـینی ئەو کەسەی کە لەگەڵی دادەنیشـی و گفتوگۆی لەگـەڵ دەکەی خاڵێکی گرنگە لە هونەری وتوێژکردندا.

– لەکاتـی گفتۆگۆکردنـدا قسـە بەلایەنـی بەرامبەر مەبـڕە تا کۆتایی بـە قسـەکانی دەهێنێت، چونکە قسـە پـێ بڕیـن ئاکارێکی ناشـیرینەو ئەوە دەردەخـات کـە تـۆ لەگفتوگۆکردنـدا سەرکەوتوو نیت.

– لەکاتی گفتوگۆکردندا بەدەنگێکی مام ناوەندو نەرم بدوێ ، پەنا بۆ قسەو باسی دروستکراو مەبە

– لەکاتی وتووێژدا بێ فیزو خاکی بەو، مۆڵەتی قسە کردن وەربگرە.

– بە شـێوەیەکی جوان سـوپاس و پێزانینی لایەنی بەرامبەر بکە.

– لەکاتی گفتوگۆکردندا بە هێمنی و هوشـیارانە گفتوگۆ بکەو، پشـت بە بەڵگەی زانسـتی و ڕۆشنبیری و ڕێسای دروست ببەستە ، خۆت بەدوور بگرە لە دەنگی بەرز و بۆڵە بۆڵ و بریندارکردنی بەرامبەر.

– لەکاتـی گفتوگۆکردنـدا خـۆت بـەدوور بگـرە لـەو پرسـیارانەی کە سروشـتی تایبەتـی و کەسـی هەیەو، لایەنی بەرامبەر نیگەران دەکات.

– کاتی زۆر بە قسـەکردن لەسـەر بابەتی سـادە بە فیرۆ مەدە ،کە جێگای بایەخی کەسانی تر نین.

گـەر گفتوگـۆکان لـەو بابەتانـە دەخولایـەوە کـە دوور بوو لەئاسـتی زانستی و ڕۆشنبیریت، ئەوا بە ئەدەبەوە بێ دەنگی هەڵبژێرەو هەوڵبدە بایەخی پـێ بـدە بەمەبەسـتی شـارەزایی و فێربوون.

– هـەر کات قسـەت بـۆ کۆمەڵـە کەسـێك دەکرد، ئـەوا بڕوانـە هەموو ئامادەبوان و ، ناکرێت تەرکیز بخەیەتە سـەر کەسێکی دیاری کراو و ئەوانی تر فەرامۆش بکەیت.

– لـە مەراسـیم و بۆنەکاندا چاك وایە قسـە لەگەڵ ئەو کەسـەدا بکەیت کەلە تەنیشتەوە دانیشتووە

– دوو هێندەی قسەکردن گوێ بگرە.

– خۆت بەدوور بگرە لە مشتومڕ و گفتوگۆی بێسـود، چاك بزانە باشترین ڕێگا بۆ بردنەوەی مشتومڕ، خۆبەدوور گرتنە لێیی.

– سۆز و عاتیفەی بەرامبەر ڕابگرەو وشـەکانت بە ئاگاییەوە هەڵبژێرە ، بۆ ئەوەی ببی بە قسەکەرێکی لێهاتوو، ئەوا ببە بە گوێگرێکی باش.

– گـەر دەتەوێ خەڵکی خۆشـحاڵ بـن پێت، ئـەوا ئەو قسـانەیان بۆ بکە کـە دەبێتە مایەیی خۆشـحاڵی و چێژ وەرگرتنیان.

– لە کاتی ئاخاوتندا خۆت بەدوور بگـرە لـە دوبـارە کردنەوە ، سـوێند خـواردن ، هێنانـەوەی بەڵگـەی لاواز، غەیبەت و دوو زمانی و .... هتد.

– وەڵامی پرسـیارێك مەدەرەوە کە ئاراستەی کەسانی تر کرابێت

– باوێشك مەدە لەکاتێکدا خەڵکانی تر قسەت بۆ دەکەن

– گفتوگـۆ لەگـەڵ کەسـانی گیرو کەلەڕەق و زۆربڵێ و دەم هەراش مەکە).

– با قسەکانت کەمو پوخت و بەڵگەدار بێت، وەك دەوترێت (خیر الکلام ما قل ودل)

– شێوازی قسەکردنت ڕەنگدانەوەی کەسایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەکەتە.

– بیـر کەرەوە لـەو وتانەی پێش ئەوەی لە زارت بێنە دەرەوە

– خۆت بخەرە شـوێنی کەسانی تر



# زۆری ڕێساو بنەماكان مایەیی زیانە

یاسین احمد زەنگەنە

ئایا بوونی ڕێساو بنەما و هێڵە سورەكان بە ڕاستی پێویستن؟! بۆ بەڕێوەبردنی ئەرك و كاروچالاكیەكان، لە هەندێك لە كۆمپانیا و دام و دەزگاكاندا بنەما و ڕێسایان بۆ هەموو شتێك داناوە، لە دانانی پشووی فەرمیەوە تا كاتەكانی بەكارهێنانی حەمام لە ڕۆژی كاردا.

هەندێك جار لە ئەنجامی كاردانەوە یان ڕودانی هەڵە و كەموكورتیەك دەست دەكرێت بە دانانی بنەما و ڕێسای كاركردن. هەندێك بەرگری لەوە دەكەن كە پێویستە بۆ هەموو شتەكان ڕێساو بنەمای زۆر هەبێت، بەڵام دەڵێین بوونی ئەندازایەكی دیاری كراوو پێویست لە بنەماكاندا ڕێساو بنەمادا كارێكی چاك و خوازراوە، ڕۆچوون لەمەدا بە زیان و دواكەوتن كۆتایی دێت، لێرەدا ئاماژە بە هەندێك لەو كۆسپ و كێشانە دەكەین كە بەهۆی بوونی زۆری ڕێساو بنەماكان دێنە ئاراوە:

١- جێبەجێ كردنی بنەماكان بەیەك شێواز بەسەر هەمواندا دەبێتە مایەیەی بێزاری هەندێك كەس، چونكە خەڵكی جیاوازن لەیەكترلەسروشت و پێكهاتەیان، بارودۆخی تایبەت و جیاوازیان هەیە، گەر ئەم بارودۆخ و تایبەتمەندییەكان فەرامۆش كران، ئەوا خەڵكی هەست دەكەن كەوا سوكایەتیان پێ كراوە و فەرامۆش كراون.

٢- زۆری ڕێساو بنەماكان كەشوهەوایەكی بەرتەسك بونەوە و بەستنە دێنێتە ئاراوە، ئەمەش وا دەكات فەرمانبەران و كارمەندان پشت بە توانا و لێهاتوویی تەدبیری خۆیان نەبەستن، لە بری ئەوەی چالاكانە بیربكەنەوە و كارلێك بكەن لەگەڵ هەڵوێست و بارودۆخەكانداو، مەترسیەكان لاببەن، دەبینیت پشت بەو بنەمایانە دەبەستن وەك ئارامگەیەكی گریمانەیی و خۆیان ماندوو ناكەن.

٣- گەر لە لیستی بنەماكاندا دەقێك نەبوو ئەوا هەموو كاروبارەكان لە بیر دەكرێن و هیچ شتێك ناكرێت .

٤- پشت بەستن بە كۆمەڵێك بنەمای كۆن و چەق بەستوو، داهێنانی فەرمانبەران زەوت دەكات و نایهێڵێت.

٥- ڕێساو بنەماكان بە سروشتی خۆیان یاساو بنەمای تری بە شوێندا دێت، ئەمەش قەبەیی لە دەزگای ئیداریدا دێنێتە ئاراوە، لە ماوەی دووردا دەبێتە مایەیی تێچوونێكی بەرز .

٦- زۆرجار ئەو شەپۆل و لافاوەی ڕێساو بنەماكان، كار دەكاتە سەر زەبوون بوونی كڕیارەكان چونكە كڕیار دەبێت هەموو ئەو بنەمایانە لێك باتەوە و پێوەی پابەند بێت، ئەمەش مەترسی ئەوەی هەیە ئەوانە بێتاقەتی ئەم كەشوهەوایە بن و ڕووبكەنە شوێنی تربۆكڕینی كاڵاو پێداویستیەكانیان.

٧- زۆری بنەماكان بە زمانی حاڵ دەڵێت متمانە بە فەرمانبەران و كارمەندان لاوازە.

٨- ئەو بنەمایانە كار دەكەنە سەر ئەو كەشوهەوایەی كە فەرمانبەران تێیدا كاردەكەن و كڕیارانیش لە سایەیدا كەلوپەل و پێداویستیەكانیان دەكڕن، بۆ نمونە هەر یەك لە ئێمە گەر ڕووی كردبێتە كۆمپانیایەك یان ماركێتێك لافیتەیەكی بینیبێ تێیدا نوسرابێت (دەست لێدان قەدەغەیە) یان بڵێت ئەو(شتانەی بە دەستەوە بشكێت دەبێت بەهاكەی بدەیت) ئەمانەش كاردەكەنە سەر هەست و نەستی كڕیار و لەو جۆرە شوێنانە دوور دەكەونەوە.

٩- بەڕێوەبەرەكان دەبنە ئەفسەری چاودێری بەردەوام و ڕێساوبنەماكان دەسەپێنن، بەڕێوەبەرەكان نقوم دەبن لە نێو گەران و پشكنین و دۆزینەوەی هەڵەكان وەكی بۆتە مایەیی ئەو هەڵانە، تا ئەندازەیەك وەزیفەی ڕابەرایەتییان لەدەست دەدەن، لە كۆتادا دەگۆڕێن بە سەرپەرشتیار بەسەر خەڵكیەوە، وەك ئەوەی ئەمان كەسانێكی پێگەیشتوو بن و ئەركی چاودێری منداڵانیان پێ سپێردرابێت.



# پەلە مەکە لە ژیان بەڵکو هەنگاوەکانت ڕێك بخە!

خەڵات صدیق

ئێمەی مرۆڤ پاش هاتنە دونیاو هەرلەسەرەتای هەست کردنمان بە شتەکان ولەگەڵ دەستپێکی تێکەڵ بوون بەژینگەو سروشتی تایبەتی و دیاری کراوی خۆمان و لەگەڵ سەرەتای کارلێکە کۆمەڵایەتی و دەرونی و ئابووری یەکان و دروست بوونی حەزوئارەزومان بۆ ژیان، و بەدیهێنانی خەون و ئامانجەکانمان لەڕوی (جەستەی و دەرونی) یەوە هەست بەوە دەکەین کە ئێمەش بونەوەرێکی زیند و چالاك و خاوەنی پێگەو کیانێکی تایبەت بە خۆمانین وە ك مرۆڤێك شانبەشانی مرۆڤەکانی دیکە. کەواتە لێرەوە بڕیار دەدەین و سوردەبین لەسەر ئەوەی کە دەبێت زیاتر پێگەکەمان پتەوتر بکەین و دەمانەوێت ئەو حەزوو ئارەزووە جۆربەجۆرانەی کە لە هەست و دەروون و جەستەماندا تێکڕا کۆبوونەتەوە بەزوویی لە واقعدا بەرجەستەیان بکەین و ژیان بەوجۆرە بەڕێ بکەین کەخۆمان دەمانەوێت، چونکە پێمان وایە ئەو حەزوو ئارەزوانەی کەلە ناخمانەوە سەرچاوە دەگرێت پێویستیان بە وەڵام دانەوە و تێرکردن هەیە بۆئەم مەبەستەش جۆرەها ڕێگەو شێواز دەگرینە بەرو زۆر بەپەلەین و دەمانەوێت زۆر بەزوویی بگەینە ئامانج ، بە بێ ئەوەی هیچ جۆرە هەڵسەنگاند نێك بۆ بابەت و هەل و مەرجە تایبەتی یەکانی ژیانمان بکەین ئەمە جگە لەوەی کەزۆرکات لە هەوڵ داین بۆ ئەوەی لەسەر بنەڕەتی بەرژەوەندی کەسانی

دەوروبەرمان حەزوو ئارەزووە تایبەتی و بەرژەوەندی یەکانی خۆمان بەدی بهێنین چونکە بەداخەوە ئەوەمان بیر چووە کەکاروانی ژیانی هەریەکێك لەئێمەی مرۆڤەکان بەگشتی و بەبێ جیاوازی (ئاین، رەگەز ،......هتد) بەوشێوەیە یە کەدەبێت هەریەکەمان کەدێتە دونیاوە لەخاڵی سەرەتاوە دەست پێ بکەین و هێمن و پشوو درێژبین و خۆڕاگر بین بەرامبەر ئەو ڕووداو هەل و مەرجە جۆربەجۆرانەی ژیان کەدێنە ڕێمان و دوا جار کەشکۆڵی ژیانمان تەواو دەکەن ، چونکە دەبێت ئەوڕاستییە بزانین و دانی پێدا بنێین کە پێویستە لەگەڵ چونە ناو ژیان بۆ خاڵی کۆتایی نەڕوانین بەڵکو دەبێت هەنگاو لەدوای هەنگاو بەوریاییەوە قۆناغە جیاجیاکانی ژیان ببڕین و لەهەر قۆناغێکی ژیان پەندێك وەربگرین، هاوکات بیکەینە ئەزموونێك بۆ داهاتوومان پاشان خۆمان بۆ قۆناغێکی دیکە ئامادە بکەین، هەروەك پلانی پێشوەخت و میکانیزمی سەرکەوتوو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ژیان و ئاستەنگە جۆراوجۆرەکانی دیاری بکەین تاژیان بەسەرجەم (هەورازو نشێوی) و (تفتی و تاڵییەکان)ی یەوە بە سەرکەوتوویی ببەینە سەر بۆ ئەوەی دوور بین لە هەرگرفتێکی جەستەی و دەروونی، ئەگەر بەو جۆرە ڕەفتارمان لەگەڵ ژین و ژیان کرد ئەوا بەختەوەر دەبین، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەگەر لەگەڵ دەستپێك کۆتاییمان ویست و بەبێ هەوڵ و تێکۆشان سوور بین لەسەر بەدیهێنانی ئامانجەکان ئەوا دەبێت لامان ئاشکراو ڕوون بێت کەئەو ئامانجانە لە خەونێك زیاتر نابن و هەرگیز لە واقعدا بەرجەستە نابن و بەردەوام لەجیاتی سەرکەوتن شکست دەبێتە بەشمان و بێهیوایی و داڕوخانی دەروونمان جێگەی ئاسودەیی و بەختەوەر بوون دەگرێتەوە.

کەواتە خۆشەویستان دەبێت جارێکی تر دیدگاو ڕوانینمان بۆ ژیان بگۆڕین بەوەی کەژیان بەشێوەیەکی سادەو ساکار تێنەپەڕێنین و تەنها چاومان نەبڕینە هەل و مەرج و بارودۆخە لەناکاوەکان تالە بەرژەوەندیماندا بەکاریان بهێنین، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژیان بۆ خۆی بریتییە لە هەوڵ و تێکۆشانی زۆرو پاشان چنینەوەی بەروبومی ئەو هەوڵانە قۆناغ بە قۆناغ و دواتر گەیشتن بە حەزوو ئامانجە خوازراوەکانمان، و دەبینین لەکۆتاییدا دەرئەنجامێکی پرشنگدار چاوەڕێمان دەکات کەئێمە خەونمان پێوە دەبینی، ئێمە ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم بابەتەوە نمونەیەك وەربگرین لەسەر چۆنێتی بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی سەروەت وسامان لەلایەن مرۆڤ وهەوڵی مرۆڤایەتی لەوبوارەدا، دەبینین هەمیشە بۆتە هۆی دروست بوونی کێشەو ململانێی گەورە و نانەوەی دوبەرەکی لەسەرئاستی تاکەکەس و بگرە لەسەرئاستی دەوڵەتانی دونیاش کە ئەمرۆ بەرەنجامەکەی دەبینین چونکە بەردەوام مرۆڤ دەیەوێت لەکەمترین کاتدا زۆرترین سامان کۆبکاتەوە، کورد وتەنی دەیەوێت (لەپرێك ببێتە کورێك) بەڵام ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لە واقعدا جۆرێکی دیکەیەو پێچەوانە بۆتەوە، چونکە بەپێی ی توێژینەوەیەك دەرکەوتووە کە (٪٩٧،٥) ی مرۆڤە خاوەن سەرمایە گەورەکانی دونیای ئەمڕۆ لە خاڵی (سفر) ەوە دەستیان پێ کردووە و لەبنەڕەتدا کەسانی هەژارو بێ سامان بوون، بێگومان سەرجەم بوارەکانی دیکەش هەربەوشێوەیەن، بەهەمان شێوە ئەگەر هەلۆیستەیەك بکەین و لەژیانی مرۆڤە سەرکەوتووەکان بڕوانین دەبینین هەموو ئەو مرۆڤانە قۆناغ بە قۆناغ و پاش ڕووبەڕووبونەوەی دژوارییەکان گەیشتونەتە ئامانجەکانیان و هەریەکە لەبوارەکەی خۆیدا هەنگاو بە هەنگاو گەشەی کردووە، کەسە ناودارەکان بڕوایان بەووتە یە هەیە کەدەڵێت (ڕێگای هەزاران میل لە هەنگاوێکەوە دەست پێ دەکات) بەگشتی خۆڕاگربوون بەرامبەر کێشەکانی ژیان، بەهەمان شێوە ئێمەش دەبێت بەچەندین ڕێگەو شێوازی جیا جیادا تێپەڕین لەبەرئەوەی ژیان بۆ هیچ مرۆڤێك ڕێساکانی خۆی ناگۆڕێت، بەڵکو ئەوە ئێمەی مرۆڤین دەبێت خۆمان لەگەڵ ڕێساو کۆت و بەندەکانی ژیاندا بگونجێین کەواتە لێرەوە پێکەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە دەبێت هەنگاوەکان ڕێك بخەین و بەپلەبەندی بەسەر پلیکانەی ژیاندا سەربکەوین ئەگەرنا پەلەکردن ئازارمان دەدات و جگە لە دواکەوتن لەکاروانی ژیان هیچ شتیکی ترمان پێ نابەخشێت.



# پەلەبکە لەگۆڕینی تێڕوانینت ؟!

دیار بکر

خوای پەروەردگار کاتێك بڕیاری دا کەلەسەرزەوی دا جێنشینێك بۆ خۆی دابنێ هەروەك لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرمویێت (إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً) لەپێش ناردنی جێنشینەکەی کە ئەویش مرۆڤە سەرجەم پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی بۆ ئامادە کرد، هەرلە پێداویستی هەناسەدانیەوە هەتاوەکو ڕازاندنەوەی ئاسمانەکان و زەوی و دەوروبەری بۆی، هەموو ئەمانەش کەخوای پەروەردگار ژێربار (مسخر) ی کردن بۆ مرۆڤ تەنها لە پێناو خودی مرۆڤ و ئاسودەبوونی دا بوو، هەروەك بۆ ئەوەی لەو تەمەنەی کە بۆی دیاری کراوە تەواوی پێداویستی یەکانی لەبەردەست دا بێت و بتوانێت بەردەوامی بە ژیانی بدات. کەواتە لێرەوە دڵنیا دەبین لەوەی کە مرۆڤ سەرجەم پێداویستییەکانی ژیانی ئامادەن وپێویست بە هیچ جۆرێك لە گومان وترس ناکات بۆ پەیداکردنی پێداویستی یەکانی.خوای گەورە بەهەر مرۆڤێك پشکی تایبەتی خۆی پێ بە خشیوە و بۆی دیاری کردووە لە ساتی هاتنە نێو دونیای تائەوساتەی دەگەڕێتەوە لای پەروەردگاری.

لێرەوە دەمەوێت بەرەو ناوەڕۆکی بابەتەکە هەنگاو هەڵبگرم کە ئەویش دیاردەیەکە زۆربەی مرۆڤەکان یاخود دەتوانین بڵێین زۆربەی مرۆڤەکانی کۆت کردووە ئەویش ڕوانینی مرۆڤەکانە بۆ ئەو هەل و مەرج و บارودۆخەی کە تیایدان، ئەو ڕوداوانەی کە چاوەڕێی دەکەن بەشێوەیەکی هەڵە، چونکە وەك لەسەرەتاوە ئاماژەم پێدا زۆربەی مرۆڤەکان بەشێوەیەکی سلبی (نێگەتیڤانە) بۆ داهاتوو دەڕوانن،

هەمیشە ترسێکی شاراوەیان لەناخیاندا دروست کردووە کە بەداخەوە هەمیشە ئەوترسە ئاراستەیان دەکات بەرەو شتەکان، نەوەك توانا لەبن نەهاتووەکانیان چونکە مرۆڤەکان ئەوەیان لەبیرکردووە کەخاوەنی گەورەترین توانای (جەستەیی و عەقڵین) لە بونەوەردا. خۆئەگەر تەنها کەمێکیش لەو توانایانە بەکاربهێنن دەتوانن ئەوەی دەیانەوێت و دەیخوازن لە ژیان بەئاسانی بەدەستی بهێنن، ئەمە گرەنتی سەرکەوتنیانە لە ژیاندا، ئەم ترس و تێروانین و پێشبینی کردنە (سلبی)یانە هەمیشەو بەردەوام وەك سێبەرێك لەگەڵ ناخی تاکەکاندا ئاوێتەیەو بەرێگرێکی سەرەکی دادەنرێت لەبەردەم ژیاندا بۆ گەیشتن بە ئاوات و ئامانجەکان. بەڵام لەڕاستیدا ئەم جۆرە بیرکردنەوانە تەواو هەڵەن چونکە جگە لە ئازاردانی دەرونی خودی کەسەکەو بردنی بەرەو هەڵدێر هیچ بنەمایەکی راستی یان نی یە، لەبەرئەوەی کاتێك مرۆڤێك هەنگاو دەنێت و بەترس و دڵەراوکێ دەست پێ دەکات، هەرلەسەرەتاوە بەتێرامانێك ئەوەی بۆ ئاشکرا دەبێت کەئەوەی ئەو پێشبینی دەکرد پێچەوانەکەی راستە بەواتایەکی دیکە کاتێك چاوەڕێ ی شکستی دەکرد تەنها بەکەمێك هەوڵ و تێکۆشان گۆڕدرا بۆ سەرکەوتن، کەواتە لەم ساتەدا دەگەینە ئەوەی کە راستی یەك هەیە لەژیاندا کە ئەویش بەرێسای ژیان دادەنرێت و (تحکم) بەژیانی مرۆڤەکانەوە دەکات بەگشتی، هەروەك کلیلی ئاسودەیی و گرەنتی سەرکەوتنە ئەویش (چۆنیەتی مامەڵە کردن لەگەڵ بابەت یاخود رووداو هەل و مەرجەکان لەلایەك و روانینێکی (پۆزەتیڤانە) (ئیجابی) بۆ بابەتەکە لەلایەکی دیکەوە خۆ ئەگەر بەم شێوەیەو بەپێ ی ئەم رێسایە بەرەو رووی ژیان برۆین بێگومان ژیانیش بەو شێوەیە پێشوازیمان لێ دەکات کە خۆمان دەمان ویست و چاوەڕێمان دەکرد بەپێچەوانەوە ئەگەر تەنها بەتێروانینی (نێگەتیڤانە) و بەبێ هیچ هەوڵ و کۆششێك شیکاری ڕووداوەکانی داهاتومان کرد ئەوا ناخمان بەردەوام بەرەو تاریکی و ڕەشبینی و شکست ئاراستەمان دەکات.

بەگشتی مرۆڤ لەکاتی گۆڕنکاری یەکانی ژیانیدا توشی دڵەراوکێ و ترس دەبێت هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کە مرۆڤ دەترسێت ئەوەی کە لەرابردوودا بەدەستی هێناوە لەدەستی بدات، ئەوانیش چەند هەل و مەرجێکی تایبەتن کە لەژیانیدا ڕوودەدەن، لێرەدا بەکورتی باس لەچەند گۆڕانکاری یەك دەکەین کەبەهۆیەوە هەڵوێستی نێگەتیڤانەی بۆدروست دەبێت:

- گۆڕان لە باری ئابووری دا : کاتێك هەندێکمان لەبارێکی ئابووری دیاری کراوەوە دەچێتە بارێکی دیکە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی (نێگەتیڤانە) دەڕوانیتە بارودۆخەکە و ترس و دڵەراوکێ یەك پارچە ژیانی دادە پۆشێت لەکاتێکدا ئەم جۆرە ڕووداو گۆڕانکاری یانە شتێکی ئاسایی یەو هەموو مرۆڤێکی پێدا تێپەڕ دەبێت.

- گۆڕان لە لەژیانی دیراسیدا: دوای ئەوەی مرۆڤ قۆناغێکی دیاری کراو دەبرێت دەبینین پێش ئەوەی بچێتە نێو دونیای قۆناغە نوێ یەکەیەوە ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی(نێگەتیڤ) سلبی بیر لەو قۆناغە دەکاتەوە و پێ ی وایە کەناتوانێت بەشێوەیەکی تەندروست لەگەڵ ئەم سروشتە نوێ یەدا هەڵبکات بەڵام دیسانەوە بۆچونەکان پێچەوانە دەبنەوە کاتێك دەبینێت پاش ماوەیەك زۆر بەئاسانی و بەشێوەیەکی زانستی و تەندروست لەگەڵ کاروانی ئەم ژیانە نوێ یەدا ڕێدەکات.

- گوران لەشوێنی نیشتە جێ بووندا: بێگومان ئەمەش لەژیانی هەریەکەماندا ڕوودەدات و ڕۆڵ و کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە بەوەی کە مرۆڤ لەگەڵ گۆڕینی شوێنەکەیدا توشی کۆمەڵێك دڵەڕاوکێ و گریمانەو جۆرێك لەفشاری دەروونی و ترس دەبێتەوە و سلبیات باڵ بەسەر هەستەکانیدا دەکێشێت، بەڵام پاش جێگیربوون دەبینین هەموو ئەوتەم ومژە خەیاڵاویانەی لەبەردەم خۆماندا دروستمان کردبوون بەزووی دەرەوێنەوە، هۆکاری سەرجەم ئەمانەش تێروانینی سلبی یانەی خودی ئێمەی مرۆڤە.

کەواتە دەمەوێت ئەوە بڵێم لەجیاتی ئەوەی ئێمە بەرلە پێشوازی داهاتوو بریاری هەڵەو پێشبینی شکست بکەین پێویستە لەسەرمان سەرەتا بەووردی تواناکانی خۆمان هەڵبسەنگێنین و دیراسەیەکی تێروتەسەلی بارودۆخەکان بکەین، پاشان بەپێ ی توانا (جەستەیی، عەقڵی، ئابووری، کۆمەڵایەتی) یەکانمان مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخەدا بکەین وهەوڵ بدەین خۆمان بگونجێنین لەگەڵ تەواوی هەورازوو نشێوی یەکانی ژیاندا کەبێگومان ئەمەش هەنگاوێکی تەندروستە بۆ چارەسەری ئەوکێشە جۆراوجۆرانەی کە دێنە رێگامان، لەهەمانکاتیشدا دەبێت پلانی تایبەتیمان هەبێت بۆ ڕوبەڕووبونەوەی بارودۆخە لەناکاو و نەخوازراوەکان، چونکە پاش گۆڕینی تێروانینمان لەڕەشبینی یەوە بۆ گەشبین بوون پلانی پێشوەخت هۆکارێکی زۆر پێویست و گرنگە بۆزیاتر خۆبەهێزکردن کاتێك بەرەو داهاتوو هەنگاو هەڵدەگرین.

لەکۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین گەشبین بوون جگە لەسەرکەوتن ئاسودەیمان پێ دەبەخشێت، بەڵام بەپێچەوانەوە ڕەشبین بوون یاخود تێروانینی (نێگەتیف) سلبی یانە بۆ شتەکات ژیان دەکاتە تاریکستان و بەردەوام بەرەو داڕووخان ئاراستەمان دەکات، هەروەك وتراویشە (پێبکەنە تاژیان بۆت پێبکەنێت) کەواتە تازووە بابیرکردنەوەمان بگۆڕین تاوەکوگەشبینی پێشەنگمان بێت.

# ئەزموون

ناکرێت
پەروەردگار عەقڵ
و ژیریەکمان
پێ ببەخشێت
لە هەمان
کاتدا شەریعەت
و یاسایەکی
پێچەوانەی ئەوەمان
بداتێ.



ابن رشد

رۆژئاواییەکان لە
ئێمە زیرەکتر نین،
بەڵام ئەوان هانی کەسە
شکستخواردووەکانیان دەدەن
تا سەرکەوێت، بەڵام ئێمە
دژایەتی سەرکەوتووەکان
دەکەین تا شکست بێنێ.



د. أحمد الزويل

گەر بینیت هەموو دژی
تۆن، رەنگەکان رەنگی تۆ
نین، هەموو بە پێچەوانەی
ئاراستەی تۆوە هەنگاو دەنێن،
دوو دڵ مەبە وبەدووی دڵتدا
برۆ، پابەند بە رێبازەکەتەوە،
لاواز مەبە بەرامبەریان، گەر
بە تەنهاش مایتەوە نیگەران
مەبە، بە تەنهایی باشترە
لەوەی بە پێچەوانەی خودی
خۆتەوە بژیت
تا کەسانی تر رازی بن.



جبران خليل جبران

ئەگەر کەسێك
هەستی کرد هەرگیز
لە ژیانیدا هەڵەی
نەکردووە، ئەوە مانای
وایە کە هیچ شتێکی
تازەی لە ژیاندا تاقی
نەکردۆتەوە.



ئەنشتاین

زۆربوونی ئەوانەی
ئیرەییت پێ دەبەن،
گەواهی دانیانە لەسەر
سەرکەوتنەکانت.



فیساگورس

ئەو ئاشوب و
فیتنانەی لە پشتی
پەردەی دینەوە خۆی
مەڵاس داوە، بازرگانیەکی
زۆر رەواجدارە لە
چاخی دواکەوتنی هزری
کۆمەڵگاکاندا.



إبن خلدون



کەس ناتوانێت
ئازادی و یەکسانی
و دادپەروەریت پێ
ببەخشێت، گەر
تۆ پیاوی خۆت
بۆ خۆتی بەدەست
بهێنە.

**مالکۆم أکس**



پشتی (بالیف) سەری دەوڵەمەند و
هەژار، گەورە و بچوك، پاسەوان ومیر،
دڕەندە و دیل، هەڵدەگرێت، بەڵام چێژ
لە خەوێکی خۆش و ئارام نابینێ جگە
لەوانەی ویژدانیان ئاسودەیە.

پایان

سەرنووسەر



# با ڕاوێژکردن سیمای ژیانمان بێت !!!

ڕاوێژکردن بە گرنگترین سیفات وسیمای کۆمەڵگایەکی باش و تەندروست و پێشکەوتوودادەنرێت، جاپێویستە ئەم پرسە لە بواری سیاسی و ئابوریی وکۆمەڵایەتی و لەسەر ئاستی تاکو کۆمەڵگا بەهەند وەرگرین و پەراوێزی نەخەین، چونکە زامنێکی باشی سەرکەوتنمانە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بایەخی تایبەتی پێداوەو وەك دروشم وبنەمایەکی گرنگ کاری پێکراوە، ئەوەتا پەروەردگاری کاربەجێ لەقورئانی پیرۆزدا فەرموویەتی (وشاورهم فی الامر) ( وأمرهم شوری بینهم) .ئەمەو سەراپای ژیانی پێغەمبەری ئازیز درووودوسڵاوی خوای لەسەربێت ڕاوێژکردنی بووە بەهاوەڵان، لەزۆرپرس وبۆنەدا وەك غەزای بەدرو ئوحود.....هتد .

جا پیادەکردن وبەکارهێنانی ڕۆشنبیری ڕاوێژکردن لەژیاندا بەتایبەتی لەنێو خێزان و خانەوادەدا دەبێتە مایەی تەبایی و گەیشتن و بەراستیەکان و دوورکەوتنەوە لەهەڵەو ناتەواوییەکان.

ژمارەیەك لەباوکان لەم بوارەدا هەڵسوکەوتی نەشیاو دەکەن و ڕاوێژبەئەندامانی خانەوادەکانیان ناکەن تەنانەت لەزۆرپرسی گرنگو چارەنووسسازی خێزانداوەك هاوسەرگیری و پرسی تری وەك درووستکردنی خانوو، فرۆشتن ..... هتد.

ئەمەوزۆرخێزان توشی شکست وگرفتی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەبنەوە بەهۆی نەکردنی گفتوگۆ وراوێژ لەگەڵ یەکدیدا.

لەم جۆرە خێزانانەدا باوکان تاکرەون و چوون دیکتاتۆروان، مامەڵەی ئەوجۆرە باوکانە یان ئەو دایبابانە ئاکامی خراپی لەسەر نەوەکان دەبێت، نەوەی شێواوو ئالۆزو لەرزۆك بەرهەم دێنن. تاوای لێ دێت بایەخەکانی کورو کچ زۆرجارتەنها خۆی لەقوتاربوون لەوواقیعە ئاڵۆزەدا خۆی دەبینێتەوە. بۆنموونە دەبینی کچە هەرکەسێك بێتە خوازبێنی گەرشیاویش نەبێت پێی ڕازی دەبێت، هەر بۆئەوەی رزگاری بێت لەدیکتاتۆرییەتی ئەو باوکە.

ئەوجۆرە پیاوانە بەهەڵە تێگەیشتوون وادەزانن بە ڕاوێژکردنی خێزانی لەبەهاو پایەیان کەم دەبێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە بەراوێژکردنێکی تەندرووست لەبەرچاوی منداڵەکانیان بەرێزترو خۆشەویستتروشکۆدارتردەبن.

ئەو سودانەی لەراوێژکردنی خێزانیەوە بەدی دێت زۆرن وەك :

١- پابەند بوون بەپەیام و بەرنامەی خواوە.

٢- توانای گفتوگۆکردن و قبوڵکردنی یەکتری: هەندێك لەکوڕان و کچان وژنان کاتێك کاتێك لەجێگایەك دادەنیشن ناتوانن راوبۆچوونەکانیان بخەنە روو، یان قبوڵی رای بەرامبەر بکەن ،چونکە لەخانەوادەکەیاندا فێری ئەمە نەبوونە، ئەمەش مەترسی دارە لەسەرنەوەکان .

٣- ڕاوێژکردن پرۆسەی بیرکردنەوە بەهێز دەکات، چونکە کاتێك پرسیار ئاراستەی کەسێك دەکرێت سەبارەت بەمەسەلەیەکی دیاریکراو ئەوکات کەسەکە هەموو داوەکان کۆدەکاتەوە تاچارەسەرییەکی باشی پێ بچنێت رەنگە چارەسەرێکی ناوازەش بێت .

٤- دوورکەوتنەوە لەهەڵە.

٥- گەرهەڵە روویدا دوای ڕاوێژو پرسکردن ئەوا هەموو بەرگەی دەرەنجامەکانی دەگرن، کەس کەس بەکەم تەرخەم لەقەڵەم نادات.

٦- گەیشتن بە بڕیاری ڕاست و درووست.